## پێش دەستپێک

پێش ئەوەی بێینە سـەر بایەخی گرنگی هەمواركردنی یاسای باری كەسـێتی، بە پێویسـتی دەزانین ئاماژە بەوە بكەین كە یاسای باری كەسێتی، تایبەتە بەرێكخستنی هەموو خێزان و تاكەكانی نەك تەنها ئافرەت، هەروەها ئەم یاسـا گرنگە بە تەنها یاسـای قەدەغەكردن یـان ڕێگەپێدانی فرەژنی نییە، بەداخەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بەشـێكی بەرچاوی میدیاكانی كوردسـتان ئەم یاسا گرنگەیان وەك یاسـای فرەژنی خسـتە بەردەم ڕای گشتی و بەدەیـان چاوپێكەوتن و وتار و بیروبۆچوونیش بڵاوكرایەوە كە تەنها یاسـاكەیان لە فرەژنیدا بچووك كردبۆوە، هەربۆیە گوڵان دەخوازێـت بە خوێنەرانی خۆی



# یاسای باری کەسێت

## پەسەندکردنی پرۆژەی هەم

## هەنگاوێکی سەردەق شکێنی دیک

بڵێت، بەدواداچوونی گوڵان بــەدوادا چوونێکی هەمەلایەنەی سەرتاپاگیرە و خۆی نەخزاندۆتە ئەو چوارچێوەیەی بەرگری لە قەدەغەکردن یان سنورداركردنی فرەژنی كات، بە پێچەوانەوە ئەم بەدواداچوونە مەسەلەی فرەژنی وەك چەند برگەیەك لە تەنها ماددەیەكی یاسایەك سەیر دەكات

كە دەیان مادەی دیكەشـــی لە خۆیگرتووە، هەروەها مەسەلەی دیاردەی فرەژنیش بەو جۆرە ســەیر ناكات كە گەیشــتۆتە ئەو ئاستەی هەندێك لە ئافرەتان و ژنان لەبەر ئینتمایی ئایدۆلۆژیان بەرگـــری لە فرەژنی دەكەن و هەندێـــك لە پیاوانیش كە دژی ســنورداركردنی رادەوەســـتن و دەنگ بۆ قەدەغەكردنی دەبەن، هەر خۆیان پیرۆزباییان لەو هاوڕێ بەرپرسانەیان كــردووە كــە ژنی دووەمی بەسەر هاوسەر و



# ـی تەنـها فرەژنی نییە

## ـوارکردنی یاسای باری کەسێتی
## ـەی هەرێمی کوردستانە لە عێراقدا

هاوڕێی ڕۆژانی سەخت ودەربەدەری هێناوە .
کەواتـــە ئێمە لێـــرەدا نامانەوێـــت جارێکی دیکە مەســـەلەی ئافـــرەت کە بەردی بناخەی پێشـــکەوتن و کۆمەڵگایە بکرێتە کارتێکی موزایەدە بەدەســـت ئـــەم ئایدۆلۆژیـــەت یان چەند بیروبۆچونێکی تایبەتیەوە، بۆیە گرنگە ئەم مەســـەلە گرنگە وەك خـــۆی هەڵبســـەنگێنرێت و پێـــش ئەوەی بچینە ســـەر تەوەرەکانـــی ڕاپۆرتەکە دەمانەوێت ئـــەوە بەخوینەرانی خۆمان بڵێین، مەســـەلەی قەدەغەکردنی فرەژنی یان ســـنوردارکردنی یان ڕێگەپێدانی تەواوی ئەم دیاردە ناشارســـتانییە، نە لە دوور نە لە نزیـــك پێچەوانەی دەقەکانی قورئانـــی پیرۆز نییە، کە ئەمەش دەڵێن هەوا لە خۆمانـــەوە ناڵێین و لەم ڕاپۆرتەدا بەڕێز د.محەمـــەد گەزنەیی بە دەقی قورئانـــی پیرۆز ئەم هەقیقەتە دەســـەلمێنێت، لێرەدا مەبەســـتمان ئەوەیە، ئەگـــەر حکومەت و پەرلەمانی کوردســـتان بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردســـتانی بزانن یان دوای ئەنجامدانی ئامار و دیراســـەتی پێویست بۆی دەرکەوت کە ئەم دیاردەیە بە جۆرێك لە کۆمەڵگەی ئێمە بڵاوە کە کاریگەری زۆر خراپی لەسەر کۆمەڵگە دروستکردووە، ئەوا لە پێناوی بەرژەوەندی گشـــتی ئەتوانن بریار بدەن و ڕایبگرن، یان بە جۆرێك ســـنورداری بکەن کە ئەو کاریگەریە خراپانەی هەیەتی نەهێڵرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مەسەلەی هێنانی ژنی دووەم بە لۆژیکی ئایینی ئیسلام نە واجبە نە سوننەتە بەڵکو بە کۆمەڵێك مەرج موباحە ( واتە ڕێگە پێدراوە) کەواتە دەسەڵاتی وڵات دەتوانێت بەپێی هەلومەرجی بابەتی و بەرژەوەندی گشتی ڕێگەی پێبدات یان سنورداری بکات تەنانەتە قەدەغەشی بکات و ئەمـــەش نە دژی ئایینە و نـــە دژی هیچ ئایدۆلۆژیەتێکە، هەر بۆیە لە قاڵبدانی ئەم مەســـەلە گرنگە و تەفســـیرکردنی بەپێی بەرژەوەندنی حزبایەتی مەسەلەکە ئالۆز دەکات، یان وەك یەکێك لە خانمە پەرلەمانتارەکان دەڵێت من لە دژی فرە ژنیم و قبوڵیشـــم نییە مێردەکەم ژنم بەسەر بهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەندام پەرلەمانی ســـەر بە پارتێکی ئیســـلامیم و پارتەکەشم لەگەڵ ئەوەیە دەنگ بـــەدژی قەدەغەکردنی فرە ژنی بدرێت بۆیـــە منیش دەنگم بـــە دژی قەدەغەکردنی فرەژنی داوە، یان خانمێکی دیکـــەی پەرلەمانتار دەڵێت چـــۆن دەبێت پارتەکەم ئەندامی سوسیال ئەنتەرناسیونال بێت و دژایەتی فرەژنی نەکەم، ســـەیرکەن ئەم دووخانمە بەڕێزە کە نوێنەرایەتی ئافرەت دەکەن لە پەرلەمانی کوردســـتاندا ئافرەت و مافەکانی دەکەنە کارتی موزایەدەی حزبایەتی نەك داکۆکیکردن لە ئافرەتان، لە کاتێکدا ئەگەر واقیعیانەتر ســـەیری مەســـەلەکە بکەین نە سۆســـیال ئەنتەرناسیونال و نە ئیســـلامیش پەیوەندیان بەم جەدەلەوە نییە و ئەوەی مەســـەلەی سەرەکی و گەوهەریە خۆمان وەك گەلی کوردستان چۆن ئازادییەکان و مافی تاك ڕێکدەخەین، حکومەت و پەرلەمانـــی کوردســـتان کاتێك هەنگاو بـــۆ هەموارکردنی یاســـاکان هەڵدەگرێت و ئازادی تاك لە کوردستاندا ڕێکدەخات، گوشاری ئەوەی لەســـەر نییە ئەگەر ئەم هەنگاوە هەڵنەگرێت لە یەکێتی ئەوروپا وەرناگیرێت (وەك هەندێك هەنگاو کە تورکیا بە ناچـــاری هەڵیدەگرێت) هەروەها لە گوشـــاری دەوڵەتانی ئیسلامیش ناترســـێت ئەگەر یاسایەك هەموار بکات، ئیدی لە سندوقی زەکاتی دەوڵەتانی کەنداوەوە یارمەتیمان لێدەبڕن، بەڵکو هەنگاوەکانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بۆ ڕێکخستەوەی ژیانی تاك و کۆمەڵی کوردستانە و پێویستیش نییە موزایەدەی سیاسیی بەسەر دەسکەوتەکانەوە بکرێت و یاسای باری کەسێتیش لەوە گەورەترە تەنها لـــە بڕگەیەکدا بچووکبکرێتەوە کە ئەویش بڕگەی قەدەغەکردن یان سنوردارکردنی فرەژنییە و، دوبارەشی دەکەینەوە ڕاســـتە فرەژنی بەپێی دەقی قورئانی پیرۆز موباح و ڕێگـــە پێدراوە، بەڵام هەر دەقی قورئـــان ئەم ڕێگە پێدانەی بە بەرژەوەندی گشـــتیەوە بەستۆتەوە و مافی دەسەڵاتی شەڕعی وڵات داوە لە کاتێکدا ئەم دیاردەیە زیانی بۆ بەرژەوەندی گشتی هەبوو ڕایبگرێت و لە کاتێکیشدا بەرژەوەندی گشتی پێویستی پێی بوو دەتوانێت بیکاتەوە، ئەمەش بۆئەوەیە هەموو لەو ڕاستیە تێبگەین کە ڕێکخســـتنی کۆمەڵگە بەپێی بەرژەوەندی گشتی نە دژی ئاینە و نە دژی مافەکانی ئافرەتیشە و پەسەندکردنی پرۆژەی هەموارکردنی باری کەسێتیش کە بە ڕادەیەك فرەژنی ســـنوردارکردوە (کە دەتوانین بڵیـــن قەدەغەکراوە) ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی و قبوڵکردنییەتی بەپێی دابونەریت و پێشـــکەوتنی کوردســـتان، ســـەرکەوتنە بۆ هەموو لایەك و دەبێت ئافرەتان و ژنانی کوردستان پێش ئەوەی ئەم هەنگاوە بەسەرکەوتنی خۆیان بزانن، شانازی بەوە بکەن کە دەسەڵاتی سیاسیی و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردســـتان گەیشتۆتە ئاستێك کە ئایندەی پێشـــکەوتن وپەرەپێدانی کوردســـتان لە دابینکردنی مافەکانی ئافرەتـــدا دەبینێتەوە و ئـــەوە جێگەی شـــانازییە بۆ هەرێمی کوردستان کە ئافرەتانی عێراق داوا لە پەرلەمانی عێراق دەکەن مافی ئافرەتانی کوردســـتانیان بۆ دابین بکات و یاسای باری کەسێتی لە عێراقیشدا بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێت.

بەدواداچوونی گوڵان بەدوادا چوونێکی هەمەلایەنەی سەرتاپاگیرە و خۆی نەخزاندۆتە ئەو چوارچێوەیەی بەرگری لە قەدەغەکردن یان سنوردارکردنی فرەژنی کات، بە پێچەوانەوە ئەم بەدواداچوونە مەسەلەی فرەژنی وەک چەند برگەیەک لە تەنها ماددەیەکی یاسایەک سەیر دەکات کە دەیان مادەی دیکەشی لە خۆیگرتووە

## گرنگی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩

• هەموارکردنی یاســـای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩، یەکێکە لەو یاسا هەستیارانەی ماوەی ٥٠ ساڵە کاری تێدا دەکرێت و هەموار دەکرێت، ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا چەندین لایەنی گرنگ و ئیجابی بۆ ڕێکخستنی خێزان و مافی ئافرەت و ژنانی کۆمەڵگەی عێراقی لە خۆی گرتووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣ەوە کە بەعسییەکان هاتوونە سەر حوکم هەتا ساڵی ٢٠٠٣ چەندین جار بۆ مەبەســـتی سیاســـیی و ئایدۆلۆژیەتی حزبی بەعس بۆ دژایەتی هێزە شۆڕشـــگێرەکانی عێراق دەســـتکاری کـــراوە و هەموار کراوە، زۆربەی ئەو دەســـتکاریانەش نەك هەر دژی بنەماکانـــی مافی مرۆڤ بـــوون بەڵکو هیچ ئاینێکی ئاسمانیش ڕێگەی پێنەداوە، هەربۆنموونە:

١. یەکەم هەموارکردن ئەم یاســـایە لە ساڵی ١٩٦٣ و لە هاتنە دەسەڵاتی بەعس دەستی پێکرد، ئەویش بە هەموارکردنی مافی یەکسانی ژن و پیاو لە میراتدا.

٢. ئەم یاســـایە لە هەشتاکان و لەسەردەمی شەری سەپێنراوی ڕژێمی بەعس بەســـەر ئێراندا، بەوجۆرە دەستکاری کرا، ئەگەر

یەکێك لە خزمەتی سەربازی دوابکەوێت ژنەکەی بۆی هەیە داوای تەڵاق بکات و لێی جیاببێتەوە.

٣. یان ئەگەر مێردەکەی لە چالاکییەکی سیاسیی بەشدار بکات دژی سیاسەتی رژێمی بەعس بێت، ئەوا ژنەکەی مافی هەیە داوای تەڵاق بکات و لێی جیابێتەوە و زۆر ئافرەتیشیان بە تەڵاقدان دا بەبێ ئەوەی خۆی رەزامەندی لەسەر بێت.

٤. ئەگەر پیاوەکە چوبێتە دەرەوە و لەترسی رژێمی پێشوو وڵاتی بەجێهێشبوو.

٥. بواری هێنانی ژنی دووەمی ئاسانکرد، ئەمەش بە هێنانەوەی ژنی ئەو سەرباز و ئەفسەرانەی لەبەرەکانی شەڕدا سەدام بە کوشتی دەدا .

• لایەنێکی دیکەی گرنگی پڕۆژەی هەموارکردنی ئەم یاسایە، موناقەشە و باسکردنی ئاشکرای ئەم مەسەلە هەستیارە بوو لە ناو پەرلەمانی کوردستان و گواستنەوەی ئەو موناقەشانە بوو راستەوخۆ لەلایەن کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، راستە هەندێك کاردانەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە هاتە ئاراوە، بەڵام لەچاو ئەو راشکاویە و ئەو فرە رەنگیەی ناو پەرلەمانی کوردستان هەر دیاردەیەکی زۆر ئاسایی و پێشکەوتوو و تەندروست بوو، لێرەدا جێگەی خۆیەتی شانازی بەو ئەتمۆسفیرە دیموکراتییە بکەین کە ئەم پرۆژە هەستیارەی بە گیانێکی دیموکراتیانە تیایدا پەسەندکرا .

• ئەم یاسا گرنگە تەنها سنوردارکردنی فرە ژنی یان قەدەغەکردنی نییە، هەروەها یاسای فرەژنی نییە وەك لەرادەبەدەر تەنها بایەخ بەم لایەنەی دەدرێت، بەڵکو ئەم مەسەلەیە تەنها چەند بڕگەیەکە لە یەك مادەی ئەم یاسایە کە لە ٩٤ مادە پێکهاتووە، هەربۆیە زۆر گرنگە ئەم بەدواداچوونەی گوڵان وەك لایەنگیری بۆ سنوردارکردنی فرەژنی یان قەدەغەکردنی نەخوێنرێتەوە، بەڵکو ئەم بەدواداچوونە بۆ هەڵسەنگاندێکی واقیعیانەیە لەسەر ئەو هەنگاوە گەورەیەی کە حکومەتی کوردستان بەسەرپەرشتی کردنی لیژنەی هەموارکردنی یاساکە و پەسەندکردنی پرۆژەکە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کە لە هەرێمی کوردستان هەڵیان گرتووە، بخوێنرێتەوە.

• پەسەندکردنی پڕۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی، سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئاستی هۆشیاری ئافرەت و ژنانی کوردستان و رەنگدانەوەی کرانەوەی ئەقڵی پیاوە بۆ پشتگیری مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و ئازادی رادەربڕین و ئازادی تاك لە هەرێمی کوردستانە.

• ئەو رێکخستنەی لەم هەموارکردنەدا بۆ مافی تاك بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی لەیاسای باری کەسێتیدا ئەنجامدراوە، بە هێشتنەوەی فرەژنی سنوردرا (کە زۆر نزیکە لە قەدەغە کردنەوە)، سەرکەوتنێکی بێوێنەیە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامییەوە بە هەردوو دەوڵەتی تورکیا و تونسیشەوە، لەبەر ئەوەی لە تورکیا کە بەیاسا فرەژنی قەدەغەکردووە، تەنها هۆکار ئەوەیە مۆرکی رۆژهەڵاتی لە خۆی بکاتەوە و بە رۆژئاوا بڵێت من رۆژئاوانیم، ئەمە بێجگە لەوەی رێگە نادرێت پارتێك هەبێت لە تورکیادا کە ناوەکەی ئیسلامی پێوەبێت، لە تونسیش کە وەك کوردستان سنوردارکراوە، ئەوانیش بەپێی دەستور رێگە نادەن پارتێك هەبێت ئیسلامی پێوەبێت، بەڵام لە کوردستان بێجگە لەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەئاشکرا رایگەیاند قبوڵناکەین هیچ برگەیەکی دژی شەریعەت و ئاینی پیرۆزی ئیسلام بێت و جگە لەوەی یاساکانی کوردستان پارتی ئیسلامی قەدەغە نەکردووە، توانی سەرکەوتوانە ئەم یاسا هەستیارە هەموار بکات کە نە مافی ئافرەت پێشێل دەکات و نەدژی دەقەکانی قورئانی پیرۆزیشە .

• ئەو لیژنەیەی بۆ هەموارکردنی ئەم یاسایە دانرابوو، دیسان لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لیژنەیەکی نمونەیی بووە، لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەی کە لە کۆی ١٠ ئەندام ٥یان ئافرەت بوون، دوو زانای ئاینیش لە لیژنەکەدا بوون بۆ ئەوەی هەم هەموارکردنەکە دژی دەقەکانی قورئان نەبێت، هەمیش تەفسیری لابەلا بۆ دەقەکانی قورئان نەکرێت، یان خۆمان نەبەستینەوە بە تەنها مەزهەبێکەوە کە رووبەرووی دەرگای داخراومان بکاتەوە، هەربۆیە دوای پەسەندکردنی ئەم پرۆژەیە لە پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند، هەرکەسێك پێی وایە ئەم هەموارکردنە دژی دەقەکانی قورئانە دەبێت بە بەڵگە بیسەلمێنێت، هیچ بەڵگەیەکیش لە دەرەوەی دەقەکانی قورئان وەرناگرین .

• ئەم یاسایە هەموو بوارەکانی رێکخستنی خێزان دەگرێتەوە و لە هەموو بوارەکانیشدا بۆ نموونە:

١. ئەم یاسا هەموارکراوە رێگە لە پیادەکردنی توندووتیژی دژی ئافرەت دەگرێت و ئافرەت ئەو مافەی هەیە بەپێی ئەم یاسا تازەیە بەرگری لە خۆی بکات .

٢. لەم یاسا تازەیەدا (طلاق الفار) بۆ بێبەشکردنی ژن لە میرات نەماوە، راستە تەڵاقەکە دەکەوێت بەڵام ژنەکە لە میرات بێبەش نابێت .

٣. لەم یاسایەدا کوڕ و کچ لە میراتدا یەکسان کراون، ئەم یەکسانکردنەش دژی دەقی ئەو ئایەتە نییە کە دەفەرموێت: ( بەشی نێر هێندەی دووبەشی مێینەیە)، ئەم یاسایە رێگە بەوە دەدات کە باوك یان دایك لە یەك لەسەرسێی ئەو موڵك ومالەی هەیەتی وەسیەت بکات و ئەو ناهاوسەنگیە راست بکاتەوە .

٤. ئەم یاسایە رێگە لە بەشوودانی منداڵ دەگرێت، واتە ئاستی شوکردنی کچی بەرزکردۆتەوە بۆ ١٦ ساڵ .

٥. بەپێی ئەم یاسایە کچیش وەك کوڕ لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا مافی قسەکردنی هەیە، کەپێشتر وا باوباوە بۆکچ بێدەنگی نیشانەی رازیبوونی بووە، بەڵام بەپێی ئەم یاسایە قسەکردنی بەڵگەی رازیبونییەتی.

٦. بەپێی ئەم یاسایە ئافرەت لەبری خوێن بۆ پێکهاتنەوەی عەشائیری قەدەغە دەکرێت، واتە چیدیکە رێگە نادرێت ئافرەت وژن لە بری خوێن بدرێن.

٧. ژن مافی تەڵاقی دەبێت وەك پیاو . د.محەمەد گەزنەیی دەڵێت بوونی تەڵاق بەدەست ژنەوە لە مەزهەبی مالیکی رێگەی پێدراوە، بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبێت ئافرەت دەست لە

**مەسەلەی قەدەغەکردنی فرەژنی یان سنوردارکردنی یان رێگەپێدانی تەواوی ئەم دیاردە ناشارستانییە، نە لە دوور نە لە نزیک پێچەوانەی دەقەکانی قورئانی پیرۆز نییە**



**ئەوە جێگەی شانازییە بۆ هەرێمی کوردستان کە ئافرەتانی عێراق داوا لە پەرلەمانی عێراق دەکەن مافی ئافرەتانی کوردستانیان بۆ دابین بکات و یاسای باری کەسێتی لە عێراقیشدا بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێت**

مارەیی موئەخرە یان ئەو مارەیەی دوای جیابونەوە وەریدەگرێت هەڵیبگرێت.

٨. بەپێی ئەم یاسایە نە پیاو نەژن لە خێزاندا بۆی نییە خۆی بەسەر ئەوی دیکە فەرز بکات .

٩. کچ بۆی هەیە لە ناو گرێبەستی هاوسەرگیری مەرج دابنێت، دەتوانێت ئەو مەرجە بنوسێت، ئەم گرێبەستە بەو مەرجەیە کە هاوسەرەکەی ژنی دووەم نەهێنێت و ئەگەر ژنی دووەمی هێنا ئەم گرێبەستە بە تاڵ دەبێتەوە و ژنەکەش هەموو مافی خۆی وەردەگرێت .ئەم مافە کە دراوە بە کچان لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا تارادەیەکی زۆر گەورە دیاردەی فرەژنی سنوردار دەکات، لەبەر ئەوەی پیاوەکە بەپێی یاسا ناچاردەکرێت تەواوی مارەیی موئەخرە بدات، بێگومان هەموو لایەکیش دەزانیین مارەی موئەخرە ١٩ مسقاڵ نییە و کەم کچ هەیە لەکاتی گرێبەستی هاوسەرگیریدا بەکەمتر لە چەندسەد لیرەیەك وەك مارەیی موئەخرە رازی بێت و ئەم مارەیەش کە دەبێتە سزا بۆ پیاوەکە، بەدەگمەن هەڵدەکەوێت پیاوێك بتوانێت بیدات تەنها لە پێناوی هێنانی ژنی دووەمدا، ئەمە بێجگە لەوەی سزای دیکەش لە یاساکەدا دانراوە کە بەندکردنی ٦-١٢ مانگی لەگەڵدایە .

١٠. مەسەلەی نەفەقە، واتە خەرجی و پێداویستی خێزان، لەم یاسایەدا رێگەی داوە ئەگەر ژنەکە رازی بێت، نەفەقە هاوبەش بێت، بەڵام ئەگەر ژنەکە رازی نەبێت با موچەخۆر یان پارە داریش بێت، دەتوانێت بەشداری لە نەفەقە نەکات، ئەم مەرجە بەوەی ژنەکە ئەگەر رازی بێت، مانای ئەوەیە مەرج بۆ ژنهێنانی یەکەمیش هەیە، بە واتەیەکی دیکە کە دەڵێن ژنهێنان واجبە یان سونەت، ئەو کاتە واجب و سونەتە کە پیاوەکە ئامادەیی هەبێت کە پابەندبوونی خێزانی جێبەجێ بکات، هەربۆیە ئەگەر پیاوەکە لە پابەندبوونی خێزانی دەرچوو و یان مامەڵەی یەکسانی لەگەڵ ژنەکەی نەکرد ئەوا ژنەکە بۆی هەیە سزای بدات و بەشداری خەرجی نەکات، بەڵام ئەگەر



**پەسەندکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی، سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئاستی هۆشیاری ئافرەت و ژنانی کوردستان و رەنگدانەوەی کرانەوەی ئەقڵی پیاوە**

رێزی یەکسانی و پابەندبوونی خێزانی گرت و ژنەکە لێی رازی بوو ئەوا ئاساییە پێکەوە هاوبەشی لە نەفەقە بکەن .

## ئەتمۆسفیری دیموکراتی ناو پەرلەمان رەنگدانەوەی هەنگاوەکانی پێشتری حکومەتی کوردستان بووە

مەسەلەی یاسای باری کەسێتی راستەخۆ پەیوەستە بە هەرتاکێکی کۆمەڵ و راستەوخۆش پەیوەستە بە دابونەریتی ئاینی و کۆمەڵگاوە، بۆیە مەسەلەیەکی ئاسان نییە، هەتا ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە نەگاتە ئاستی پێویست، زەحمەتە بتوانرێت هەموو هەنگاوێك قبوڵبکرێت، هەندێك لە چاودێران وپسپۆرانی یاسایی و ئایینی پێیان وایە لە بەشێکی کۆمەڵگەی ئێمە هەتا ئێستاش یاسا کۆنەکەیان پێ قبوڵ ناکرێت، واتە یاسای ژمارە ١٨٨ی باری کەسێتی ساڵی ١٩٥٩، بۆیە کاتێك بەو راشکاویە لە ناو پەرلەمان و گواستنەوەی راستەوخۆی موناقەشەکان لە هۆیەکانی راگەیاندنەوە، هەندێك کاردانەوەی هەر لێدەکەوێتەوە، ئەو پسپۆرە ئایینی و یاسایانە، دەڵێن گرفتەکە نە مەلایە و نە پیاوانی ئاینی، بەڵکو گرفتەکە خەڵکەکەیەو، خەڵکەکە داوا لە مەلا و پیاوانی ئایینی دەکەن دەبێت بڵێن ئەگەر دژی ئیسلام بێت قبوڵی ناکەین، هەربۆیە مەلاکە لەگەڵ ئەوەی دەشزانێت کە ئەم هەموارکردنە دژی ئیسلام نییە، دەبێت بۆ رازیکردنی خەڵکەکە هەربڵێت ئەگەر دژی ئیسلام بێت قبوڵی ناکەین و هیچیش لە ئارادا نییە، بۆیە زۆر گرنگە حکومەت وەك دەسەڵاتی راستەوخۆی جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە کاروباری خەڵك، دەبێت گەلی خۆی دڵنیا بکاتەوە کە هیچ هەنگاوێك هەڵناگرێت دژی دابونەریتی ئاینی و کۆمەڵگە بێت، بەڵام ئەرکی حکومەتە هەندێك دیاردەی قێزەونی ناشارستانی کە رووی کۆمەڵگەی ئێمەی ناشرین کردووە بۆ گەلی خۆی روونبکاتەوە و پێیان بڵێت ئەو دیاردە قێزەوانانە نە دابونەریتی گەلی کوردستانە و نەئایینی ئیسلامیش رێگەی پێداوە، بۆیە کاتێك دەڵێن ئامادەباشی یان زەمینە سازی بۆ هەنگاوێکی وا گەورە پێویستی بە رۆڵی حکومەت هەیە، حکومەتی کوردستان

بۆ ئامادەباشـــی و زەمینە ســـازی بۆ ئـــەم گۆرانە چەندین هەنگاوی گرنگـــی هەڵگرتووە، لێرەدا بە پێویســـتی دەزانین ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:

• دیاردەی کوشتن لەژێر پەردەی ناموس پارێزی، دیاردەیەکی قێزەونی ناشارستانی و نامرۆڤانەیە و بەشێك نییە لە دابونەریتی گەلی کوردســـتان و بەشـــێکیش نییە لە دابونەریتی ئیسلام، بەڵام ئەم دیاردەیـــە ببووە بەشـــێك لەدابونەریتی کۆمەڵگەی ئێمە، هەربۆیە حکومەتی کوردســـتان لە ساڵی ٢٠٠٢ بە یاسا کوشـــتن لە ژێر ناوی کرینەوەی ناموسی کرد بە کوشتنی بە ئەنقەست، بۆ ئەمەش تەنها وەك بریارێك یان یاسایەك نەسەپێنرا بەڵکو چەندین جار بەرێز نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پیاوانی ئایینی و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردستان کۆبۆوەوە بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە قەناعەت، کە ئەم تاوانەی دژ بە ئافرەتان ئەنجام دەدرێت دژی بنەماکانی ئایینە ئاسمانییەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤە..

• پشـــتگیرییەکی رەهـــای بـــۆ رێکخراوەکانـــی ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی کرد بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا ریسوا بکەن و خەڵك شەرم بکات لە ئەنجامدانی .

• شـــانازیکردن بە مافەکانی ئافرەت و بواردان بە ئافرەتان بۆ بەشداربونیان لە پرۆسەی سیاسیی و لە کاروباری حکومەت و دامودەزگاکانی و هەروەها نوینەرایەتیکردنی حکومەت لەلایەن ئافرەتەوە لەسەر ئاستی ئەورپاو کۆمەڵیك وڵاتی جیهان .

• دابینکردنی ســـەرچاوەی دارایی بـــۆ ئافرەتان، ئەمەش بە رێگەی رەخســـاندنی هەلـــی کار و دامەزراندنی بەر فراوان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا .

• دانانی ســـنورێك بۆ دیاردەی توندووتیژی دژی ئافرەتان و بواردان بە کردنەوەی نەوایەك یان شـــوێنێك بۆ پاراســـتنی ئەو ئافرەتانەی کە لەژێر مەترســـی کوشـــتن و توندووتیژیدا بوون، ئەمـــە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئـــەوەی ئافرەتان بتوانن بە ئازادی رای خۆیان دەربرن .

• ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوو بینمان لە پەرلەمانی کوردستان، کە د.محەمەد گەزنەیی بە پێکەنینەوە و لە میانەی قسەکردنی بۆ گوڵان( ئەم قســـانەمان لە دیمانەکەدا لامانبردووە) گوتی: ئەوەی لە پەرلەمان بینیمان هەســـتت دەکرد بۆتە مەملەکەتی ژنان، ئاخر ژنان پەنجەیان هەڵدەشـــەرقان، ئەمەش لای هەندێك قبوڵناکرێـــت، ئێمـــە وەك مـــەلا هەقمان بەســـەر ئەفەندی و مەفەندیەوە نییە، ئێمە باسی ئەوانە دەکەین کە دێنە مزگەوت، ئەوانە زەختیان لە مەلاکان دەکرد قســـەیەك بکەن، ئێ خۆشت دەزانی مەلاش ناتوانێ لە قسەی ئەو خەڵکە دەربچێت .

ئێمەش هەر بەپێکەنینەوە بە مامۆستا گەزنەییمان گوت : باشە تۆ ناترســـی مەلاکان گلەیت لێ بکەن؟ لە وەڵامدا پێی گوتین من باسی خۆم دەکەم خۆشم مەلام .

گێرانەوەی ئەم قســـەیەی مامۆستا گەزنەیی لەم پەراگرافەدا بۆ ئەوەمان نییە خوانەخواستە بۆ مەبەستێك ئاماژەی پێبکەین و لە دیمانەکەشدا بەو شـــێوەیە لامانبردووە، بەڵکو مەبەستمان ئاماژەکردنە بەو واقیعەی کـــە لەوانەیە هەندیکمان وەك خۆی



لێی ئاگادار نەبین و راســـتەو خۆ بڵێین ئەوە خەتای مەلاکانی کوردســـتانە، بەڵکو ئەوەی مەلاکان و مامۆســـتایانی ئاینی ئاماژەی پێدەکەن گواستنەوەی واقیعی ئێمەیە، بۆیە زۆرگرنگە بۆچوون و تێبینییەکانی مەلا و پیاوانی ئایینی ئیسلام بە هەند وەربگیرێت و دڵنیایان بکەینەوە، چەوسانەوەی ئافرەت و بێرێزی کردن بە ئافرەت کەلتوری ئێمە نییە و ئایینی ئیســـلام رێگەی پێنەداوە .هەر لەم روانگەیەوە پێش ئەوەی یاســـا هەموارکراوەکە لە پەرلەمان پەسەند بکرێت جارێکی دیکە سەرۆکی حکومەتی کوردســـتان لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئیسلام کۆبۆوەو و دڵنیایی کردنەوە کـــە قبوڵ ناکەین هیچ برگەیەکـــی هەموار کردنەکە دژی دەقەکانـــی قورئانی پیرۆزبێت، ئـــەوەی قورئان رێگەی پێداوە دەیکەین .

ئەم هەنگاوەی سەرۆکی حکومەت لەم پێناوە بوو:

١. ئێمە یاســـا بۆ گەلی کوردســـتان دەردەکەین و لە پێناوی رێکخســـتنی ئازادی تاك و کۆمەڵی ئـــەم کۆمەڵگایە، بۆیە پێویســـتە گەلی کوردســـتان پێی رازی بێت بۆ ئەوەی یاساکە جێبەجێ بکرێت.

٢. یاســـای باری کەسێتی پەیوەندی راستەوخۆی بە پەیوەندی ئایین و کۆمەڵگاوە هەیە و خێزان لەســـەر بنەمای ئایین و یاسا دادەمەزرێت، بۆیە پێویستە یاسا و ئایین تەواوکەری یەکتری بن بۆ ئەوەی خێزانەکانی کوردستان کامەران بن.

٣. ئامانج لەهەریاسایەك کە لە کوردستان دەردەچێت بۆ ئەوەیە گەلی کوردســـتان دەستخۆشی لە پەرلەمان وحکومەتی خۆی بکات، یاسا هەمواردکردن یان دارشتن بۆ ئەوە نییە فلان دەوڵەت یان رێکخراوی نێودەوڵەتی دەستخۆشـــیمان لێبکات، ئەو یاسایە لەسەر گەلی کوردستان جێبەجی دەکرێت و هەر کەموکورتییەکی تیابێت گەلی کوردستان باجەکەی دەدات، بۆیە گرنگە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە پشتگیری لێبکەن .

**هەڵوێستی فراکسێۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان رەنگدانەوەی رای پەرلەمانتارەکان بوو نەک راسپاردەی حزبی**

لە ناو پەرلەمانی کوردستان و لە میانەی دەنگدان بۆ برگەکانی سنورداراکردن و قەدەغەکردنی فرەژنی، پەرلەمانتارانی فراکسێۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها گروپ بوون کە لەسەر بنەمای تێروانین و قەناعەتی شەخســـی خۆیان بەو برگانە و پاشـــتریش

ئەو لیژنەیەی بۆ هەمواركردنی ئەم یاسایە دانرابوو، دیسان لەسەر ئاستی رۆژهەلاتی ناوەراست و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لیژنەیەکی نمونەیی بووە، لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەی کە لە کۆی ١٠ ئەندام ٥یان ئافرەت بوون، دوو زانای ئاینیش لە لیژنەکەدا بوون



بەتەواوی پرۆژەی هەموارکردنی یاساکە دەنگیاندا.
لەگەڵ ئەوەی هەندێك بە نەشارەزایی و بۆ مەبەستی تایبەتی سیاسی تانە و تەشەریان لەم هەڵوێستە گرت و بە کۆنزیرفاتیف وەسفیان کرد، بەڵام جوانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەوەدابوو کە ژمارەیەکی باشی ئەندام پەرلەمانەکانی ئامادەبوون، بەڵام هیچ کاریگەریەکی حزبی یان راسپاردەو رێنمایی حزبیان لەسەر نەبوو، رۆژێك پێش دەنگدان لەسەر ئەو برگانەی تایبەت بە فرەژنی یەکێك لە رۆژنامەکانی کوردستان دیمانەیەکی سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدابوو و لەیەکێك لە پرسیارەکاندا لێی پرسیبوو: ئایا هەڵوێستی فراکسیۆنی لەگەڵ سنوردارکردنە یان قەدەغەکردنی فرەژنی؟ لەوەڵامدا راشکاوانە گووتبووی: نازانم و کۆبونەوەمان لەسەر ئەو مەسەلەیە نەکردووە.
سەرنج بدەن سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان نازانێت پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەی دەنگ بەکام پێشنیار دەدەن، ئەمە پێچەوانەی هەموو فراکسیۆنەکانی دیکە بوو کە پێشوەختە رایانگەیاندبوو دەنگ بە کام پێشنیار دەدەن. لە کاتی دەنگداندا هەموو کوردستان بینی کە چۆن ژمارەیەك لە پەرلەمانتارنی فراکسیۆنی پارتی دەنگیان بە قەدەغەکردنی فرەژنی داو، ژمارەیەکیش دەنگی بە سنوردارکردنیدا.
ئەمە یەکەمجاربوو لە پەرلەمانی کوردستان لەمەسەلەیەکی وا هەستیاردا پەرلەمانتار تەعبیر لە راو بیروبۆچوونی شەخسی و قەناعەتی بەو مەسەلەیەی دەخرێتە دەنگدانەوە بکات، هەندێك لەوانەیە بڵێن ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، بەڵام راشکاوانە پێیان دەڵێن هیچ مەسەلەیەکی سیاسیی هێندەی هەموارکردنی ئەم یاسا گرنگ نییە، هەربۆیە لە دەسنیشانکردنی لیژنەکەوە بۆ هەموارکردنی ئەم یاسایە زۆر بە وردی بیری لێکراوەتەوە بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی و بەبێ دروستبوونی ئاژاوە ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت .
حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی رێگە لە تەفسیری لابەلا بۆ دەقەکانی قورئان بگرێت دوو زانایی ئایینی (کە پێشتر موفتی بوون) لەم لیژنەیە دانا بۆ ئەوەی رێگە لە تەفسیری لابەلا بگرێت، بەڵام وێرای ئەم هەموو ئامادەباشیە و وێرای لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی ئایین و دابونەریتی کۆمەڵگەش، بەڵام هەر دووهەفتە پێش ئێستا کاردانەوەی هەندێك مەلا و پیاوانی ئایینی کوردستانمان بیست، تەنها لەسەر جیاوازی دەربرین (اختلاف لفقی ) چۆن لەسەر مینبەرەکان دژی ئەم هەموارکردنە راوەستان و بە پێشلکاری موحەرەمات وەسفیان کرد، لە کاتێکدا ئێمە وەك گوڵان لەم بەدوادا چوونەدا گەیشتینە ئەوەی هەندێك لە تێبینییەکان تەنها لەسەر جیاوازی دەربڕین بووە، نەك لەسەر ناوەڕۆکی هەموارکردنەکە، ئەگەر سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش راشکاوانە ئەو مەترسیانەی لەبەرچاو نەگرتایە، لەوانەیە یاسا هەموارکراوەکە لەپەرلەمان پەسەند بکرایە، بەڵام وەك یاسایەکی مردوو لە دایك دەبوو نەوەك وەك ئەو یاسایەی کە لە نوێژی هەینی رابردوو زۆربەی مەلاکانی کوردستان لە گوتاری نوێژی هەینیدا دەستخۆشیان لێکردوو، یاساکەش بێجگەلەوەی زۆربەی زۆری مافەکانی ئافرەتی لەبەرچاو گرتوە و دیاردەی فرەژنی بە جۆرێك سنوردارکردووە کەتەنها جیاوازیەکەی ئەوەندەیە کە نەنوسراوە قەدەغە بکرێت، ئەگەرنا هیچ کەسێك ئەگەر کۆمەڵێك پاساوی گرنگی نەبێت وەك:
١. ئافرەتەکە نەخۆش بێت و راپۆرتی پزیشکی بیسەلمێنێت ئەم ئافرەتە لەبەر نەخۆشی ناتوانیت پابەندبونی هاوسەرگیری جێبەجێ بکات .
٢. ئافرەتەکە نەزۆك بێت، دەبێت راپۆرتی پزیشکی بیسەلمێنێت، هۆکاری نەزۆکیەکە ئافرەتەکەیە نەك پیاوەکە، هەروەها دەبێت راپۆرتی پزیشکی بیسەلمێنێت، نەزۆکی ئەم ئافرەتە هیچ چارەسەرێکی لە ناو کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان نییەو ئینجا دەبێت ئافرەتەکە رازی بێت، ئەگەر نا قبوڵ نابێت و ئەگەر تەڵاقیشی بدات مارەی موئەخرە وەردەگرێت .
٣. بۆ ئایندەش کچ دەتوانێت لە گرێبەستی هاوسەرگیری بنوسێت، من بەمەرجی بەم گرێبەستە رازیم کە لەبەر هەر هۆکارێك بێت ژنم بەسەر نەیەت .
ئەم یاسایە بەم ئاستە پێشکەوتووە (کەئێمە وەك گوڵان پیرۆزبایی لە چالاکگەرژنەکان دەکەین کە هێشتا داوای زیاتر دەکەن) سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان نەك تەنها ئافرەتان و بێگومان ئافرەتانی کوردستان شایستەی لەمە زیاترن و هەنگاوی گەورەشیان لەبرینی ئەم رێگەیە هەڵگرتووە و شایستەی دەستخۆشی لیکردنن .

**یاسای باری کەسێتی پەیوەندی راستەوخۆی بە پەیوەندی ئایین و کۆمەڵگاوە هەیە و خێزان لەسەر بنەمای ئایین و یاسا دادەمەزرێت، بۆیە پێویستە یاسا و ئایین تەواوکەری یەکتری بن بۆ ئەوەی خێزانەکانی کوردستان کامەران بن**

د.محەمەد گەزنەیی بێجگە لەوەی یەکێکە لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستان پێشتر لە ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری ئەوقاف بووە و پێشتریش مامۆستای زانکۆ بووە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر. د. گەزنەیی یەکێکە لەو زانا ئاینیانەی کە بەقسە واقیعییەکانی دەناسرێتەوە و ئەو زانایەیە کەلەسەر پرسە هەنوکەیەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری بە پشت بەستن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت و گرفتەکان دەکاتەوە، بۆنموونە لە ساڵانی نەوەدەکان و لەسەر مەسەلەی پارەی تەزویر و سویسری و دیناری ئاسن و گۆڕینەوەی ١٠ بە ١٢ دیراسەتێکی باشی نوسیی و ئەم ڕێگەیەکی بۆ کردنەوەی ئەم گرفتە پێشنیارکرد، لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی وەك توندوتیژی و کوشتنی ئافرەت لەسەر کڕینەوەی ناموس ئەو زانایەیە کە نەك هەر دیاردەکە ڕەت دەکاتەوە بەڵکو بکەری تاوانەکەش بە ترسنۆك دادەنێت. سەبارەت بە دیاردەی فرەژنیش ئەو نەك هەرپێی وایە پێویستە مەرج بۆ ژنی دووەم دابنرێت، بەپشتن بە دەقی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر ئاماژە بەوە دەکات بۆ ژنی یەکەمیش کۆمەڵێك مەرج هەیە و ئەگەر ئەو مەرجانەنەبن ژنهێنانی یەکەمیش دروست نییە. د.گەزنەیی کاتێك لەسەر مەسەلەیەك دەدوێت وەك زانایەکی شارەزا لەسەر ئیسلام و حوکمەکانی قسەدەکات و ئاگاداری بۆچوون و وردەکاریەکانی نێو سەرجەم مەزهەبەکانە، هەربۆیە ئەوەی لای هەندێك گرفتەو بە لادان لە ئایین لەقەڵەم دەدرێت لای گەزنەیی بەڵگەی تەواو هەیە و بە ئاسانی گرفتەکە چارەسەر دەکات.

سەبارەت بە ناڕەزایی هەندێك لە مەلاکان لەسەر هەندێك برگەی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی لە پەرلەمانی کوردستان و کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی د.محەمەد گەزنەیمان کردو هەر لە ڕێوە بە پێکەنینەوە پێمانگووت: ئەوە چییە بۆ مەلاکان وا لەو ژنانە دەکەن چییان گوتووە؟ ئەویش هەر بەپێکەنینەوە گوتی: وەڵا ئێمە هیچمان نەکردووە مەلا هیچی نەکردووە، خەڵکەکەیە واز لە مەلا ناهێنێت و پێی دەڵێن مامۆستا دە قسەیەك بکە. ئێ مەلاش ناچارە قسەیەك بکات. ئەمەش دەقی دیمانەکەی د. محەمەد گەزنەییە لەگەڵ گولان.

د.محەمەد گەزنەیی زانایی ئاینی ئیسلام بۆ گوڵان:

# ئەگەر بەرژەوەندی گشتی وای پێویست کرد فرەژنی نەمێنێت حکومەت دەتوانێت ڕێگری لێبکات

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەیەکی ئێمە گەیشتۆتە ئەو ڕاددەیەی بەو شێوەیە گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە بکرێت، مەسەلە هەیە پەیوەستە بە دابو نەریت و سروشت و کەلتوری کۆمەڵگەوە هەیە، مەسەلەکە ئاین نەبوو

*** ئێوە وەك زانایانی ئیسلامی کوردستان چۆن لە پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی دەڕوانن و ئایا سەرنج و تێبینییەکانتان چین وا هاوارتان لێ هەستا و لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان کۆبونەوە؟**

- بسم الله الرحمن الرحیم. ئەو پرۆژەیە سەرەتا کەموکورتی زۆری تێدابوو، هەم لە ڕووی داڕشتنی یاسای و هەم لە ڕووی ڕێکخستنەوە، من ڕاسپاردەی ئەوەم کرد کە ئەو پرۆژەیە ڕەوانەی وەزارەتی داد بکرێت لەبەر ئەوەی لیژنەی تایبەتمەندیان هەیە بۆ ئەوەی داڕشتنیکی یاسای دروستی بۆ بکەن، پرۆژەکە ڕەوانەی وەزارەتی داد کرا و دواتر نوسخەیەکی نێردرا بۆ وەزارەتی ئەوقاف و دواتر بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەکی پێکهێنا بە سەرۆکایەتی د.مستەفا زەڵمی و ئەندامێتی د. محمەد شەریف و د.بەشیر و د.نوری تاڵەبانی و دووبارە پرۆژەکەیان ناردەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕەوانەی پەرلەمانی کرد. دواتر لیژنەی یاسایی پەرلەمان و لیژنەی ئەوقاف پێیان باشبوو یەکێتی زانایان بەشداری بکەن کە داوایان لە من و مەلا محمەدی ئاکرێ و د.جەمال کە مامۆستای بەشی شەریعەیە لە زانکۆی کۆیە و د. ئەحمەد بالیسانی کرد لەگەڵ لیژنەکە دابنیشین، ئێمەش لەگەڵ لیژنەی یاسایی بە سەرۆکایەتی شێروان حەیدەری و کۆمەڵێك لەو ژنانەی کە ئەندامن لە لیژنەی یاسایی دانیشتین.

١. لەم کۆبوونەوەیەدا دوو پێشنیار هەبوو ئێمە وەك یەکێتی زانایان پێشنیاری یەکەممان قبوڵکرد کە قەیدی دەخستە سەر فرەژنی، پێشنیاری دووەممان ڕەتکردەوە کە فرەژنی قەدەغەدەکرد.

هەروەها ڕامان ئەوەبوو کە نابێت دوو سزا پێکەوە هەبێت، یان دەبێت غەرامە هەبێت یان دەبێت حەپسکردن بێت، لەبەر ئەوەی ئەوان داوای هەردوو سزاکەیان بە یەکەوە دەکرد.

٢. لە مادده ٦ بڕگەیەکیان زیادکردبوو کە لەکاتی گرێبەستەکە



ئافرەتەکە دەتوانێت بەسەر پیاوەکەدا بسەپێنێت کە تەڵاقی بەدەست بێت، من بۆم روون کردنەوە کە ئەوە لە مەزهەبی شافیعی نییە، بەڵکو لە مەزهەبی مالیکیدا هەیە بە مەرجێك ئافرەتەکە دەست لە مارەیی موئەخەرە هەڵبگرێت، کە رەنگە ئەمەش سوودەکەی ئەوەبێت کە ئافرەتەکە پەلە نەکات لەم مەسەلەیەدا لەبەر ئەوەی مارەییەکەی لە دەست دەدات.

٣. مەسەلەیەکی دیکە هەبوو پەیوەست بوو بە مارەکردنی بەناچاری کە راست و دروستی گرێبەستەکەش لە سەر رەزامەندی کچەکە دەوەستێت کە زۆری لێکراوە، ئەمە زیاتر مەسەلەی دارشتنی یاسایانەی ئەم برگەیەبوو.

٤. برگەیەکی دیکەیان زیاد کردبوو کە خەرجی ( نەفەقە) لە سەر پیاوە، بەڵام ئەگەر ژنەکە توانای ماددی هەبوو ئەوا هاوبەشە، ئێمە پێمان گوتن ئەوە زیاد بکەن ئەگەر ژنەکە لەسەر ئەم مەسەلەیە رازی بوو، لەبەر ئەوەی لە شەرعدا نەفەقە مافی ژنە هەژار بێت یان دەوڵەمەند و ئەگەر بە پێی یاسا ئەمە بەسەر ژندا بسەپێنرێت و خۆی رەزامەندی لەسەر نەبێت ئەوا لەگەڵ شەرعدا یەك ناگرێتەوە.

٥. مەسەلەیەکی دیکە هەبوو کە بریتی بوو لە تەڵاقی نەخۆش، مەبەست لە نەخۆشی مردنە کە لە یاسا کۆنەکەدا هەبوو ئەم تەڵاقە ناکەوێت، لەبەر ئەوەی مەبەستی پیاوەکە بێ بەشکردنی ژنەکەیە لە میرات، ئەمە لە شەرعدا پێی دەوترێت " طلاق الفار"، بەڵام من ئەوەم روون کردەوە کە ئەم تەڵاقە دەکەوێت بەڵام ژنەکە میرات وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی نیەتی پیاوەکە خراپە و پێشنیارم کرد ئەمە بنوسرێت " المطلقه طلاقا فارا ترث".

٦. مەسەلەیەکی دیکە بەشی کوڕوکچ بوو لە میرات، ئەم مەسەلەیە وەك خۆی ماوە، واتە کوڕ دوو بەرامبەری کچ وەردەگرێت، بەڵام ئەوە زیادکرا کە دایك و باوك دەتوانن لە وەسێتدا، کە لە شەرعدا ئینسان دەتوانێت لە چوارچێوەی سێ یەکی ماڵەکەیدا وەسێت بکات، سێ یەکی ماڵەکەی بۆ کچەکانی دابنێت و زائدەن بەشی شەرعی خۆیان لە باقیەکەی تر وەربگرن کە ئەمەش تا رادەیەکی یەکسانی دەکاتەوە، ئەمەیان لە شەرع جائیزە.

بەڵام هەندێ لەو ژنانەی کە لە دانیشتنەکەدا بوون زۆر سەرسەختانە قسەیان دەکرد کە باوەڕ ناکەم کۆمەڵگەی ئێمە ئەمە تەحەممول بکات.

***ئەی بۆچی ئێوە چونە ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی حکومەتتان بینی، ترستان لە چی هەبوو؟**

- ئێمە ترسمان نەبوو، بەڵام خەڵکەکە فشاری دەخستە سەر مەلاکان و داوایان لێدەکرد هەڵوێستیان هەبێت، هەندێ لە مەلاکان بە رێکی قسەیان دەکرد و لە راستیدا هەندێکیان سەرەڕۆیان کرد، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەیەکی ئێمە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی بەو شێوەیە گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە بکرێت، هەندێ مەسەلە هەیە پەیوەندی بە دابو نەریت و سروشت و کەلتوری کۆمەڵگەوە هەیە، مەسەلەکە ئاین نەبوو.

*** ئایا ئەرکی مەلاکان ئەوە نییە ئەمە بۆ خەڵك روون کەنەوە؟**

- نەخێر ئەرکی مەلا ئەوەیە لەگەڵ کۆمەڵگەدا بێت و مەلا بەشێکە لەو کۆمەڵگەیە و گوزارشت لەو کۆمەڵگەیە دەکەین، دواتر ئیستفزازێکی زۆر هەبوو، لەبەر ئەوەی لە گفتوگۆکاندا جار جارێك بە سوکایەتیەوە باسی مەلایان دەکرد، پێشتریش هەندێ لە رۆژنامە بە هۆی هەندێ وتارەوە هەستی مەلاکانیانان بریندارکردبوو و هەندێ لە قسەکانی ناو پەرلەمانیش هەستی مەلا و هەندێ لە خەڵکیان بریندار دەکرد.

***ئایا ئەو پرۆژەیەی کە هەیە هیچ ناکۆکیەکی لەگەڵ شەرعدا هەیە؟**

- من پێم وایە ئەگەر ئەو سەرنجانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکردن لەبەرچاو نەگیرابێتن لە پرۆژەکەدا ئەوا بەڵێ ناکۆکی دەبێت.

*** ئەی هەڵویستی ئێوە چیە لە سەر قەیدکردنی فرە ژنی بە حوکمی ئەوەی ئێوە هەم کەسایەتیەکی ئاینی و هەم مامۆستای یاسا و شەریعەتن؟**

- پێش ئەوەی باسی مەرج لەسە ژنهێنانی دووەم بکەم پێم باشە باسی مەرجەکانی ژنهێنانی یەکەم بکەم:

١. جارێ بۆ ژنی یەکەم ئەگەر پیاو ویستی ژن بهێنێت و توانای ماددی هەبو و ترسا ئەگەر ژن نەهێنێت دووچاری زینا دەبێت ئەوا واجبە ژن بێنێت .

٢. ئەگەر توانای ماددی هەبوو و ویستی ژن بهێنێت و نەترسا لەوەی توشی زینا دەبێت ئەوا سوننەتە ژن بهێنێت.

٣. بەڵام ئەگەر توانای ماددی نەبوو و ویستی ژن بهێنێت و بە ژنەکە نەڵێت ئەوا مەکروهە و ئەگەر بە ژنەکەی ووت کە باری ماددی خراپە و ژنەکەش رازی بوو ئەوا موباحە.

٤. ئەگەر توانای ماددی نەبوو و دەیزانی ژنەکە توشی ناخۆشی دەکات و بە ژنەکەش نەڵێت ئەوا ئەمە مەکروهە.

٥. ئەگەر توانای ماددی و جەسەدی نەبوو ئەوا حەرامە.

**ئەرکی مەلا ئەوەیە لەگەڵ کۆمەڵگەدا بێت و مەلا بەشێکە لەو کۆمەڵگەیە و گوزارشت لەو کۆمەڵگەیە دەکەین، دواتر ئیستفزازێک زۆر هەبوو، لەبەر ئەوەی لە گفتوگۆکاندا جار جارێک بە سوکایەتیەوە باسی مەلایان دەکرد**

ئەمە بۆ ژنی یەکەم، ئەمە حوکمی ژنی یەکەمە لەبەر ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەریشدا _درودی خوای لەسەربێت_ کۆمەڵێك سەحابە هەبوون کە لەبەر ئەوەی لە رووی ماددیەوە توانایان نەبوو ژنیان نەهێنا واتە ژنی یەکەمیش مەرجی خۆی هەیە نەك دووەم. بەڵام لە ژنی دووەمدا مەسەلەی واجب و سوننەت نامێنێت و لە چوارچێوەی موباح و مەکروە و حەرامدا دەمێنێتەوە هەربۆیە:

١. قەدەغەکردنی موکروهە و حەرام هیچ کێشەی نییە و دەمێنێتەوە سەر موباح.( موباح بە مانای ئەوەی ئازادیت هەیە، روخسەتت هەیە)

٢. ئەگەر توانای ماددی و جەستەیت هەبوو هەستت کرد دەتوانیت عەدالەت بهێنێتەدی لەگەڵیاندا ئەتوانیت ژنی دووەم بهێنێت.

٣. بەڵام ئەگەر کاربەدەستی حکومەت هەستی کرد خەڵك ئەمە خراپ بەکاردەهێنێت و زیانی بۆ بەرژەوەندی گشتی دەبێت دەتوانێت رێگای پێ نەدات.

٤. بەڵام ئەگەر بە موتڵەقی قەدەغەی بکەیت ئەوا وەك ئەوە وایە خەسڵەتێکی ئاینەکەیت لابردبێت.

بە تێگەیشتنی من هێشتا خەڵك نەگەیشتۆتە ئاستێك بتوانێت تەحەمولی ئەم گفتوگۆیانە و ئەم یاسا نوێیە بکات لەبەر ئەوەی هێشتا خەڵك بە تەواوەتی بە یاسا کۆنەکەوە پابەند نابێت کە لە ساڵی ١٩٥٩دا نووسراوە و پێم وایە خەڵکیش کاردانەوەی دەبێت و داوامان لێدەکات کە رابگەیەنین کە ئێمە رازی نابین دژی شەرع بێت، کە دژی شەرعیش نییە، بەڵام هەر دەبێت ئەم لێدوانە بدەیت، بۆ ئەوەی خەڵك دڵنیابکەینەوە.

**هێشتا خەڵک نەگەیشتۆتە ئاستێک بتوانێت تەحەمولی ئەم گفتوگۆیانە و ئەم یاسا نوێیە بکات لەبەر ئەوەی هێشتا خەڵک بە تەواوەتی بە یاسا کۆنەکەوە پابەند نابێت کە لە ساڵی ١٩٥٩دا نووسراوە**

*** زۆرجار ئاین بۆ مەبەستی سیاسی بەکاردەهێنرێت و زۆرجار لای خەڵکی ئەوەی لەگەڵ قەدەغەکردنی فرەژنیدا بوو عەلمانیەکان بوو و ئەوەی لە گەڵ قەیدکردنیدا بوو ئەوا ئیسلامیەکانن لەگەڵ ئەوەی دەتوانرێت پاساوی قەدەغەکردنیشی لە شەرعدا بۆ بهێنرێتەوە؟**

- مەسەلەکە پتر پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵگەوە، بۆ نموونە ئەگەر رێژەی کچان زۆر زیاتر بوو لە کوڕان ئەوا دەبێت رێگەی پێبدرێت، بەڵام ئەگەر رێژەکە یەکسان بوو ئەوا دەکرێت رێی لێ بگیرێت. مەسەلەی ئەوەی ئەگەر پارتە ئیسلامییەکان ئەم مەسەلەیە بۆ مەبەستێکی سیاسی بەکار بهێنن ئەوا غەدر دەکەن و ئەگەر بیانەوێت بۆ گەمەیەکی سیاسی بەکاری بهێنن ئەوا یەکێتی و پارتی لەم مەسەلەیەدا زیرەکترن، بۆ نموونە ئێستا کاك نێچیرڤان بارزانی نوێنەرایەتی ئیسلام دەکات و پارتی نوێنەرایەتی ئیسلام دەکات، با بڵێین یەکێتی دژبێت .

بێگومان لە هەڵبژاردندا ئەوەی ئیسلامی خۆشبوێت دەنگ دەداتە پارتی و ئەوەشی عیلمانی بێت بە یەکێتی، بەڵام لەوسەرەوە پارتی و یەکێتی دەنگەکان بەش دەکەنەوە لەبەر ئەوەی رێککەوتنی ستراتیجی لە نێوانیاندا هەیە و هەر دەبێت ئەو رێککەوتنەش بمێنێت، لەبەر ئەوەی هەڕەشە و مەترسی هەیە لەسەر کوردستان و ئەوان بۆ بەرگری کردن لە کوردستان هەر دەبێت یەکبگرن، لەبەر ئەوەی ئەگەر وانەکەن ئەوا خۆیان و کوردستانیش لە دەست دەدەن، لەبەر ئەوە هەر دەبێت ماڵی خۆیان یەك بخەنەوە و بە یەك تفەنگ شەڕبکەن، بۆیە هەر دەنگێك بە هەر یەکێکیان بدرێت راستەوخۆ ئەوی تریان بەشی دەبێت.

*** باشە کە ئێوە بەقسەی ژنان تورە بوون ئایا چ شتێکیان داواکردووە ئیسلام رێی پێنەدابێت؟**

- کێشەکە ئەوەبوو کە داواکردنەکە هەندێ پەڕگیری (تطرف) تێدابوو، باوەڕناکەم ژنێکی ئەوروپی بەم شێوازە داوای ماف بکات، هەتا ئەگەر مافەکانیشیان لێ زەوت کرابێت، ئەوەندەی من تێگەیشتبم خەڵك بەم شێوەیە هەستیان کرد.

***وەڵامدانەوەی حکومەت چی بوو کاتێك ئێوە لەگەڵ سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەتدا دانیشتن؟**

- ئەوان پێشتر هەڵوێستی خۆیان راگەیاند کە ئێمە هیچ هەمواركردنێك قبوڵ ناکەین دژی دەقی قورئان و حەدیس بێت و ئەمە مەسەلەیەکە مشت و مڕی لەسەر نییە، خۆ ئەوانیش حزبن و حزبیش هەوڵ ئەدات خەڵك لێی رازی بێت.

***هەندێ دیاردە هەیە نە کۆمەڵگە و نە ئاین قبوڵی دەکات، بەڵام بوونیان هەیە و رووی کۆمەڵگەکەی ئێمە شێواندووە وەك کوشتنی ژن و بەردبارانکردن وەك ئەوەی لەگەڵ دوعا کرا، ئێوە چی دەڵێن لەم رووەوە؟**

- من کاتی خۆی وتارێکم نووسی بە ناوی " کوشتنی ژن بە پاساوی نامووس نیشانەی ترسنۆکییە" چونکە خۆی دەبێت پیاوەکە بکوژرێت کە ئافرەتەکەی ئیغراکردووە و یاخود گێچەڵی پێکردووە، هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام چەوسێنراوینەتەوە و نەمان توانیوە دژی زاڵمەکە کاربکەین و هاتوین کاردانەوەمان لە دژی خەڵکی خۆمان هەبووە. ئەمە دژی ئاین و دژی شەریعەتە.

***ئەگەر ئەم یاسایە دەربچێت و سەرنجەکانی ئێوەی لەبەرچاوگرتبێت ئایا پێی رازی دەبن؟**

- من زەمانەتی ئەوە ناکەم هەندێ لە مەلاکان پێی رازی نەبن، لەبەر ئەوەی ئەوان هێشتا بە یاساکۆنەکە رازی نابن هێشتا کار و کۆششێکی زۆرمان دەوێت لەم رووەوە، مشت و مڕی من لەگەڵ مەلاکاندا ئەوەیە کە ئەو رێسایەم بۆ بسەلمێنن کە دەڵێت "حکم الحاکم یرفع الخلاف" گرنگ ئەوەیە یاساکان لە دەقی قورئان و حەدیس دەرنەچن ئیتر با لە هەر یەکێك لە چوار مەزهەبەکەیان وەرگرتبێت، من پێم وایە دەبێت یەکێتی زانایان لەمەودا بایەخ بە کردنەوەی زانکۆی ئەهلی بدات بۆ خوێندنی فقهی بەراوردکاری لە نێوان مەزهەبەکان و ئاینەکاندا و لەم رووەوە پەرە بەم بوارە بدات و بەرەوپێشی ببات، مەلاکان توێژێکی زۆر پاك و نەزیهن و هەر کاردانەوەیەکیان هەبێت بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆیان نییە، بەڵام ئەوان مەنهەجێکی دیاری کراویان خوێندووە و ئەوان بەرگری لێدەکەن و ئەمەش نیشانەی پاکیانە هەتا ئەگەر بۆچونەکەیان لەگەڵ رای زاناکانی دیکەدا جیاوازبێت، بەڵام ئێمە تەفزیلی مەزهەبی شافیعی دەکەین بەسەر مەزهەبەکانی تردا ئەمەش بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە کورد ویستویەتی خۆی لە تورك و عەرەبەکان جیابکاتەوە، لەبەر ئەوەی تورکەکان پەیڕەوی لە حەنبەلی دەکەن و عەرەبەکان لە مالیکی و حەنەفی دەکەن، هەروەها ئەسڵی شافیعیش لەبەرچاو گیراوە لەبەر ئەوەی قورەیشییە و کوردیش زۆر حسابی بۆ نەسەب کردووە. من پێم وایە هەندێ دیاردە هەیە پەیوەندی بە عورف و عادەتەوە هەیە نەك بە ئاین، بۆ نموونە مەسەلەی ئەوەی ژن لە تۆڵەی خوێندا دەدرێت یان باوکێك یان برایەك کچەکەی خۆی یان براکەی خۆی دەدات بە ژن بۆ خۆی ئەمانە زوڵمن لە ژن دەکرێت، بەڵام داب و نەریتیش بە شەو و رۆژێك ناگۆڕێت و پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و باشترکردنی باری ئابووری خەڵك هەیە.

**داب و نەریتیش بە شەو و رۆژێک ناگۆڕێت و پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و باشترکردنی باری ئابووری خەڵک هەیە**

■ ■ ■

پەخشان زەنگەنە پەرلەمانتار و ئەندامی لیژنەی هەمووارکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ یەکێکە لەو خانمانەی کە وەك چالاکگەرێکی دیار و داکۆکیکار لە مافەکانی ئافرەت لەســەر ئاســتی کوردستان ناسراوە، کە قسە لەسەر مافەکانی ئافرەت دەکات تائەوپەڕی توانای داکۆکی لە بیروبۆچونەکانی خۆی دەکات و پێی لەسەر تەواوی مافی ئافرەتان دادەگرێت، بەڵام بە دوو وشە زۆر تورە دەبێت ئەویش ناوهێنانی ئافرەت یان ژنی بەتەمەنە بە قەیرە هەروەها ناوهێنانی ئافرەت بە بێوەژن، ئەو پێی وایە خانم هەر خانمە و پەیوەندی بەتەمەنەوە و نییە و ئەو جیاکردنەوەیە نیشانەی دواکەوتوویی کۆمەڵگایە، پەخشان لەگەڵ ئەوەی پێی وایە ئەم هەمووارکردنە تەواوی مافەکانی ئافرەت و ژن دابین ناکات و سورە لەسەر ئەوەی کەوەك چالاکگەرێکی ژن بەردەوام دەبێت هەتا فرەژنی بەتەواوەتی قەدەغە دەکات و یەکسانی تەواو لە نێوان ژن و پیاودا دروست دەکات، بەڵام کە قســەی لەگەڵ دەکەیت هەســت دەکەیت لە ناخەوە هەست بەسەرکەوتن دەکات کە فرەژنی بەرادەیەك سنوردارکراوە کە زۆر نزیکە لە قەدەغەکردنەوە،لەگەڵ ئەوەشــدا هیچ پاساوێك بۆ فرەژنی قبوڵناکات . ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان کە بڕیارماندا لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە لەگەڵ خاتوو پەخشان قسەبکەین، سەرەتا وامان بەباش زانی کە یەکێك لە خانمە رۆژنامەنوسەکان بنێرین ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ئەنجامبدا، بەڵام دوای گوتمان ئەگەر خانمێکی رۆژنامەنووس بنێرین ئەوا هەڵسەنگاندنی ئەم یاســا گرنگەمان لێدەکەن بە لاوانەوە بۆ سەرنەکەوتنی دەنگدان بۆ قەدەغەکردنی فرە ژنی، هەربۆیە رایەکەمان گۆڕی لەبری خانم، پیاومان بۆ ئەم دیمانەیە هەڵبژارد. بەڵام هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەوەی رێگەمان لێبەستێتەوە پێگوتین: من حەزناکەم گوڵان بەرگری لە فرەژنی بکات . ئێمەش پێمان گوت نەبەرگری لە فرەژنی دەکەین و نە هاتوشــین لەگەڵ تۆ بۆ قەدەغەنەکردنی بگرین، ئێمە هاتوین یاســاکە بەگشتی هەڵبسەنگێنین، بێگومان هەڵســەنگاندیش پێویستی بەوە هەیە لە هەموو لایەنەکانەوە قســەبکەین، هەربۆیە لە کاتی وتوێژەکەماندا خاتوو پەخشــان لەوە زیرەکتر بوو بە قسەکانمان تورە بێت، هەربۆیە پێشوەختە پێی دەگوتین ئێوە بۆیە ئەو قسانە دەکەن هەتا ئیستفزازم بکەن و تورە بم و پاشان قسەکانم بکەن بە مانشێت بۆیە تورە نابم. ئەمەش دەقی دیمانەکەی خاتوو پەخشانە لەگەڵ گوڵان.

■ ■ ■

### پەرلەمانتار پەخشان زەنگەنە ئەندامی لیژنەی هەمووارکردنی یاسای باری کەسێتی بۆ گوڵان:

# هەمووارکردنی یاسای باری کەسێتی هەنگاوێکی ئیجابی وگەورەبوو، راستە کەلێنی تیایە بەڵام سەرەتایەکی باشە بۆ قۆناخێکی تازە

**• ئەم یاســای باری کەســێتیەی کە ئێوە ئەم هەموو هەوڵەی بۆدەدەن بۆ هەمووارکردنی لە میدیاکاندا وەك یاسای قەدەغەکردن یان رێگە دان بەفرەژنی دەخرێتە روو ئایا ئەم یاسایە هەر ئەوەندەیە ؟**

- نەخێر یاســاکە هەر مەسەلەی قەدەغەکــردن یان رێگــەدان بە فرەژنی نییە،مــن دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەمە یاســای پەرلەمان نییە بۆ فرەژنی، لەبەر ئەوەی پێشــتر ئەم یاسایە هەبووە، بەڵام پەرلەمان دەستکاری کردووە. لە پەرلەماندا مشت و مڕی زۆر کرا و هەندێ جاریــش زمانی زبــر بەکارهات، بەڵام ئەمە گوزارشتە لە واقیعی کۆمەڵگەکــە کــە بیروبۆچونی جۆراجــۆری تێدایــە، هەروەها دەمەوێــت ئــەوەش روونبکەمەوە کە مەســەلەی فرەژنــی چەند برگەیەکــە لــە ماددەیەکی ئەم یاسایە، ئەم یاسایەش کە یاسای باری کەســێتیە بۆ یەکەمجار لە ســاڵی ١٩٥٩ دەرچوو، هەروەها لە ٣٠ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩دا لە رۆژنامەی وەقائیعی عێراقیدا بڵاوکرایەوە.

پێش ئەم یاســایە یاســایەك نەبوو کە باری کەســێتی بەم گشتگیریە رێکبخــات کە لە هەنــدێ رووەوە یاســایەکی زۆر پێشکەوتوبوو ئەم یاسایەش بەرهەمی شۆرشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ بوو.

بەڵام وەك دەزانن هەمیشە مەسەلە کۆمەڵایەتیــەکان پەیوەســتن بە دیموکراســی و ئازادیەوە،هەربۆیە دوای ١٤ی تەمــوز ئەو کەشــو هەوایە هاتە ئاراوە کە یاســایەکی بەم جــۆرە دەربچێت، بەڵام دوای کودەتای بەعســیەکان لە ساڵی ١٩٦٣ باردۆخەکە گۆڕا . هەربۆیە ئەم یاسایە هەتا ئێستا ١٧ جار بە پێی باردۆخی جیــاوازی عێراق هەمووارکراوە، جارێك دوو ماددە و جارێکی دیکە چوار ماددە و بەم شێوەیە.



یەکەمجار کە هەموار کرا لە دوای کودەتاکەی شـــوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەعســـیەکاندا بوو، کە ئەم هەمووارکردنەش پەیوەست بوو بە قەیدەکانی فرەژنی کە پێشـــتر کۆت و بەندێکی زۆری لەسەر بوو، هەروەها پێشتر میراتی کوڕ و کچ یەکســـان بوو ئەمەش هەمووارکـــرا. ئەتوانین بڵێن هەندێ لەو هەمووارکردنانە باشن، بەڵام هەندێکی دیکەیان لە عەقڵیەتی شەڕانگێزی و سیاسیەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە ئامانجێکی سیاسیان لە پشـــت بووە، بۆ نموونە ئیعفاکردنی ئەو کەسەی کە بێوەژن وەك ژنی دووەم دەخوازێـــت لە غەرامە ئەگەر هاتوو ئـــەم مارەکردنەی لە دادگا تۆمارنەکرد. بێگومان ئەمە بۆ درێژەدان بوو بە شـــەڕەکانی بەعس، وەك شـــەڕی عێراق و ئێران و شەڕی کوەیت و شەڕە ناوخۆییەکان بەتایبەتی لەگەڵ کوردستاندا.

لە بڕیاری ئەنجومەنی شۆڕشی ژمارە ١١٢٨ لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٨٥ کە لە ڕۆژنامەی لە وەقائیعی عێراقی لە ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥دا بڵاوکراوەتەوە هاتووە :

( ژنی عێراقی کە مێردەکەی بۆ ماوەی ســـێ ســـاڵ لە دەرەوەیە یان تەبەعیەی وڵاتێکی دیکەیە بۆی هەیە داوای تەفریقی قەزائی بکات، ئەمەش دەقا و دەق دژی سیاســـیەکانە. راســـتە یاســـا بۆ ماوەیەکی درێژخایـــەن دادەنرێت بـــەڵام لەگەڵ بەرەوپێشـــچوونی هەل و مەرجی کۆمەڵگەدا پێویستی بە دەستکاری کردن هەیە).

**● بیرۆکەی هەمووارکردنی ئەم یاسایە لە کوردستان چۆن هاتە ئاراوە؟**

- لە کوردستان، لە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینەوە دوای دروستبونی دام و دەزگای خۆمان ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان هەڵسان بە بەرزکردنەوەی داواکاری و یاداشـــتێك بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ هەمووارکردنی ئەم یاسایە، کە یەکەم هەمووارکردن پەیوەست بوو بە فرەژنییەوە کە من ئەمە بە هەنگاوێکی پرشنگدار دادەنێم لە مێژوی ڕزگاریخوازی کورددا، ژنان هەستیان کرد کە ئەو یاسایەی بە عەقڵیەتێکی سیاسی شۆفێنی نوسراوە پێویستە هەمووار بکرێت. بەڵام هەموومان دەزانین کە پەرلەمان بە هەل و مەرجێکی ناسروشـــتیدا تێدەپەڕی بە تایبەتی بە هۆی شەڕی ناوخۆوە، کە هەمیشە مەسەلەکانی دیموکراســـی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە کاتـــی بارگرژیدا دەچنە دواوە، بەڵام کاتێك لە ســـاڵی ٢٠٠١دا هەل و مەرجەکە ئاســـایی بـــووەوە توانرا هەندێ هەمووارکـــردن لە هەندێ لە ماددەکانی یاسای باری کەسی و یاسای سزادانی عێراقیدا بکرێت، بۆ نموونە زیادکردنی غەرامەی هاوسەرگیری دەرەوەی دادگا و هەروەها لە یاسای سزاداندا ئەو ماددەیە هەڵوەشێنرایەوە کە پەیوەست بوو بە ڕێگەدان بە پیاو بۆ لێدانی خێزانەکەی.

بەڵام هەموو ئەمانە بەو گشـــتگیریەی ئێســـتا نەبوو، لەبەر ئەوەی بە داخەوە مەســـەلەی کوشـــتن و خۆســـوتاندنی ژنان زۆر بڵاوە و لە هەر شوێنێك باسی پێشکەوتنی کورستان بکەین، ڕاستەوخۆ مەسەلەی کوشتن و توندوتیژی دژی ژنانمان لەگەڵدا باس دەکرێت، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئـــەو جیاکاریەی لـــە مافەکانی ژنان و پیاواندا هەیـــە کە بنەمایەکی یاسایی هەیە.

***بەڵام ئەوە جێی دڵخۆشـــی بوو لەناو پەرلەمانی کوردستان ئەوەبوو کە دو سەنگەری بەرامبەر نەبوو، واتە شتەکان بە ڕەش و سپی نەدەخرانەڕوو، ئێوە لەم ڕووەوە چی دەڵێن؟**

- من هەمیشـــە لە بەرەنگاربونەوە و بەرهەڵســـتی کردنمدا بۆ کوشتن و توندوتیژی و نابەرامبەری دژی ژناندا و واقیعی تاڵی ژنان، مەسەلەکەم نەکردووە بە شـــەڕی نێوان ژن و پیاو یان ســـەنگەری نێوان ژن و پیاو، بەڵکو پێم وایە ئەمە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیە و ڕوبەڕوبونەوەی ئەرکی هەردولامانە، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، هەروەها دایك و باوك لەگەڵ مناڵەکان و هتد. بۆیە ئەمە یاسای پەرلەمان نییە بۆ فرەژنی، لەبەر ئەوەی پێشتر ئەم یاسایە هەبووە، بەڵام پەرلەمان دەستکاری کردووە. لە یاساکەی پێشودا مەسەلەی فرەژنی بە سێ بڕگەی ماددەیەك کە ئەم ماددەیە لە حەوت بڕگە پێهاتووە باسکراوە و مەرجی بۆ دانراوە، سەرەتا باس لەوە دەکات :

-١دەبێت پیـــاو یەك ژن بهێنێت، ئەمـــەش دان پێدانانە بە وەحدانییەتی زەواج.

-٢ ســـەبارەت بە مەرجەکانی هێنانی ژنـــی دووەمیش ئەوەیە کە دەبێت دادوەر ڕەزامەندی بدات لەسەر هێنانی ژنی دووەم.

-٣ دەبێـــت بەرژەوەندیەکی ڕەوا هەبێت لەو ژنهێنانەدا و دەبێت پیاوەکە لە ڕووی ماددیەوە توانای بەڕێوبردنی ژیانی ژنی دوهەمی هەبێت.

-٤ ئەگـــەر دادوەر لەوە ترســـا کـــە پیاوەکە لـــە ڕووی مامەڵەکردنەوە لەگەڵیاندا دادپەروەر نابێت ئەوا نابێت ڕێگەبدات ژنی دووەم بهێنێت.

بەڵام ئەوەی پەرلەمان بۆی زیاد کردووە ئەوەیە کە دەبێت:

أ- ڕاپۆرتی پزیشکی هەبێت و بیسەلمێنێت ژنی یەکەم بە هیچ شێوەیەکی توانای منداڵبوونی نییە.

ب- ژنەکە نەخۆشـــیەکی درێژخایەنی هەیە کە ڕێگرە لە موعاشەرەی زەوجی دەگرێت،بێگومان ئەمەش دوای ڕەزامەندی ژنی یەکەم، ئەو کاتە دەتوانێت ژنی دووهەم بهێنێت.

ت- مەرجێکـــی تری ئەوەیـــە کە ئەگەر ژنی یەکەم لە گرێبەســـتی هاوسەرگیریدا ئەو مەرجەی لەسەر پیاوەکە دانەنابو کە نابێت ژنی دوهەم بهێنێت بەڵام ئەگەر سەرەڕای ئەم مەرجەش ژنی دووهەمی هێنان ئەوا ژنی یەکەم ئەتوانێت تەڵاقی لێوەرگرێت.

هەرچەنـــدە ئێمە لەگەڵ زیادبونی ڕێـــژەی تەڵاقدانین. لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم ئەوەی کراوە هەموو خواستەکانی منی نەهێنانەوەتەدی، بـــەڵام من بە هەنگاوێکی گرنگ و ئیجابـــی دادەنێم بۆ ئەم قۆناغە، هەموو شـــتێکی نوێش هەتا ڕێچکەی خـــۆی دەگرێت کاتی دەوێت و ڕەنگە قوربانیشی بووێت.

من پێم وایە دەبێت بنەمای ژیانی هاوســـەرگیری بنەمایەکی ئینسانی بێـــت و دووربێت لە هەموو جۆرە بەرژەوەندیەکی دیکە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتـــە ژیان و کۆمەڵگە جوانتر دەبـــن و بارگرژی ناو کۆمەڵگەش کەم دەبێتەوە، من درێژە بە خەبات دەدەم بۆ هێنانەدی یاسایەك کە هەموومان هاوڵاتی یەکسان بین و لە ژێر سەرەوەری یەك یاسادابین، موسڵمان بین یان مەســـیحی، ژن بین یان پیاو لەبەر ئـــەوەی هەموومان هاوڵاتین و من شێوازی شارســـتانی و مەدەنی و شەرعی دەگرمەبەر بۆ گۆڕینی یاســـاکان. من ئەمەوێت ئەو بڵێم کە کاتێك ئێمە باسی یەکسانی مافی ژن و پیاو دەکەین، هەندێ جار ئەمە دەشـــوێنرێت و تەشـــویە دەکرێت، مـــن پێم وایە هەندێ لـــەو مافانەی بۆ پیاو لەم یاســـایەدا هاتوون لە مەسەلەی فرەژنی و هەندێ مەسەلەی دیکەدا زیادن، ڕەنگە لە سات و سەردەمێکی دیاری کراودا پاساوی هەبوبێت، بەڵام ئێستا کۆمەڵگەکەی ئێمە ئارامە و ئەوە هەژدە ساڵە جگە لە شەڕی ناوخۆ هیچ کارەساتێکی گەورەی بەســـەردا نەهاتووە کە ڕێژەی کـــوڕان بە ڕادەیەکی گەورە کەم بووبێتەوە.

## ژنانی ئەنفال گوتیان :
## ئێمە مەکەن بە بیانوو بۆ تێپەڕاندنی فرە ژنی

سەبارەت بەو پاساوەش کە دەڵێن ڕێژەی ژن لە پیاو زۆرترە خاتوو پەخشان گووتی:

من بەلامەوە ســـەیرە کـــە پێمان ئەڵێن ژنە ئەنفـــال زۆرە، کاتێك من لە بەرنامەیەکی تەلەفزۆنیدا لەســـەر ئەم مەســـەلەیە قســـەمکرد و ووتم کۆمەڵگەی ئێمە هەژدە ســـاڵە ئارامـــە، بەرامبەرەکەم ووتی ئەڵێی لە کۆمەڵگـــەدا ناژیت، ئەی ئـــەو هەموو ژنە ئەنفالە چییـــە، دواتر لە

●●●
**دەبێت بنەمای ژیانی هاوسەرگیری بنەمایەکی ئینسانی بێت و دووربێت لە هەموو جۆرە بەرژەوەندیەکی دیکە**
●●●

کۆمەڵگەی شـــۆڕش و کەلار و کفری و صمودەوە تەلەفۆنیان بۆکردم و ژنانـــی ئەنفال پێیان راگەیاندم کە ئێمە هەمووچووینەتە تەمەنەوە و تازە ئەتانەوێت چوار ژنمان بدەن بە پیاوێك و ئەمەیان بە سوکایەتی لێکدایەوە و گوتیـــان ئێمە مەکەن بـــە کارتێك بۆ تێپەڕاندنـــی فرەژنی، دواتر لە ئەنفالدا تەقریبەن کوڕ و کچان وەك یەك ئەنفالکراون.

هەروەها دوای ئەمەش ئەوترێت قەیرەکچمان زۆرە، من ئەســـڵەن لەگەڵ ئەوەدانیـــم ئیتر ئێمە ئەم دەســـتەواژەیە بەکاربهێنین، لە ناو عەرەبدا و لە ئەوروپاشـــدا ئەمە بەکارناهێنرێت، ئەگەر لە ئەڵمانیا ئەم دەســـتەواژەیە بەکاربهێنێت وادەزانن لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژیت، تەنیا دەستەواژەی خانـــم بەکاردەهێنرێت، ئیتـــر کچەکە هاوســـەرگیری کردبێت یاخودنا، من پێم وایە ئینســـان لە هەموو تەمەنێکدا توانای بەخشـــینی هەیە و ناتوانین بڵێین کچێك لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری نەکردووە یاخو ئافرەتێك لەبەر ئەوەی مێردەکـــەی نەماوە ئیتر ژیانیان کۆتای هاتووە، ژیان زۆر لەوە دەوڵەمەندترە و دەتوانن لـــە زۆر رێگەی ترەوە ژیانیان جوان بکەن، چارەسەریش ئەوە نییە ئەم ئافرەتە بدەینەوە بە پیاوێك کە دو یا سێ ژنی دیکەی هەبێت و سەرە بگرێت بۆ ئەوەی پیاوەکەی ببینێت ئەمە دەقا و دەق سەرەگرتنە. ئێمە نابێت چاوەڕێ بکەین هەتا هەتایە ئەم کۆمەڵگەیە بەم شـــێوەیە بمێنێتەوە دەبێت گەشەبکات و پێشبکەوێت و دەبێت هەوڵی گۆڕینی یاســـاکان بدەین لەبەر ئەوەی گۆڕینی یاساکان هۆکارێکە بۆ ئەو گەشەسەندنە.

***بەڵام ئایا نابێت یاســـاکان رەچاوی ئاســـت و رادەی پێشـــکەوتن و گەشـــەکردنی کۆمەڵگـــە بگەن، بۆ نمونە لە ســـاڵی ١٩٩٤ یاســـای قەدەغەکردنـــی چەك دەرچوو لە کاتێکدا لـــە بازاڕەکاندا چەکی قورس دەفرۆشرا؟**

- هەمـــوو کۆمەڵگەیەك کە بە قۆناغـــی ئینتیقالیدا دەڕوات، جۆرێك لە تێکچوون و ناهاوســـەنگی لە هەمـــوو بوارەکاندا لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەدا رودەدات، ئەمە ســـیما و خەســـڵەتی ئەم کۆمەڵگەیانایە.

لـــە کوردســـتان گۆڕانکارییەکان بە رەوتێکی زۆر خێـــرا روویان داوە، وەرچەرخانی گەورە روویان داوە، پێشـــتر تەنیا یـــەك زانکۆمان هەبوو بـــە چەند بەشـــێکی کەمەوە ئێســـتا چوار پێنج زانکـــۆی گەورەمان هەیە، بـــە دەیان هەزار کـــوڕ و کچ لە زانکـــۆکان دەخوێنن، مۆبایل بە رێژەیـــەك زۆر بەربڵاو بەکار دەهێنرێـــت، ئەمانە هەمووی گۆڕانن کە رەنگە راســـتەوخۆ هەســـت بە کاریگەریان نەکەین لەسەر کەلتوری ئێمە، بەڵام ئایا سیســـتەمەکانی ئێمە شان بە شانی ئەم گۆڕانکاریانە هەمووارکردنیان تێداکراوە، من ئەو پرسیارە دەکەم ئایا کاریگەری پارت و رێکخراوەکانی ئێمە چەند بووە بۆگونجاندنی سیســـتەمەکان لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەدا. پێشتر ئەگەر ئافرەتێك بەڕێوەبەری قوتابخانە بوایە شتێکی زۆر گرنگ بوو، بەڵام ئێستا ئافرەت ئەندام پەرلەمانە، وەزیرە، پۆلیســـی هاتوچۆیە و هتد. ئەمانە هەنگاوی زۆر گەورە و ئیجابین، بەڵام دەبێت سیســـتەمی پەروەردە و پەیوەندییەکانی ناو خێزان شـــان بە شانی ئەمە بگونجێنرێن.

بـــۆ نموونە ســـاڵێك زیاتـــرە حکومەت نەخشـــە و پلانـــی داناوە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیـــژی دژی ژنان، لە دوا ئاماری بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونـــەوەی توندوتیژی دژی ژنان رێژەی توندوتیژی دژی ژنان کەم بۆتەوە بە بەراورد بە شەش مانگ پێش ئێستا، ئەمە دەیسەلمێنیت کە ئەگەر نەخشـــە هەبێت و هەنگاو لەسەر هەموو ئاستەکان بنێین ئەوا کاریگەریمان دەبێت، بەڵام هێشتا تەواو نییە و دەبێت کاری زیاتر بکەین. راســـتە ئەزمونی ئەو وڵاتانەی بە شەڕدا تێپەڕیون ئەم حاڵەتانەیان تێدا روودەدات، بەڵام دەبێت :

١- پەرە بە بواری ئابووری بدەین و ژێرخانی ئابووری بنیات بنێینەوە.
٢- بێکاری کەم بکەینە و خزمەتگوزاریەکان دابین بکەین .
٣- شوێنی تایبەتی بۆ گەنجان بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانیان تەرخان بکەین.

بۆ نمونە ئەو گۆڕەپانی یاری توپی پێیانەی لە گەڕەکەکاندا دروست کراون شتی باشن، دەبێت ناوەندی رۆشنبیری هەبێت و هانی گەنجەکان بدات بۆ خوێندنەوە، لەبەر ئەوەی تا دەوڵەمەندی روحی هەبێت رەشبینی لای خەڵك کەم دەبێتەوە، بەجێی خۆی دەزانم پرســـیار بکەین ئایا چەند کتێبخانـــەی تایبەت بە منداڵان هەیە کـــە خێزانەکان منالەکانیان ببەن بۆ ئەوەی کتێبی تێدا بخوێننەوە؟، پێویســـتە ئەمە نەهجی ئیشکردنمان بێت ئەمە ستراتیجی بیرکردنەوەمان بێت، ئەمانە خەون نین و ئەتوانرێت بهێنرێنـــەدی. ئەمـــە ئەرکـــی هەموومانە بە پـــارت و رێکخراو و بە دەزگاکانی دەسەڵاتەوە و بە پیاو و ژنانەوە.

هەربۆیە ئەگەر کۆمەڵگە ســـەقامگیر و ئـــارام بێت بۆ هەموومانە. شتێکی دیکە هەیە کە ئەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەویش ئەوەیە کە ئێمە خۆمان کچان و ژنانی خۆمان فێری شـــەرم و باوەڕبەخۆنەبوون دەکەیت و هـــەر لە منالیـــەوە ناهێڵین بچێتەدەرەوە تێکەڵ بێت و قســـە بکات، یاخود ئافرەت لە ماڵەوە ئەرکێکی زۆری لەســـەر شـــانە کە ئەمەش وا دەکات ئاسۆی بیرکردنەوەی وەك پیاو فراوان نەبێت لەبەر ئەوەی بواری خۆڕۆشـــنبیرکردن و خوێندنـــەوەی کەم دەبێتەوە بـــە هۆی ئەو هەموو ئەرکەوە.


**• هیچ کەســـێك ئەگەر هەندێك تێگەیشتوو بێت لەگەڵ توندوتیژی و پێشـــێلکردنی مافەکانی ئافرەت نییە، هەموو دەبینین ئەو توندوتیژیە بۆتە بەشێك لە نەریتی کۆمەڵگەی ئێمە لە کاتێکدا نەریتی توندوتیژی لە بنەرەتدا لە کەلتوری ئێمەدا بوونی نییە بۆچی ناتوانین ئەم دیاردەیە ریشەکێش بکەین ؟**

- لە عێراقدا هەشـــتا ساڵە توندوتیژی هەیە، ئێستاش کە کوردستان لە بارودۆخێکی تردایە، بەڵام ئەو توندوتیژیەی لە شوێنەکانی دیکەدا هەیە کاریگەری لە سەر زهنییەت و عەقڵیەتی ئێمەش بەجێهێشتووە، هەروەها مەسەلەی ئابووری مەســـەلەیەکی زۆر گرنگە کە گەنج بێکاربوو کە حەزەکانی پەنگی خواردەوە مەســـەلەی توندوتیـــژی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە لە هەولێردا تا ئێســـتا ســـینەمایەك نییە کە خێزانەکان بچن، لە حەفتاکانی ســـەدەی رابردودا هەبوو ئێســـتا نییە کە سەدەی بیست و یەکە، هەروەها کتێبخانەیەکی گەورە نییە کە گەنجەکان و منداڵان روی تێبکەن، لە لایەکی دیکەوە مەسەلەی سیاسیش هەیە.

***ئایا تا چەند لە بەرەوپێشچونی ئەم هەمووارکردنە رازیت؟**

- ســـەرەڕای بوونی کەلێنەکان من پێم وایە ئەمە هەنگاوێگی ئیجابی و گەورەبوو، لەبەر ئەوەی هەر باســـکردنی ئەم مەسەلەیە لە پەرلەمان خۆی لە خۆیدا سەرکەوتن بوو، لەبەر ئەوەی ئێستا ژنانی عێراقیش داوا دەکەن کە یاســـاکە بەو شێوەیەی لە هەرێمی کوردستاندا هەمووارکرا لە عێراقیشـــدا هەمووار بکرێت، بە دەیان ئیمەیڵ و تەلەفۆنمان بۆدێت لە دەرەوە کە دەستخۆشـــیمان لێدەکەن و پێمان دەڵێن بووێرن و ئەوەی کرا بە بۆچونی پسپۆڕانی بواری شـــەرع بە قەد تاڵەمویەك ناکۆکی لەگەڵ دەقی قورئان و حەدیسدانییە و من گەشبین و دڵنیام کە سەرۆکی هەرێم ئیمزای دەکات، هەرچەندە من لەگەڵ ئەوەدانیم کە لە ئەســـڵدا فرەژنی هەر بمێنێت، لەبەر ئەوەی مـــن بە چاوێکی دیکە ئەڕوانمە واقیعەکە، بـــە چاوێکی ئەڕوانمە ئینســـان و ژن و من ئومێدەوارم بە زوترین کات دەرچێـــت و پێم وایە ئەمە کۆتای نییە ئەمە ســـەرەتایەکی باشـــە بۆ قۆناغێکی تازە و هیوادارم لە گشـــت ئاستێکدا هەنگاوی گەورە بنێن و بەرەوپێش بڕۆین و کوردستان زۆر جوانە و هیوادارم جوانتری بکەین.

**دەبێت هەوڵی گۆڕینی یاساکان بدەین لەبەر ئەوەی گۆڕینی یاساکان هۆکارێکە بۆ ئەو گەشەسەندنە**



# پەشیمانبوونەوەی مالیکی و حزبی دەعوا لە فیدرالیزم دەرگای هەموو ئەگەرەکان والاّ دەکات

باسکردنی مەرکەزیەت بە هەر بیانوویەك و لەژێر هەرپاساوێکدا بێت، لای عێراقییەکان یەك مانای هەیە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ دیکتاتۆریەت و ڕژێمی هاوشێوەی سەدام حوسێن، هەربۆیە کە باسی حکومەتی مەرکەزی و بەهێز کردنی حکومەتی مەرکەزی دەکرێت وەك ئەوە وایە سوکایەتی بە عێراقییەکان بە گشتی و گەلی کوردستان بە تایبەتی بکرێت .

وشەی مەرکەزیەت لە عێراقدا بۆتە هاوتای وشەی نازی لە ئەڵمانیا و فاشی لە ئیتالیا، ئەم وشەیە مانایەکی مەجازی وەرگرتووە، واتە گەڕانەوە بۆ ئەنفال، جینۆساید، وشکردنەوەی زۆنگاوەکانی باشۆر، گۆرە بە کۆمەڵەکانی بوصەیە و کەربەلا و نەجەف، هەربۆیە ناکرێت وشەیەك ئەم مانایەی وەرگرتبێت، ڕۆژانە بە موناسەبە و بەبێ موناسەبە هەستی عێراقییەکانی پێبریندار بکرێت .

لە باری واقعیشدا دیسان هەر هەمان مانای لێدەخوینرێتەوە، باشە ئەگەر مەرام و پیلانی گڵاوی لەپشتەوە نییە بۆچی حکومەتی مەرکەزی دەسەڵاتی بەسەر سیاسەتی ڕۆژانەی بەسرا یان کەربەلا یان نەجەف یان هەرێمی کوردستاندا هەبێت، لەکاتێکدا دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدرالی دیاریکراوە و لەسەر ئاستی دەرەوە و بودجە و بەرگری نوینەرایەتی سەروەری عێراق دەکات .

لەلایەکی دیکە کاتێك باس لە حکومەتی مەرکەزی بەهێز دەکرێت بە بیانووی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا، لەوانەیە حزبی دەعوا پێویستی بەوە نەبێت تەفسیری ئاکامە خراپەکانی دەسەڵاتی مەرکەزی بۆ بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم حزبە پاشخانێکی هەیە کە بڕوای بە توندوتیژی و کاری چەکداری هەبووە، ڕاستە وەك ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی ئەو کات و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی ئێستا خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری بەرفراوان نەبووە، بەڵام لەرووی تەشکیلاتی مەفارزی عەسکەری و پەنابردن بۆ کوشتن و توندوتیژی لە حزبە هەرەدیارەکانی عێراق و ناوچەکەشە و باش دەزانێت دەسەڵاتی مەرکەز چەند بەهێز و سەرکوتکار بێت هێندە کاردانەوەکان توندتر دەبن و هەیکەلی دەسەڵاتیش لە عێراقدا لە هەیکەلێکی مەدەنییەوە دەگۆڕێت بۆ هەیکەلێکی عەسکەرتاری و دووبارە خوێناویکردنەوەی مێژووی عێراق .

حزبی و دەعوا و د.مالیکی شارەزان و پێویستیان بەوە نییە بە درێژی باسی ئەوەیان بۆ بکەین سەدام حوسێن بۆچی پابەند بوو بە بەهێزکردنی حکومەتی مەرکەزی بەغداو دەزانن بۆچی هەموو سەرەداوەکان لە بەغدا کۆکرابونەوە، هەروەها دەشزانن بۆچی سەدام حوسێن شەجرەیەکی ساختەی بۆخۆی دروستکرد و خۆی کرد بەنەوەی ئیمامی عەلی (خ.ل) .

* کەواتە جێگەی خۆیەتی پرسیار بەئاراستەیەکی دیکە لە جەنابی مالیکی و حزبی دەعوا بکەین و بڵێن ئایا ئێوە ئەگەر بتانەوێت دەسەڵاتان لە بەهێزکردنی مەرکەزدا بگاتە دەسەڵاتی سەدام حوسێن، چەندساڵی دیکەتان دەوێت؟

بێگومان وەك ڕابردووی ڕژێمی سەدام حوسێن ئێستا پێمان دەڵیت،کە چ پارە و ئیمکانییەتێك بۆ ئەو حکومەتە مەرکەزیە و پاراستنی تەرخانکراوە، ئەوا ئەگەر پێنتاگۆن بەتەواوی بگوازرێتەوە بۆ بەغدا ئێوە ئەو دەسەڵاتەتان نابێت و هەشتانبێت ئاکامەکەی لە ئاکامی سەدام حوسێن باشتر نابێت .

## ئیسناد لەبری فرسان

کە دەڵین ڕەفتاری مەرکەزیەت یان بەکارهێنانی وشەی مەرکەزی وەك سوکایەتیکردنە بە ئیرادەی عێراقیەکان، لەبەر ئەوەیە ئەو ئەقڵیەتەی کە مەرکەزیەتی پێبەڕیوەدەبرێت لە عێراقدا هەر ئەقڵیەتی سەدام حوسێنەو سەدام لەماوەی ٤٠ساڵدا هەموو ڕێگەیەکی گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەتە مەرکەزیەکەی بپارێزێت، بێگومان یەکێك لەو ڕێگایەنەی دژایەتی خواستەکانی گەلی کوردستانی پێدەکرد چەکدارکردنی عەشایر بوو بە ناوی فرسان و دواتریش بە ناوی ئەفواجی دیفاعی وەتەنی و خەفیفە و چەندین ناوی دیکە، ئێستا جەنابی مالیکی کە هەوڵدەدات وەجاغی سەدام کوێرنەبێتەوە دەستیکردووە بە بانگهێشتکردنی سەرۆك هۆزەکانی کورد لە ناوچە دابراوەکانی هەرێمی کوردستان وداوایان لێدەکات فەوجی ئیسناد بکەنەوە و لە ژێر فەرمانی حکومەتی مەرکەزیدا بن، ئەم هەنگاوەی هەرچۆنێك پاساوی بۆ بهێنێتەوە لە هەنگاوەکانی سەدام حوسێن دەچن، بەڵام وەڵامدانەوەی سەرۆك هۆزەکانی ناوچە دابڕاوەکان بەوەی ئامادەنیین فەوجی ئیسناد بکەنەوە دەریخست کە مالیکی لەیەکەم هەنگاوی بۆ لاسایکردنەوەی سەداك شکستی هێناوە.

## هەمواركردنی دەستور
## شەرعیەتدان بەدیکتاتۆری

بەڕێز د.مالیکی لەوانەیە لە کۆبونەوە حزبیەکانیدا لەگەڵ ریفاقەکانی حزبی دەعوا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە ببێتەوە : بۆچی ئێمە پۆستی سەرۆك وەزیرانمان بەدەستەوەیە کەچی لە هەڵبژاردندا هەر کەمینەین ؟ ئەی حزبی بەعس کە دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو زۆربەی عێراق بەعسی نەبوون ؟ ئەگەر مەزەندەکردن بۆ ئەم پرسیارانە هەڵەبن کەواتە بۆچی وەك سەرۆك وەزیران داوای هەموارکردنی دەستور دەکات، ئایا لە وڵاتێکی دیموکراتی و فیدرالیدا بەم لۆژیکە داوای هەموارکردنی دەستور دەکرێت یان لەناو پەرلەماندا لیژنەی هەموارکردنی دەستور هەیە و دەبێت پەرلەمانتارانی حزبی دەعوا داوا لە لیژنەی ناوبراو بکەن .

وازهێنان لەم شێوازە پەرلەمانییە هەوڵێکە بۆ شەرعیەت دان بە دیکتاتۆری، بەڵام وەك بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە بە گوڵانیان ڕاگەیاند .د.مالیکی چاوی خۆی لە و ڕاستیە پۆشیوە ئەگەر تەنها هاوپەیمانی کوردستانیش دژی ئەم هەوڵەی ڕابوەستنەوە ئەوە هەوڵەکانی سەرکەوتوو نابن و کورد بەپێی دەستور ئەو مافی ڤیتۆیەی هەیە کە نەهێڵیت ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو بن .


**وشەی مەرکەزیەت لە عێراقدا بۆتە هاوتای وشەی نازی لە ئەڵمانیا و فاشی لە ئیتالیا، ئەم وشەیە مانایەکی مەجازی وەرگرتووە، واتە گەڕانەوە بۆ ئەنفال، جینۆساید، وشکردنەوەی زۆنگاوەکانی باشۆر، گۆرە بە کۆمەڵەکانی بوصەیە و کەربەلا و نەجەف**

**کەواتە جێگەی خۆیەتی پرسیار بەئاراستەیەکی دیکە لە جەنابی مالیکی و حزبی دەعوا بکەین و بڵێن ئایا ئێوە ئەگەر بتانەوێت دەسەڵاتان لە بەهێزکردنی مەرکەزدا بگاتە دەسەڵاتی سەدام حوسێن، چەند ساڵی دیکەتان دەوێت؟**

**جەنابی مالیکی کە هەوڵدەدات وەجاغی سەدام کوێرنەبێتەوە دەستیکردووە بە بانگهێشتکردنی سەرۆک هۆزەکانی کورد لە ناوچە دابراوەکانی هەرێمی کوردستان وداوایان لێدەکات فەوجی ئیسناد بکەنەوە و لە ژێر فەرمانی حکومەتی مەرکەزیدا بن**

پەرلەمانتار د. سەعدی بەرزنجی بۆ گوڵان:

# مالیکی هەر هەوڵێک بدات ئاکامەکەی شکست دەبێت لەبەر ئەوەی لە هەمووارکرنی دەستوردا کورد مافی ڤیتۆی هەیە



د.سەعدی بەرزنجی کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان پێشتر سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و پێش ئەوەش راگری کۆلێژی یاسا و رامیاری بووە لەزانکۆی سەلاحەدین
د.سەعدی بەرزنجی یەکێکە لە یاساناس و دەستوردارێژەران لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و بەشداربووە لە دارشتنی دەستوری عێراق و کوردستانیشدا، بۆیە وەك شارەزایەك لە بواری دەستورو یاساکانی عێراق هەوڵەکانی د.مالیکی بۆ هەموارکردنی دەستور و زیادکردنی دەسەڵاتەکانی مەرکەز پێشوەختە بە هەوڵی شکست خواردوو لەقەڵەم دەدات و پێی وایە بێجگە لە کورد لایەنەکانی دیکەی عێراقیش بەو هەوڵانە رازی نابن بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی ئەم باسە و رەهەندەکانی د.سەعدی بەرزنجی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری.

***کە گویێ لە لێدوانەکانی مالیکی دەگرین بەوەی باسی بەهێزکردنی حکومەتی مەرکەز و دروستکردنی ئەنجوومەنی ئیسناد دەکات هەست دەکەین پەشێمانبونەوە لە دەستور و فیدرالیدا هەیە ئێوە وەك هاوپەیمانی کوردستان چۆن سەیری ئەم باردۆخە دەکەن ؟**

- راوبۆچونی من لەگەڵ راوبۆچونی هاوپەیمانی کوردستانیدایە و رەفتارەکانی مالیکی پاشگەزبونەوەیە لە بیروباوڕەکانی پێشوی لەبەر ئەوەی **مالیکی یەکێك بوو لەو کەسانەی بەشداری لە دارشتنی دەستوری عێراقیدا کرد و وەك سەرۆك وەزیران سوێندی خواردووە کە پاپەبەند بێت بە دەستوورەوە و سیستمی فیدراڵی و دیموکراسی بپارێزێت.** هەرچەندە رای گەیاندووە ئەمە بیروباوەڕی شەخسی خۆیەتی، بەڵام ئەمە ئەوە دەردەخات کە نیەتی گەڕاندنەوەی مەرکەزیەتی هەیە بۆ ئیدارە و بۆ حوکم. ئەمە پێچەوانەی دەستوور و سیستمی دیموکراسی و بنەمای لامەرکەزییەتە کە دەستوور جەختی لەسەر کردۆتەوە. ئێمە لە هەڵوێستی مالیکی نارازین و ئەو باش دەزانێت کە داواکاریەکەی ئەو بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی مەرکەز و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان بە دەست ئەو نییە، بەڵکو بە دەست خەڵکی کوردستانە لەبەر ئەوەی خەڵکی کورستان مافی ڤیتۆی هەیە لە سەر هەر گۆڕانێك لە دەستووردا، هەروەك لە ماددەکانی ١٢٦و ١٤٢دا هاتووە ئەوان بە تەنیا ناتوانن دەستوور هەموار بکەن ئەمە خەون و خەیاڵە و دەبێت رەزامەندی کوردی لەسەر بێت.

*** ئەی سەبارەت بە دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستاندا، هەڵوێستان چییە ؟**

- ئەوەی پێی دەوترێت ئەنجوومەنەکانی ئیسناد ئەوا پێمان وایە ئەمە تەنیا گێرەشێوێنی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر مەبەست ئەوەیە پشتگیری لە حکومەت بکەن، ئەوا خەڵکی کوردستان لەو ناوچانەدا کە ئێمە پێی دەڵێین ناوچە دابڕاوەکان و ئەوان پێی دەڵێن ناوچە کێشەلەسەرەکان، پشتگیری لە هەر هەنگاوێکی حکومەت دەکەن کە ئاراستەیەکی باشی هەبێت و دەستوری بێت. خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ سەقامگیری کورد و کوردستان رۆڵێکی باڵایان بینیوە نەك هەر لەو ناوچانەی نزیکی کوردستان و ئەو ناوچانەی دابڕوان لە کوردستان بەڵکو تەنانەت لە بەغدا و لە شوێنەکانی دیکەش کورد رۆڵێکی باڵای بینیوە بۆ سەقامگیری و بۆ روبەڕبونەوەی تیرۆر، ئیتر بیدعەی ئەم ئەنجوومەنی ئیسنادانە چیە، خۆشبەختانە نەك تەنیا هاوپەیمانی کوردستانی، بەڵکو هەموو لایەنەکانی تری ناو ئیئتیلاف و تەوافوق دژی ئەم بۆچونەو و دژی ئەم ئەنجوومەنانەن تەنانەت خەڵکانێکی زۆری باشور و ناوەڕاست و پارێزگاکانی باشور و ناوەڕاستیش بە ناشەرعی دەزانن. بۆیە من واتێدەگەم کە هەوڵەکان شکستیان هێناوە بۆ دروستکردنی ئەم ئەنجوومەنانە و بە پێی زانیاریەکانی من مالیکی داوای لە هەندێ لە موستەشارە کۆنەکانی کورد کردووە بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەم ئەنجومانەدا، بەڵام ئەوان رەتیان کردۆتەوە، ئەگەر ئەم زانیاریانە راستبن ئەوا نیشانەی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بە هەموولایەك و بە هەموو کەسایەتیەکانەوە دژی ئەم کارەن.

***کاتی خۆی مالیکی ووشەی فیدراڵی لە سوێندخواردنەکە لابردبوو و دواتر دووبارە کرایەوە، ئایا ئەمە نایسەلمێنێت کە پاشخانێکی ئایدلۆیۆلۆژی هەیە بۆ ئەم رەفتارەی مالیکی؟**

- ئەوە لەسەردەمی جەعفەریدا بوو، هەرچەندە ئەویش هەر حزبی دەعوەبوو، لەبەر ئەوە پێناچێت ئەوان لە ناخی خۆیاندا باوەڕیان بە لامەرکەزیەتی ئیدارە و فیدراڵیەت هەبێت و ئەمەش پێچەوانەی دەستووره.

***حزبی دەعوەش بە چەشنی کورد و شیعەکان بە دەست حکومەتی مەرکەزیەتەوە ناڵاندویەتی، ئایا ئێستا بۆچی ئەم قوربانیە دەبێتەوە جەللاد، ئایا خەڵکی عێراق ئەو ئاستە هۆشیاریەیان هەیە کە ئەمە قبوڵ نەکات؟**

- ئەگەر خەڵکی عێراق لە ئاستی هۆشیاریدا بێت نابێت ئەمە قبوڵ بکات و ئەو وتەیەش راستە کە دەڵێت قوربانی هەوڵی لاسایکردنەوەی جەللاد دەدات.

***هاوپەیمانی کوردستان وەك لایەنێکی سەرەکی لەگەڵ ئیمزاکردنی رێککەوتنە ئەمنیەکەدان، بەڵام لایەنەکانی دیکە پشتگیری ناکەن ئایا ئەگەری ئیمزاکردنی ئەم رێککەوتنە هەیە؟**

- من پێم وایە رێککەوتنە ئەمنیەکە ئیمزا دەکرێت لەبەر ئەوەی لایەنەکانی دیکە تەنیا بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن دژایەتی دەکەن ئەگەرنا لە ژێرەوە لەگەڵیدان و ئەگەری ئەوە هەیە ئیمزا بکرێت، بۆ نموونە سامی عەسکەری کە راوێژکاری مالیکیە لەگەڵ ئەوەدایە کە ئیمزابکرێت.

*** ئایا کورد توانیوویەتی ئاستەنگی ٢٢ی تەمموز ببەزێنێت و جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە؟**

- ئێمە لە هەوڵداین و کارەکان بە باشی دەڕۆن و بە ئومێدەی ئەوەین دەرئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە.

پەرلەمانتار خالید شوانی بۆ گوڵان:

# لێدوانەکانی حزبی دەعوا و مالیکی بۆ بەهێزکردنی مەرکەز بازدانە بەسەر دەستوردا



**خالید شوانی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان و هەر لە ناوەکەشی رادیارە کە نوێنەری شاری کەرکوکە لە پەرلەمانی عێراقدا، شوانی یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی کە بەردوام لەناو پەرلەمان و میدیاکانیشدا بەرگری لە دەستوری عێراق و ماددەی ١٤٠ و دەسەڵاتە دەستورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات .سەبارەت پەیوەندی ئێستای نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی مالیکی بۆ بەهێزکردنی مەرکەز وهەمووارکردنی دەستور، بەرێز خالید شوانی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای حکومەتی عێراق و پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو حکومەتەدا هەڵدەسەنگێنێت؟**

- پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی بە پێی دەستوور رێکدەخرێت و هەر لە دەستوریشدا دەسەڵاتەکانی هەردولا بە روونی دیاری کراون و **ئەو لێکدانەوانەی حزبی دەعوە و هەندێ لایەنی دیکە دەیکەن بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی خۆیان بازدانە بە سەر دەستوردا و پێشێلکردنی ئەو دەستوورەیە**، ئێمە لایەنێکی تایبەتمەندمان هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی لێکدانەوە و تەفسیرکردنی دەستوور ئەویش دادگای ئیتیحادیە و نە حکومەتی مەرکەز و نە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نە پارێزگاکان ناتوانن لە خۆیانەوە تەفسیری دەستوور بکەن. دواتر لەبەر ئەوەی سیستەمی فیدرالیزم لە عێراقدا نوێیە ئەوا لە جێبەجێکردنیدا گیروگرفت دروست دەبێت، بەلام گرنگە ئەوەیە ئێمە پەنا بۆ دانوستاندن ببەین بە مەرجێك دەستور بکەین بە مەرجەع، لێدوانەکانی حزبی دەعوە ئاماژەی ئەوەن جۆرێك لە پاشگەزبونەوە هەیە لە سیستەمی فیدارلیزم و لە بنەماکانی دەستور.

*** بەلام شەڕەکە چۆتەدەرەوەی دستور لەبەر ئەوەی ئەوان ناگەڕێینەوە بۆ دەستوور پێت وایە ئێمە دەتوانین دەستور بکەینەوە بە مەرجەع یاخود ئەوان مەرجەکانی خۆیان دەسەپێنن؟**

- من باوەڕم وانییە مەسەلەکە گەیشتبێتە قۆناخ و خاڵێك کە گەڕانەوەی تێدانەبێت، راستە حزبی دەعوە وەك حزبی دەسەلاتدار هەوڵ ئەدات زۆرترین قورسای هەبێت لەسەر هاوکێشەی سیاسی عێراق، بەلام خۆ بە تەنیا ئەم حزبە حوکمڕانی ناکات، حزبەکانی دیکەی وەك یەکێتی و پارتی و حزبە کوردستانییەکان و ئەنجومەنی بالای ئیسلامی و رەوتی سەدر و حزبی فەزیلە ئەمانە بەرهەڵستی هەوڵەکانی حزبی دەعوە دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی مەرکەزیەت و دەرچوون لە دەستوور، لەبەر ئەوەی ئەم حزبانە حکومەتەکەی مالیکی پێك دەهێنن، من پێم وایە ئەگەر ئەم حزبانە هەڵوێستی جیددیان هەبێت ئەوا مالیکی ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر پێشێلکردنی دەستوور و دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد کە هیچ شەرعیەتێکی دەستوری و یاسای نییە.

*** ئایا تێڕوانینتان چییە لەسەر دروستکردنی ئەنجومەنەکانی ئیسناد لەو ناوچانەی کە ناکۆکییان لەسەرە؟**

- ئەمە نەك هەر لە بەرژەوەندی پرۆسەی سیاسی و ئایندەی ئەو ناوچانە نییە کە ناکۆکی و ململانێیان لەسەرە، بەڵکو کارێکی مەترسیدارە کە چەکدار لە دەرەوەی دەزگا ئەمنییە دەستووریەکان دروست بکرێت. ئەو ناوچانەی پێویستییان بە چەکداماڵین و زەمینەخۆشکردن هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەری کێشەکانیان بکرێت نەك بە پڕچەککردنی پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە و پەنابردنە بەر چەك ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە. دەکرێت ئەو بودجەیەی بۆ دروستکردنی ئەم ئەنجومەنانە سەرف دەکرێت بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان و دروستکردنی هەلی کار بۆ بێکارەکان لەو ناوچانە و بۆ پرۆژەی مەدەنی سەرف بکرێت نەك بۆ بەعەسکەرکردنی کۆمەڵگە. دواتر نابێت پارەی دەوڵەت بۆ بەهێزکردنی پێگەی حزبێکی دیاری کراو بەکاربهێنرێت. ئەم ناوچانە ئەنبار نین بارودۆخی ئەمنی ئەوەندە مەترسیداربێت پێویست بە دروستکردنی ئەنجومەنەکانی ئیسناد بکات، هەموو فەرماندە ئەمنییەکانی کەرکوك ئاماژە بەوە دەکەن کەرکوك پێویستی بەم جۆرە ئەنجومەنانە نییە و لە راستیدا زەمینەی عەمەلی و عەسکەری و کۆمەلایەتی و سیاسی لەبارنییە لەم ناوچانەدا بۆ دروستکردنی ئەم ئەنجومەنانە و دەبێت مالیکی بڕیارێکی لەم شێوەیە نەدات، لەبەر ئەوەی شەریکی دیکەی هەیە لە پرۆسەی سیاسیدا و هاوپەیمانی کوردستانیش هەڵوێستی توندی دەبێت و ناهیلێت ئەم جۆرە ئەنجومەنانە لەم ناوچانەدا دروست بکرێت.

*** لێدوانەکانی مالیکی دەربارەی هەمووارکردنی دەستوور چۆن لێکدەدەنەوە بۆ زیادکردنی دەسەلاتەکانی مەرکەز لە کاتێکدا هەمووارکردنی دەستوور زۆر زەحمەتە؟**

- من پێم وایە مالیکی لە هەڵبژاردنی شوێن و کات بۆ خستنەڕوی بۆچونەکانی سەرکەوتو نەبووە، ئەگەر مالیکی داوای هەمووارکردنی دەستووری بخستایەتەڕو لە چوارچێوەی لیژنەی هەمووارکردنی دەستور و دواتر بە پێی ئەو ئالیاتانەی لە دەستووردا هاتووە پەرلەمان دانیشتی لەسەر بکردایە و خەڵك دەنگی بۆ بدایە و دوو لە سەر سێی سێ پارێزگا رەتی نەکاتەوە ئەوا شتێکی سروشتی و تەندورست دەبوو، بەلام مەترسیەکە لەوەدایە کە مالیکی داوای زیادکردنی دەسەلاتەکانی دەکات بێ ئەوەی دەستوور هەمووار بکرێت، واتە لە کاتێکدا دەستوور دەسەلاتەکانی حکومەتی مەرکەزی دیاری کردووە. مەترسیەکە لێرەدایە.

*** ئایا ئەمە پاشەگەزبونەوە نییە لەو عێراقە فیدرالی و دیموکرات و فرەییەی لە سەرتاوە ئاماژەی بۆ دەکرا؟**

- بە پێی لێدوانەکانی حزبی دەعوە چ لەسەر ئاستی مالیکی و چ لەسەر ئاستی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە کە داوای زیادکردنی دەسەلاتی مەرکەز دەکەن ئەمە پاشگەزبونەوەیە لە سیستەمی فیدرالیی و ئەوان ئەمەیان نەشاردۆتەوە.

*** ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ٢٢ی تەمموز دووبارە نەبێتەوە، ئایا زەمینەیەکی لەو شێوەیەمان رەخساندووە؟**

- ئێمە دەبێت هەوڵی دارشتنەوەی هاوپەیمانێتیەکانمان بدەین لەگەڵ هاوپەیمانەکانی پێشوودا و هەوڵی روونکردنەوە و قوڵکردنەوەی بدەین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە زەمینە ٢٢ی تەموزێکی دیکە دروست نەبێتەوە لەم رووەوە لە گفتوگۆی بەردەوامداین و تەنانەت لەگەڵ ئەوانەشدا لە گفتوگۆداین کە هاوپەیمانمان نین بۆ ئەوەی ئەگەر لەگەڵیشماندا نەبن ئەوا بێلایەن بن و خۆشتان دەزانن کە هاوپەیمانێتیە سیاسیەکان بە پێی هەل و مەرجی سیاسی دەگۆڕێن.

*** چۆن هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستان هەڵدەسەنگێنێت بەرامبەر رێککەوتنە ئەمنییەکەی عێراق لەگەڵ ئەمەریکا؟**

- من پێم وایە روونی هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستان شتێکی تەندروست و ئیجابی بوو.

*** ئایا ئەگەر ئەو رێککەوتنە ئیمزانەکرێت بارودۆخی عێراق تێکناچێت؟**

- رەنگە باشترین سیناریۆ بۆ ئایندەی عێراق بریتی بێت لە ئیمزاکردنی ئەو رێککەوتنە ئەگەرنا عێراق ناچاردەبێت داوای لە نەتەوە یەکگرتوەکان بکات بۆ ئەوەی ماوەی مانەوەی هێزی فرە نەتەوەکان لە عێراقدا درێژبکاتەوە.

ئەلفرید مۆنتیرۆ:

# پەنابردن بۆ حکومەتی مەرکەزی بەهێز لەعێراقدا زەمینەسازییە بۆ شەڕی ناوخۆ



پرۆفیسۆر ئەلفرید مۆنتیرۆ ئوستادی زانستی سیاسەت و قانونی دەستورییە لە زانکۆی کاریلتۆن و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر ریفۆرم و دیموکراسی و پرۆسەی فیدرالی و دی سەنترالیزمی ئەمریکای لاتین و بەشێوەیەکی گشتیش لەسەر ئەزمونەکانی فیدرالیزم لە جیهاندا .
پرۆفیسۆر مۆنتیرۆ لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی عێراقە هەربۆیە کاتێك لە روانگەی ئەزموونی مەکسیك یان بە رازیل واقیعی عێراق بەراورد دەکات زۆر زیرەکانە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان هەردوولا دیاری دەکات و تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەوڵدان بۆ لاسایکردنەوەی ئەو ئەزمونە فیدرالیانەی کە حکومەتی ناوەند تیایدا بەهێزە لەگەڵ واقیعی عێراق ناگونجێت و بەردەوامیش لەسەر ئەم جۆرە هەوڵانە عێراق رووبەڕووی ناسەقامگیری و شەڕێکی ناوخۆی دیکە دەکاتەوە و ئەمەش دەقی قسەکانی ئەلفرید مۆنتیرۆیە کە تایبەت بە گوڵان کردویەتی.

*** فیدراڵیزم چییە و بۆچی زۆرێك لە وڵاتان هەوڵی پیادەکردنی فیدراڵیزمیان داوە؟**

- فیدراڵیزم بونیادێکی یاسای و دەستوریە کە بوونی حکومەتە جیاوازەکان لە خۆدەگرێت، بۆ نموونە حکومەتی نیشتمانی، حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان و تەنانەت حکومڕانێتی شارەوانیش کە ئەمەش بە نامەرکەزی کردنی ئیدارە و بەرپرسیارێتیە سیاسییەکانە، هەندێك لە وڵاتان هەڵدەستن بە نامەرکەزیکردنی ئیدارە و سەرچاوەکان بەڵام مەرج نییە فیدراڵیزم پیادە بکەن لەبەر ئەوەی ئەم بە نامەرکەزیکردنە نەبۆتە بونیادێکی دەستووری. هۆکاری ئەوەی زۆرێك لە وڵاتان فیدراڵیزم پیادە دەکەن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وڵاتێکی فرەنەتەوە بۆ نموونە عێراق کە ناسنامەی سیاسی و جوگرافی جیاوازی تێدایە، ئەوا فیدراڵیزم باشترین بونیادە بۆ هێنانەدی سەقامگیری لەو وڵاتەدا، بۆ نموونە ئیسپانیا، ئەندەنوسیا و تا رادەیەك ئیتاڵیا کە ئەم وڵاتانە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوەن، بەڵام وڵاتگەلێکی دیکە هەن کە هەرچەندە کۆمەڵگەیەکی فرەئیتن و فرە نەتەوەیان نیە، بەڵام فیدراڵیزم پیادە دەکەن لەبەر ئەوەی باشترین شێوازە بۆ دابەشکردنی سەرچاوە و دەسەڵات بۆ نموونە ئەڵمانیا، مەکسیك و بەرازیل.

*** کەواتە بت پسیارەکەمان بەوشێوەیە بکەین بۆچی حکومەتی عێراق لە فیدرالیزم دەترسێت؟**

- پرسیارەکەی ئێوە پەیوەستە بە چۆنیەتی پێکهێنانی سیستمێکی فیدراڵیزمەوە، هەندێ جار فیدراڵیزم لە سەر ئاستی سەرەوە پێکدەهێنرێت، لەسەر ئاستی حکومەتی مەرکەزی وەك ئەوەی لە وڵاتی مەکسیکدا بەدی دەکەین کە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز هەیە لەو وڵاتەدا و دواتر فیدراڵیزم پیادەکراوە، ئەم شێوازەیان زیاتر سەقامگیرە، بەڵام لە حاڵەتی عێراقدا بە پێچەوانەوەیە کە دابەشبونی ئیتنی و ئاینی هەیە کە هەندێ جار یەکەی خوار نەتەوە هەیە کە لە سەر ئاستی نەتەوەی هەندێ دەسەڵاتیان هەیە، کوردستان باشترین نموونەیە لە عێراقدا. هەروەها نمونەی وڵاتێکی دیکە هەیە کە کۆمەڵگەکانیان فرە ئیتن نیە، بەڵام فیدراڵیزم لەسەر ئاستەکانی خوارەوە رێکخراوە وەك وڵاتی بەرازیل و ئەمەریکا. ئایا لە عێراقدا دەتوانرێت بە چەشتی مەکسیك فیدراڵیزم لە سەر ئاستی مەرکەز پیادە بکرێت، من بوێری ئەوە دەکەم کە بڵێم نەخێر، لەبەر ئەوەی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بوونی نیە بە هەمان شێوەی مەکسیك، بەڵام ئەگەر حکومەتی مەرکەزی بتوانێت کۆنترۆڵی سەرچاوەی نەوتی وڵاتەکە بکات و دەسەڵاتی خۆی بەهێز بکات، ئەوا دەتوانێت مەرجەکانی خۆی بسەپێنێت لە کاتی بە نامەرکەزی کردنی دەسەڵاتی سیاسی و دابەشکردنی داهاتی سەرچاوەکاندا، بەڵام بە تێڕوانینی من یاسای نەوتی ئێوە رێگە بەم کارە نادات. کەواتە لە حاڵەتی عێراقدا دەبێت پیادەکردنی فیدرڵیزم لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت کە مەرج نییە ببێتە مایەی ناسەقامگیری.

*** لەکەلتوری سیاسیی عێراقدا مەرکەزیەت واتە دیکتاتۆری، ئێمە هەست دەکەین دەرەوە بە تەواوی لەم مەترسیەی ئێمە تێناگەن؟**

- ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزمونی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین کە لە ساڵانی هەشتاکاندا حکومەتگەلێکی تاکڕەو و مەرکەزیان هەبوو، بۆ نموونە بەرازیل تا رادەیەك رژێمێکی دڵڕەق بوو، بەڵام ئاڵ و گۆڕی بەسەرداهات و بووە رژێمێکی پتر دیموکراسی و سیستمی فیدراڵیزمی پیادەکرد، ئەگەرچی حکومەتی ناوەندی لاواز بوو، بەڵام حکومەتی ناوەندی توانستی وردە وردە ئەو دەسەڵاتە بەدەست بهێنێتەوە کە لە رابردودا لە دەستیدا بێ ئەوەی ببێتە هەڕەشە بۆ سەر دیموکراسی، دەکرێت حکومەتی عێراق هەمان شێواز بگرێتەبەر کە حاڵی حازر حکومەتی مەرکەزی لە عێراقدا لاوازە لە بەرامبەردا هەرێمەکان بەهێزن، بەڵام دەکرێت حکومەتی ناوەندی دەسەڵات بەدەست بهێنێتەوە بێ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی تێکدانی رەوتی بەرەوپێشچونی دیموکراسی. گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ سیستمە فیدراڵیەکە لە بەرازیلدا پانزە ساڵی بە چەشنێك کە لە روی ئابووریەوە درێژخایەن بێت کە لە بەرازیلدا دابەشبونی ئیتنی و ئاینیش نییە بە پێچەوانەی عێراقەوە کە ئەمەش مەسەلەکە ئاڵۆز دەکات. بەڵام لە ئیسپانیادا سەرەڕای بوونی جیاوازییە ئیتنی و زمانەوانیەکان توانرا ئەم هاوسەنگیە بگەڕێنرێتەوە کە ئەمەش پرۆسەیەکی بەردەوامە، لەبەر ئەوەی هەندێ جار هەرێمەکان دەسەڵاتی زیاتر بەدەست دەهێنن و هەندێ جار مەرکەز. مەبەستم ئەوەیە دەکرێت ئەم هاوسەنگیە لەو کۆمەڵگەیانەشدا بهێنرێتەدی کە فرەیی ئاینی و ئیتنیان تێدایە.

*** فیدراڵیزم پەیوەستە بە پێکەوژیانی ئارەزومەندانەو ئاشتیانە، لە عێراقدا گۆڕاوە بۆ پێکەوژیانی زۆرملێ، تێڕوانینی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- ناتوانیت خەڵك ناچارکەیت و دژی ئیرادەی خۆی شتێکی دیاری کراوی بەسەردا بسەپێنێت، ئەمە سەردەکێشێت بۆ یاخیبون و هەڵگەڕانەوە. من پێم وایە دەبێت پاداشت و سزا هەبێت و دەبێت ئەو پرسیارە بکەین بۆ چی خەڵکی کیبوبیکی کەنەدا و تەنانەت هەرێمی باسك لە ئیسپانیا بڕیاری مانەوە دەدەن لە چوارچێوەی

وڵاتەکەدا، بۆچی بڕیاری جیابونەوە نادەن کە من پێم وانیە حکومەتی ئیسپانیا خەڵکی باسك ناچاربکات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بمێننەوە، مەسەلەکە ئەوەیە کە مانەوەی لە ناو ئەو دەوڵەتانەدا دەستکەوتێکی زۆریان بۆ دابین دەکات و جیابوونەوەیان باجێکی زۆری دەوێت، دابەشکردنی داهاتەکان هەیە لە ئیسپانیا کە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی هەرێمی باسك بڕیاری جیابوونەوە نەدەن، هەمان شت بۆ هەرێمی کیبوبیك ڕاست و دروستە، لەبەر ئەوەی جیابوونەوە دووچاری دژواریەکی زۆریان دەکات بە تایبەتی لە رووی ئابووریەوە. بەڵام هەردوو ئەم هەرێمە خاوەنی ئۆتۆنۆمین و دەسەڵاتیان هەیە بە سەر کەلتوور و کەرتی پەروەردە و سیستمی چاودێری پزیشکی، لە عێراقیشدا هەرێمی کوردستان دەسەڵاتێکی زۆری هەیە بە سەر سیاسەتی کۆمەڵایەتی، بەسەر کەلتوور و زمان و ئابووریەوە، هەروەها هێزی پۆلیس خۆتان هەیە، کەواتە کوردستان زۆر هاوشێوەیە لەگەڵ هەرێمی باسك و کیبوبیکدا، ئەمەش پاڵنەری مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا خولقاندووە، بەڵام ئەگەر حکومەتی مەرکەزی عێراق هەرەسی هێناو و پشێوی بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بوو بە چەشنێك کە کاریگەریەکی زۆر خراپی لە سەر کوردستان جێهێشت، ئەوا رەنگە ئەو کاتە کوردستان بیر لە جیابونەوە بکاتەوە لەبەر ئەوەی ئەمە زیاتر بەرژەوەندیەکانی ئەو هەرێمە دەهێنێتەدی، بەڵام بە تێڕوانینی من هێشتا ئەو بارودۆخە دروست نەبووە.

*** لە دوای روخانی رژێمی سەددام، کوردستان بە رەسمی بەشداری کرد لە بنیاتنانەوەی عێراقدا لەسەر بنەمای فیدراڵیزم، بەڵام حاڵی حازر خەریکە فیدراڵیزم بگۆڕێت بۆ مەرکەزیەت و دیکتاتۆریەت، ئایا لەم حاڵەتەدا ڕێگاچارەکانی دیکەی بەردەم کوردەکان چین؟**

- ئەو دەرئەنجامەی زیاتر ئەگەری روودانی لێدەکرێت بریتی دەبێت لە سەرهەڵدانی یاخیبون و توندوتیژی بە تایبەتی توندوتیژی سیاسی ڕێکخراو، هەروەها لەبەریەکهەڵوەشانی عێراق و ئەو کاتە سەربەخۆی کوردستان دەبێتە تەحەددایەکی قورس بۆ تورکیا، ئەم دەرئەنجامە پڕ لە ناسەقامگیریە لە بەرژەوەندی هیچ لایەك نابن. یەکێکی دیکە لە ڕێگاچارەکان بریتیە لە دووبارە گفتوگۆکردنەوە لەسەر فیدراڵیزم، بۆ نموونە بەلجیکا لە سەر لێواری دابەشبوون بوو لە نێوان ئەو هەرێمەی بە فەرەنسی قسەدەکەن لەگەڵ ئەو هەرێمەی بە هۆڵەندی دەدوێن، بەڵام هەمولایەك ئەو راستیە دەزانن کە دابەشبونی بەلجیکا چارەسەرنییە، لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی حەتمی دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و دانوستاندن.

*** حاڵی حازر داوای هەموارکردنی دەستوری عێراق بۆ ئەوەی لە سەر حسابی هەرێمەکان دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی زیاد بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا کوردەکان پابەندبوون بە دەستورەوە بە مەرجی یەکێتی عێراق دەزانن، خوێندنەوەی ئێوە چیە بۆ ئەم حاڵەتە؟**

- ئەگەر حاڵەتێك بێتە پێشەوە کە دەستور هەمواربکرێت و بونیادی حکومەت بگۆڕێت بۆ بونیادێکی مەرکەزی، بەڵام خەڵکی لەسەر ئاستی هەرێمەکان بۆ نموونە هەرێم کوردستان بە هۆی دەستڕۆیشتوی ئەم هەرێمە لە سەر ئاستی نەتەوەی لە عێراقدا بەرهەڵستی بکەن، ئەوا یەکەمجار زەحمەتە ئەم هەموارکردنە تێپەڕێت، دوهەم ئەگەر تێپەڕێت ئەوا دەبێتە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی ناسەقامگیر، ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی هەڵە، بەڵام ئەگەر هەموارکردنێکی لەسەر خۆبێت بەرەو مەرکەزیەت بە تایبەتی لە بواری داراییدا ئەوا دەکرێت ئەمە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. من پێم وایە دەبێت عێراق بە چەشنی ئیسپانیا چوارچێوەیەکی کراوە دابرێژێت کە مرونەتی هەبێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان مەرکەز و هەرێمەکاندا.

***ڕاسپاردەت چیە بۆ ئەوی عێراق جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە بۆ مەرکەزیت و دیکتاتۆریەت؟**

- ئاسانترین راسپاردەی من ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لە سەر مۆدیلی فیدرالیزمی ئیسپانیا بکەن، راستە عێراق و ئیسپانیا دو وڵاتی جیاوازن، بەڵام کۆمەڵە دەرس و پەندێك هەیە دەکرێت سوودیان لێوەربگرین، بۆ نموونە لە ئیسپانیاشدا رژێمێکی دیکتاتۆری هەبوو کە کوشتنی بە کۆمەڵی ئەنجامدا و توندوتیژی و تیرۆر هەبو، کە ئێستاش تیروریزم بەردەوامە لەلایەن جیاخوازەکانی هەرێمی باسکەوە، بەڵام ئیسپانیا توانیتی پرۆسەی ئاڵ و گۆڕ بەرەو دیوکراسی بەرەوپێش ببات. ئەگەر بە شێوەیەکی رێژەیی قسەبکەین، ئەوا لە عێراقدا هەستێکی نەتەوەی هەیە کە لاوازترە نیە لەو هەستەی لە وڵاتانی تازەگەشەکردودا هەیە، بەڵام دەکرێت سوود لە ئەزمونی ئیسپانیا وەربگرێت، بۆ نموونە ئەو مرونەتەی لە دەستووری ئیسپانیادا هەیە، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژیدا لە لایەن ئیسپانیاوە، پەنابردنی بەردەوام بۆ گفتوگۆکردن و بوونی پرۆژەی یەکێتی لە نێو سەرکردە سیاسیەکاندا. ئەوەی ئاشکرایە ئەمە کاتێکی دوردرێژ دەخایەنێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەمولایەك پابەندبن بە ئەنجامدانی گفتوگۆ و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و ڕێککەوتن لەسەر باشترین شێوازی حکومڕانیکردن بۆ بەڕێوبردنی کاروباری ناوچە و هەرێمە جیاوازەکان کە دەکرێت سیاسەتی پەروەردە و خزمەتگوزاری تەندروستی بە نامەرکەزی بکرێن، بەڵام مەسەلەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی بە مەرکەزی بکرێت، هەروەها رەنگە پێویست بە مەرکەزیکردنی بەڕێوبردنی سەرچاوەکانی نەوت بکات لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی دابەشکردنی داهاتەکانی ئەم سەرچاوانە بە شێوەیەکی یەکسان، هەروەها دەبێت کێشەی کەرکوك چارەسەربکرێت لە عێراقدا. تێڕوانینی من ئەوەیە کە راستە عێراق بە هەل و مەرجێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕێت، بەڵام ناتوانین بڵێین لە سەر لێواری هەڵدێر و لەبەریەك هەڵوەشانە، ئەمە خوێندنەوەی منە بۆ بارودۆخەکە، من زیاتر گەشبینم لە ئاست عێراق وەك لە ئەفغانستان، لەبەر ئەوەی پێشتر لە عێراقدا پرۆژەی نەتەوەی هەبوو بە پێچەوانەوەی ئەفغانستانەوە، بارودۆخی عێراق پتر لە بارودۆخی ئیسپانیاوە نزیکە نەك ئەفغانستان یان نەیجیریا.

●●●
**فیدراڵیزم بونیادێکی یاسای و دەستوریە کە بوونی حکومەتە جیاوازەکان لە خۆدەگرێت**
●●●

●●●
**هەندێ جار هەرێمەکان دەسەڵاتی زیاتر بەدەست دەهێنن و هەندێ جار مەرکەز. مەبەستم ئەوەیە دەکرێت ئەم هاوسەنگیە لەو کۆمەڵگەیانەشدا بهێنرێتەدی کە فرەیی ئاینی و ئیتنیان تێدایە**
●●●

●●●
**کیبوبیکی کەنەدا و تەنانەت هەرێمی باسک لە ئیسپانیا هەردوو ئەم هەرێمە خاوەنی ئۆتۆنۆمین و دەسەڵاتیان هەیە بە سەر کەلتوور و کەرتی پەروەردە و سیستمی چاودێری پزیشکی**
●●●

●●●
**ئاسانترین راسپاردەی من ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لە سەر مۆدیلی فیدرالیزمی ئیسپانیا بکەن، راستە عێراق و ئیسپانیا دو وڵاتی جیاوازن، بەڵام کۆمەڵە دەرس و پەندێك هەیە دەکرێت سوودیان لێوەربگرین**
●●●

ئیدوارد گیبسن:

# فرانکۆی دیکتاتۆری ئیسپانیاش پێی وابوو یەکپارچەیی وڵات بە مەرکەزییەت دەپارێزرێت



ئیدوارد گیبسن ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نۆرس وێسترن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ئەزموونی فیدرالی ئیسپانیا و سیاسەتی دیکتاتۆری فرانکۆ، گیبسن تێگەیشتنی هەڵەی حکومەتی عێراق وەك تێگەیشتنی هەڵەی فرانکۆی دیکتاتۆر لە ئیسپانیا بەراورد دەکات و پێیوایە حکومەتی ئێستای عێراق وەك حکومەتی ئیسپانیای سەردەمی فرانکۆ بیردەکاتەوە هەربۆیە پەنابردن بۆ مەرکەزیەت بە تەنها رێگە دەزانێت بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق .

بۆ زیاتر بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی رەوشی ئەمرۆی عێراق کە حکومەتەکەی مالیکی داوای بەهێزکردنی مەرکەز و هەمواركردنی دەستور دەکات، ئیدوارد گیبسن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

*** فیدراڵیزم بریتییە لە یەکگرتوی و پێکەوەکارکردن و و هاوکاری کردنی یەکتری، بەڵام لە عێراقدا هەر کە باسی فیدراڵیزم دەکرێت راستەوخۆ گرێدەدرێتەوە بە دابەشکردنەوە، بۆچی ئەم تێڕوانینە لە عێراقدا بوونی هەیە،؟**

- ئێستا زۆربەی لە وڵاتان بەرەو نامەرکەزیەت دەڕۆن زۆرجار ئەمەش دەبێتە هۆی گرتنەبەری سیستمی فیدراڵیزم، هەندێ جار ئاماژە بەوە دەکرێت کە فیدراڵیزم لە رووی ئابوورییەوە سیستمێکی باشە کە من پێم وایە ئەمە زۆرجار باوەڕێکی هەڵەیە، هۆکاری راستەقینەی پیادەکردنی فیدراڵیزم هۆکارێکی سیاسیە و بریتییە لە بەخشینی دەسەڵات بە هەرێمەکان لە پێناو پاراستنی یەکێتی خاکی وڵاتەکەدا، بۆ نموونە فیدراڵیزم لەو وڵاتانەدا زیاتر پیادە دەکرێت کە هەندێ ناوچە هەڕەشەی جیابوونەوە یاخود خولْقاندنی گیروگرفتێکی زۆر دەکەن، واتە بۆ ررەواندنەوەی ئەم نیگەرانیە هەندێ لە دەسەڵات دەدرێتە ئەو ناوچانە، هەر ئەمەش هۆکاری پیادەکردنی ئەم سیستمە بوو لە وڵاتێکی وەك هیندستان یان بۆسنیادا. سەبارەت بە عێراقیش کە بەو جۆرە سەیری فیدرالیزم دەکات، بەشێك لە هۆکارەکە ئەوەیە کە ئەو باوەڕە لە ئارادایە کە تەنها بوونی دەسەڵاتێکی مەرکەزی بەهێز دەبێتە هۆی پاراستنی یەکێتی وڵاتەکە، بۆ نموونە لە ئیسپانیادا فرانکۆ کە دەسەڵاتدارێکی دیکتاتۆر بوو لەو وڵاتەدا پێی وابوو تەنها بوونی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز چارەسەرە بۆ هێشتنەوەی وڵاتەکە بە یەکگرتوویی و زۆر سەرسەختانە هەر دەنگێکی سەرکوت دەکرد کە باسی لە فیدراڵیزم دەکرد. لە لایەکی دیکەوە رەنگە ئەو باوەڕە هەبێت کە بانگەشەکردن بۆ فیدراڵیزم ستراتیجێك بێت یاخود ئەسپی تەرواده بێت بۆ جیبابونەوە و سەربەخۆی، واتە ئەوان گومانیان لە پاڵنەری هەرێمەکان هەیە کاتێك فشار دەکەن بۆ چەسپاندنی سیستمی فیدراڵیزم و پێیان وایە ئەمە سەردەکێشێت بۆ دابەشبونی وڵاتەکە. بۆ نموونە هەرێمی کوردستان نەك هەر سەرچاوەگەلێکی زۆری هەیە بەڵکو زۆر بە باشی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات و ئەوان لەوە نیگەرانن ئەمە رێگایەك بێت بۆ جیابونەوە.

***بەڵام فیدراڵیزم پەیوەستە بە پێکەوژیانی ئارەزومەندانە و ئاشتیانە، بۆ نموونە، لە هەرێمی کیبوییکدا بەردەوام راپرسی دەکرێت، بەڵام خەڵکی ئەو هەرێمە مانەوە لە چوارچێوەی کەنەدا هەڵدەبژێرن لە بری جیابونەوە، بەڵام لە عێراقدا گۆڕاوە بۆ پێکەوژیانی زۆرملێ، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- رەنگە کوردستان هەست بکات کە بە ناچاری لە چوارچێوەی عێراقدا ماوەتەوە، بەڵام دەبێت بیر لەوە بکەنەوە کە رێگاچارەکانی دیکە چین، ئەگەر جیابوونەوە و سەربەخۆی بێت ئەوا باجێکی گەورەی دەوێت، بە تایبەتی ئەگەر کاردانەوەی وڵاتانی دراوسێ لەبەرچاو بگرین، لەبەر ئەوە رەنگە فیدراڵیزم سازشێکی باش بێت بۆ لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بمێنێتەوە، بەڵام ئاستێکی بەرزی ئۆتۆنۆمیت هەبێت بۆ ئەوەی کاروبارەکانی خۆت بەڕێوەببەیت و لە هەمان کاتدا هەڵبستیت بە هاوکاری کردن و هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا لە هەندێ بواری دیاری کراودا. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوا ئەم وڵاتە بە شەڕێکی ناوخۆیی سەختدا تێپەڕی و بووە هۆی کوژرانی ٦٠٠،٠٠٠ کەس لەسەر ئەوەی ئایا باشوور وەك بەشێك لە وڵاتەکە بمێنێتەوە یان نا، ئەمە یەکگرتنێکی ناچاری بوو تا لە کۆتاییدا سازشکرا و سیستمی فیدراڵیزم پیادە کرا.

*** لە دەستووری عێراقدا هاتووە کە کار بە سیستمی فیدراڵیزم دەکرێت، بەڵام ئێستا داوای هەموارکردنی ئەو دەستوورە دەکرێت بۆ ئەوەی سیستمی مەرکەزیەت بگەڕێتەوە، ئایا ئەمە مەترسی ئەوەی لێناکرێت سەربکێشێت بۆ دیکتاتۆریەت؟**

- ئەوە کێشەیەکی گەورەیە، کاتێك هەمو لایەك لەسەر گرتنەبەری فیدراڵیزم رێکدەکەون و دواتر لایەنێکی دیاری کراو پاشگەز دەبێتەوە و ئامادە نابێت پێوەی پابەندبێت و هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو ئۆتۆنۆمیە بدات کە هەرێمەکان بەدەستیان هێناوە، لە زۆر وڵاتدا ئەمە بۆتە هۆی دروست بوونی شەڕی ناوخۆی.

***بەڵام ئەزموونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ئەزموونی عێراق بە تایبەتی ئەو نیگەرانیە دروست دەکات کە بەهێزکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی سەردەکێشێت بۆ دیکتاتۆریەت؟**

- نیگەرانیەکە لە بوونی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزدانییە لەبەر ئەوەی زۆرجار لە فیدراڵیزمیشدا حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز هەیە، بەڵام نیگەرانییەکە لەوەدایە کە حکومەتی مەرکەزی هەوڵی پێشێلکردنی بنەماکانی فیدراڵیزم و سەرکوتکردنی ئۆتۆنۆمی هەرێمەکان بدات. ئەو کاتە یان دەبێت کوردستان دەسەڵات و دەسترۆیشتوی خۆی بەکاربهێنێت و بە هاوکاری هێزە دەرەکیەکان فیدراڵیزم بسەپێنێت یاخود پەنا

بۆ جیابوونەوە بدات کە ئەمەش ڕێگاچارەیەکی مەترسیدارە بۆ کوردەکان.

*** کورد لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەددام کوردستان بە ڕەسمی بەشداری کرد لە بنیاتنانەوەی عێراقدا لەسەر بنەمای فیدراڵیزم، بەڵام حاڵی حازر خەریکە فیدراڵیزم بگۆڕێت بۆ مەرکەزیەت و دیکتاتۆریەت، ئایا لەم حاڵەتەدا ڕێگاچارەکانی دیکەی بەردەم کوردەکان چین؟**

- ڕەنگە کوردەکان بتوانن پشتیوانی و یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هێزە نێودەوڵەتیەکانی دیکە بەدەست بهێنن بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراقی کە هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو ئۆتۆنۆمیە نەدات کە هەرێمی کوردستان توانیویەتی بەدەستی بهێنێت و زەمانەتی چەسپاندنی سیستمی فیدراڵیزم بکەن لە عێراقدا، بەڵام دەبێت هەموو ڕێگاچارەکانی دیکە بگرنەبەر پێش ئەوەی بڕیاری جیابوونەوە بدەن، واتە دەبێت جیابوونەوە دوا ڕێگاچارەبێت، من ئەمە دەڵێم نەك لەبەر ئەوەی جیابونەوە دەرئەنجامێکی خوازراو نییە، بەڵکو لەبەر ئەو دژواری و ئاستەنگە جیپۆلیتیکیانەی دێتەڕێی.

***چی بکەین بۆ ئەوی عێراق جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە بۆ مەرکەزیت و دیکتاتۆریەت؟**

- من پێم وایە دەبێت بیر لە خاڵە بەهێزەکانتان بکەنەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرژەوەندی لەوەدایە کوردستان گەشەبکات و بەرەوپێشەوە بچێت و لە ڕاستیدا کوردستان ئومێدێکی گەورەیە بۆ عێراق. کوردستان خاوەنی دەستڕۆیشتوی، سەرچاوە، شەرعیەت و میسداقیەت خۆیەتی و دەبێت بە دەنگێکی بەرز لەگەڵ ئەمەریکا و ئەورووپا و بەغدا بدوێت، لەبەر ئەوەی تاوەکو دەنگتان بەرزبکەنەوە ئەوا پتر پشتیوانی دەکرێن و ئەو کاتە تەنیا نابن لە لە ململانێکەتاندا لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، مەبەستم ئەوەیە کار لەگەڵ هاوپەیمانەکانتاندا بکەن بۆ ئەوەی فشار بخەنەسەر حکومەتی بەغدا تاوەکو زەمانەتی ئەو ئۆتۆنۆمیە بکات کە هەتانە، من زەمانەتی ئەوە ناکەم ئەمە سەرکەوتو دەبێت، بەڵام ئەمە ستراتیجیەتێکی باشە بۆ کارکردن. هەروەها دەبێت کوردەکان کار لە سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکادا بکەن، لەبەر ئەوەی ڕاستە ئۆباما خوازیاری کشاندنەوەی هێزەکانە لە عێراقدا، بەڵام بەرژەوەندی لەوەدایە کە عێراق سەقامگیربێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر عێراق بخزێتە شەڕی ناوخۆوە ئەوا ئۆباڵە دەخرێتە ئەستۆی ئۆباما. هەروەها لەگەڵ جێگری ئۆبامادا کە خاوەنی پلانی بە فیدراڵیزمی کردن و بە نامەرکەزیکردنی وڵاتەکەیە، بەڵام نەك دابەشکردنی وڵاتەکە، لەبەر ئەوەی بایدن ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە پلانەکەی وەك دابەشکردنی عێراق لێکبدرێتەوە.

## ئەمە فێڵە یان دزینی ڕۆژنامەوانییە؟!!

**ئەوە چەندین جارە سایتە ئەلیکترۆنیە کوردییەکان چەندین بابەتی جۆراوجۆری گوڵان (بەتایبەت ڕیپۆرتاژی کۆمەڵایەتی و دیمانەی تایبەتی گوڵان) بۆ وێب سایتەکانی خۆیان دەگوازنەوە و بڵاوی دەکەنەوە و لەوەش خراپتر ناونیشانەکەی دەگۆڕن و هیچ مۆڵەتێکیش لە هەفتەنامەی گوڵان وەرناگرن، بەتایبەت سایتی ئەلیکترۆنی ئاوێنە، کە زۆر جار ئەم کارەی دووبارە و سێ بارە کردۆتەوە.**

**لێرەدا ڕایدەگەیەنین وێرای ئەوەی ئەم کارە پێچەوانەی هەموو نەریتێکی کاری ڕۆژنامەوانییە، قبوڵیش ناکەین هیچ سایتێکی تر بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە هەفتەنامەی گوڵان، بابەتەکان بۆ خۆی ببات و بڵاویان بکاتەوە.**

**هەفتەنامەی گوڵان**

## واین وایت :

# ئۆباما کەسێکی واقیعیە و ئەو راستییەی لەبەرچاوە کە ئایندەی عێراق لەسەر هاوسەنگی بونیاد دەنرێت



**واین ئـی وایـت یەکێکە لـە راوێژکارانـی گروپی دیراسـەتی عێراق و ماوەی چەند مانگێکیش لە بەغدا وەم بەرپرسـێکی سیاسیی لە باڵوێزخانـەی ئەمەریکا لەبەغدا کاریکردووە و ماوەی ١٢ سـاڵیش وەك پسپۆرێك لـە گرووپـی لێکۆڵینەوە نوینەرایەتـی ئەمەریکای کردووە لـە ناتۆ و هەروەها جێگری بەڕێوەبەری ئۆفیسی رۆژهەڵاتی نزیك و باشوری ئاسـیا بووە لـە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریـکا و واین ئەو پسـپۆریە کە لیژنەی بیکـەر هاملتۆن لەسـەر ئاینـدەی عێـراق راوێژی پێکـردووە، بۆ خوێندنەوەی مەزندەکانـی ئیـدارەی داهاتـووی ئەمەریـکاش بەرامبەر عێراق و کوردستان پەیوەندیمـان بە وایت واین کـرد و بەرێـزی بەمجۆرە رایخۆی بۆ گوڵان دەربری:**

**ئیدارەی سەرۆک بۆش پتر یەکلایەنە رەفتاری دەکرد و کەمتر هەڵوێستە جیهانیەکانی لەبەرچاو دەگرت. هەروەها ئیدارەکەی ئۆباما کەمتر مەیلی دەستێوەردانی دەبێت لە جیهاندا**

**• جیهان چۆن سـەرقاڵبوو بە سەرکەوتنی ئۆباما، ئێستاش سەرقاڵە بەوەی ئایـا ئیدارەی داهاتوو چۆن پێکدێت و سیاسـەتی ئایندەی ئیدارەی ئۆباما چۆن دەبێت، ئایا تۆ چۆن ئەم واقیعە دەخوێنیتەوە؟**

- وەك هەر ئیدارەیەکی دیکە، ئۆباما هەوڵ ئەدات ئەو کەسانە پۆستە باڵاکان بگرنە دەسـت کە خاوەنی باشـترین ئەزمون و لێهاتووین لەو بوارەدا، زۆرێك لەم کەسـە لێهاتوو و پسپۆڕانە پشتیوانییان لە ئۆباما کردووە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا و راوێژکاری پێویسـتیان پێشکەش بە ئۆباما کردووە، لەبەر ئەوە من پێم وایە رەنگە ئەم ئیدارەیە زۆرترین خەڵکانی بە ئەزموون لە خۆبگرێت بە بەراورد بە ئیدارەکەی پێشـو. هەروەها پێشبینی دەکرێت سیاسـەتێکی واقیعی بگرێتەبەر و پتر بایەخ بە بواری دیبلۆماسـی بدات، مەبەسـتم لە بایەخدان بە بواری دیبلۆماسـی ئەوەیە کە لە چوارچێوەی کۆدەنگی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانـدا کاردەکات، وەك نەتـەوە یەکگرتوەکانی، گروپی ٨ و رێکخراوەی ناتۆ. هەروەك دەزانین کە ئیدارەی سـەرۆك بۆش پتر یەکلایەنە رەفتاری دەکرد و کەمتر هەڵوێستە جیهانیەکانی لەبەرچاو دەگـرت. هەروەها ئیدارەکەی ئۆباما کەمتر مەیلی دەسـتێوەردانی دەبێت لـە جیهاندا، لەبەر چەند هۆکارێـك، یەکەمیان لەبەر ئەوەی دیموکراتەکان و باراك ئۆباما بێزارن لەو دەستێوەردان و دەستدرێژیانەی ئیـدارەی پێشـو ئەنجامی دان، لـە لایەکی دیکەوە ئـەو هەڵانە دەبینن کە لە ئەنجامی سیاسەتی دەسـتێوەردانی ئیدارەی پێشووەوە رویانداوە، بە هەمان شـێوە ئەو قەیران و کێشـە داراییەی روبەوڕی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆتـەوە ناچاری دەکات کەمتر پەنا بۆ پیادەکردنی سیاسـەتی دەستێوەردان ببات، لەبەر ئەوەی لە رووی داراییەوە توانای سنوردارە.

**• لـە کاتـی هەڵمەتـی هەڵبژاردنەکاندا بـاراك ئۆباما بەڵێنی کشـاندنەوەی هێزەکانی بە گەلی ئەمەریکادا، ئایا پێشبینی دەکەیت**

**راستەوخۆ دوای دەست بەکاربونی هەڵبستێت بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە ئەم کارە دەکات، لەبەر چەند هۆکارێك، یەکەمیان لەبەر ئەوەی بەڵێنی پاشەکشەپێکردنی ئەو هێزانەی داوە و بەڵێنەکەی جێبەجێ دەکات، دووەم لەبەر ئەوەی هەوڵی بەهێزکردنی هێزەکانی ئەمەریکا دەدات لە ئەفغانستاندا و ئەمەش پێویستی بە هێزی زیاترە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ هێزێکی دیکەی لەبەردەستدا نیە ئەوا دەبێت هێزەکان لە عێراق بکشێنێتەوە بۆ ئەوەی رەوانەی ئەفغانستانیان بکات. خاڵی سێیەم ئەوەیە کە سیاسەتی حکومەتەکەی مالیکی نزیکە لە تێڕوانینەکانی ئۆباما، بۆ نموونە ئەو گفتوگۆیانەی پەیوەستن بە نووسینی یاداشتی لێکتێگەیشتن و دارشتنی رەشنوسی رێککەوتنەکەوە زۆر نزیکن لەوەی ساڵێك یان دو ساڵ پێش ئێستا ئۆباما داوای دەکرد.

*** جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنە واتە ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتوو بووە، پرسیارەکە ئەوەیە لە چ خاڵێکدا ئۆباما پێیوایە سەرکەوتن بەدی هاتووە لە عێراقدا؟**

- رەنگە پیادەکردنی ستراتیجیەتی زیادکردنی هێزەکان و دروست بوونی ئەنجومەنەکانی سەحوە کە بوونە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی بە سەرکەوتن لە قەڵەم بدرێن، بەڵام هێشتا سەرکەوتنی تەواوەتی لە عێراقدا لە روانگەی ئۆباماوە بەدی نەهاتووە، لەبەر ئەوەی هێشتا ئەگەری سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی لە ئارادایە بە تایبەتی ئەگەر ئایندەی ئەنجومەنەکانی سەحوە لەبەرچاو بگرین کە رەنگە کێشەی جێدی لێبکەویتەوە چونکە حکومەتی عێراق ئامادەنیە لە سەدا ٢٠ی چەکدارەکانی ئەو ئەنجومانە ئاوێتەی هێزە چەکدارەکان بکات و هەوڵی بنیاتنانی پردی پەیوەندی نادات لە گەڵ سوونەکاندا، رەنگە لەم رووەوە ئۆباما فشاری زیاتر بخاتە سەر حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی سازشی زیاتر بکات و لە گەڵ تێکڕای لایەنەکانی وڵاتەکەدا ئاشتەوای بکات.

*** بەڵام سەرۆك وەزیران عێراق داوای بەهێزکردنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دەکات، ئایا ئەمە هیچ گرفتێك بۆ ئیدارەکەی ئۆباما دروست ناکات؟**

- رەنگە ئۆباما هەڵوێستێکی سنوورداری هەبێت لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا لەبەر ئەوەی پێی وایە ئەمە زیاتر مەسەلەیەکە پەیوەستە بە خودی عێراقیەکان خۆیانەوە. بەڵام ئۆباما هەموو هەوڵێکی پێویست دەخاتەگەڕ بۆ هاندانی حکومەتی عێراق بۆ پەرەپێدانی ئاشتی و سەقامگیری. هەروەها ئۆباما کەسێکی واقیعیە و ئەو راستیەی لەبەرچاوە کە ئایندەی عێراق لەسەر هاوسەنگی بنیات دەنرێت، ئەمەش بە مانای ئاشتەوای دێت، بە مانای راگرتنی هاوسەنگی دێت لە نێوان مەرکەز و هەرێمەکاندا. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم ئەوا من دودڵم لە رەخنەگرتن، بەڵام پێدەچێت مالیکی زیاد لە پێویست باوەڕی بە خۆی هەبێت و هەڵسەنگاندنێکی زیاد لە پێویست بۆ تواناکانی خۆی بکات، لەبەر ئەوەی ئەو راستیەی لەبەرچاونیە کە زۆربەی سەرکەوتنەکان دەگەڕێنەوە بۆ رۆڵی هەرێمەکان لە وڵاتەکەدا، بۆ نموونە هەرێمی سوننەکان کە هەڵوێستیی خۆیان گۆڕی و دژایەتی ئەل قاعیدەیان کرد، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی سوپای عێراقی کە دڵسۆزی ئەم سوپایەش تەنیا بۆ حکومەتی مەرکەزی ناگەڕێتەوە، لە لایەکی دیکەوە بۆ پاڵپشتی و هاوکاری سوپای ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ سوپای عێراق.

***ئایا پێشبینی دەکرێت لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا بچەسپێت؟**

- وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە قورسە، لەبەر ئەوەی لە عێراقدا دەستوور هەیە، بەڵام هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی تێکڕای لایەنەکان سازش لەگەڵ یەکتردا بکەن و بگەنە تێگەیشتنێکی هاوبەش لە سەر ئەم دەستوورە یاخود بگەنە رێککەوتن بۆ هەمووارکردنی، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش بەم قۆناغەدا تێپەڕی و تەنانەت بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لە ئەمەریکا. ئەوەی پەیوەندی بە پلانی "B"یەوە هەبێت، ئەوا لە بنەڕەتدا پلانی بایدنە و من لەو باوەڕەدام کە دیموکراتەکان براگماتی و واقیعبین دەبن و هانی عێراقیەکان دەدەن بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن و سازشی پێویست لە گەڵ یەکدیدا بکەن. راستە بایدن جێگری ئۆباما دەبێت، بەڵام پۆستی جێگری سەرۆك پۆستێکی زۆر گرنگ نیە و حاڵی حازر بایدنیش باسی ئەم پلانە ناکات لەبەر ئەوەی رای گشتی ئەمەریکا پشتگیری ناکات و روبەڕوی رەخنەیەکی زۆر بووەوە. من یەکێك بووم لە راوێژکارەکانی گروپی لێکۆڵینەوەی عێراق و ئێمە تەنیا ١٠ دەقەمان بۆ تاوتوێکردنی پلانەکەی بایدن تەرخان کرد، لەبەر ئەوەی پێمان وابوو کە پلانێکی عەمەلی و یارمەتیدەر نیە.

*** بەڵام ئایا بەدیلی پلانەکەی بایدن چیە؟**

- بەدیلەکە پلانی عێراقیەکان خۆیانە، لەبەر ئەوەی دەبێت حکومەتی مەرکەزی و هەرێمەکان بگەنە رێککەوتنێك لەسەر دەستوور و لە بەرامبەر یەکتردا سازش بکەن. لە دوای نووسینەوەی دەستووری ئەمەریکا کاتێکی دوردرێژی خایاند تاوەکو ئەمەریکیەکان رێککەوتن لەسەر ئەوەی دەستوور چی دەگەیەنێت و بە مانای چ دێت. من پێم وایە دەبێت عێراقیەکان هەوڵ و کۆششی خۆیان بخەنەگەڕ لەم رووەوە و ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ توندوتیژی ئەوا هیچ بەهایەك بۆ دەستورەکەیان نامێنێت. هەر دەبێت عێراقیەکان ئەم ئاڕاستەیە بگرنەبەر لەبەر ئەوەی رۆڵی سیاسی ئەمەریکا لە عێراقدا بەرەو کەم بوونەوە دەچێت.

***ئایا پێشبینی دەکەیت رێککەوتنامە ئەمنیەکە لە نێوان عێراق و ئەمەریکادا ئیمزا بکرێت، یاخود ئیمزاکردنی رێکەوتن بۆ ئیدارەی ئۆباما دوا دەخرێت؟**

- یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە کە ئەوەی حکومەتی عێراقی پێی رازی دەبێت رەنگە پەرلەمانی عێراقی رەتی بکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە هەندێك لە عێراقیەکان پێیان باشترە چاوەڕێی بکەن بۆ ئەوەی لە سەردەمی ئۆبامادا ئەو رێککەوتنە ئیمزا بکرێت، لەبەرئەوەی باوەڕیان وایە دەستکەوتی باشتر بەدەست دەهێنن، ئەمە بیرکردنەوەیەکی گێلانەیە و لەو باوەڕدانیم ئۆباما ئامادەبێت گۆڕانکاریەکی زۆر لەو رێککەوتنامەیەدا قبوڵ بکات، تەنیا جیاوازیەکە ئەوە دەبێت کە رەنگە ئۆباما دیاری کردنی وادەی کۆتای بۆ کشاندنەوەی هێزەکان قبوڵ بکات. من پێم وایە مەسەلەکە زیاتر لە سەر عێراقیەکان دەوەستێت، ئایا ئەگەر ئەم رێککەوتنە ئیمزا نەکەن بەدیل چیە؟ ئایا رودەکەنە نەتەوە یەکگرتوەکان یان چی دەکەن؟

*** دوا وتەت چیە بۆ گۆڤارەکەمان؟**

- من تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە لە کاتی بڕیاردان یاخود داواکاری پەیوەست بە دەستورەوە تەنیا بیر لە خۆتان مەکەنەوە بیر لە کاردانەوەی لایەنەکانی دیکە بکەنەوە، نابێت کارێك بکەن ببێتە هۆی تووڕەکردنی لایەنی بەرامبەر بە شێوەیەکی هەست بە دۆڕان بکەن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبونی توندوتیژی.

●●●

**ئۆباما هەموو هەوڵێکی پێویست دەخاتەگەڕ بۆ هاندانی حکومەتی عێراق بۆ پەرەپێدانی ئاشتی و سەقامگیری. هەروەها ئۆباما کەسێکی واقیعیە و ئەو راستیەی لەبەرچاوە کە ئایندەی عێراق لەسەر هاوسەنگی بنیات دەنرێت**

●●●

●●●

**ئەوەی پەیوەندی بە پلانی "B"یەوە هەبێت، ئەوا لە بنەڕەتدا پلانی بایدنە و من لەو باوەڕەدام کە دیموکراتەکان براگماتی و واقیعبین دەبن و هانی عێراقیەکان دەدەن بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن و سازشی پێویست لە گەڵ یەکدیدا بکەن**

●●●

باڵیۆز جێمس پلاک:

# ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا هەوڵدەدات پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت



**باڵیۆز جێمس پلاک ماوەیەك باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە شانشینی عەرەبستانی سعودی و دواتر بۆتە جێگری یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیك و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و کەنداوی فارسی بە تایبەتی لەم بوارەشدا بە ئاستێك سەرکەوتوو بووە کە لە ساڵی ١٩٨٦ خەڵاتی رۆژهەڵاتی لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و خەڵاتی خزمەتی سەرۆکایەتی ئەمریکای پێدراوە.**

**باڵیۆز پلاك ناوێکی دیارە لەسیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەراست، هەربۆیە بە پێویستمان زانی بۆ هەڵسەنگاندن و مەزندەکردن بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا پەیوەندی پێوەبکەین بە سوپاسەوە بەمجۆرە لە ئاخاوتنێکی تایبەتدا وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئایا تا چ رادەیەك ئۆباما گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەهێنێت؟**

- سەرۆکی هەڵبژێدراوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رووبەڕووی دوو تەحەددا دەبێتەوە:

یەکەمیان: ئەو تەنگژە ئابوورییەیە کە خودی ئەمەریکا و جیهان دووچاری بۆتەوە و رەنگە رۆڵی دامەزراوە داراییەکانی جیهان بگۆڕێت وەك سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی.

دووەمیان: ئەمەریکا لە دوو شەڕەوە تێوەگلاوە کە بریتیە لە شەڕی عێراق و ئەفغانستان.

هەروەك دەزانن هەڵوێستی ئۆباما روونە کە خوازیاری کشاندنەوەی یەکە جەنگاوەرەکانی سوپای ئەمەریکایە لە ماوەی ١٦ مانگدا لەعێراقدا، هەرچەندە رەنگە هەل و مەرجەکە وای لێبکات خشتەی کشاندنەوەکە بگۆڕێت. هەروەها شەڕی ئەفغانستان کە لە دەرئەنجامی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە دروست بوو و ئیدارەی سەرۆك بۆش بە باشی ئیدارەی ئەو شەڕەی نەکرد چونکە شەڕی عێراقی دەستپێکرد، کە ئێستا لە ئەفغانستاندا بزووتنەوەی یاخیبوونێکی مەترسیدار دروست بووە و دەبێت هێزەکان لە عێراقدا کەم بکرێنەوە بۆ ئەوەی هێزەکان لە ئەفغانستاندا زیاد بکرێت، ئەمە هەڵەیەکی تراژیدی بوو لەلایەن ئیدارەی بۆشەوە کە دەبێت ئۆباما چارەسەری بکات.

*** ئێستا ئۆباما سەرقاڵی پێکهێنانی کابینەکەیتی، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەکی پشت بە خەڵکانی خاوەن**

●●●
**سەرۆکی هەڵبژێدراوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رووبەڕووی دوو تەحەددا دەبێتەوە:**
**یەکەمیان: ئەو تەنگژە ئابوورییەیە**
**دووەمیان: ئەمەریکا لە دوو شەڕەوە تێوەگلاوە**
●●●

**ئەزموون و شارەزای دەبەستێت بە تایبەتی بۆ پڕکردنەوەی پۆستی وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگریدا؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە وەزیری بەرگرییەوە هەبێت ئەوا مەزەندەی ئەوە دەکرێت کە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو رۆبەرت گەیتس کە حاڵی حازر ئەم پۆستەی بەدەستەوەیە لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە. بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە ئەوا کەسانێکی زۆر هەن لە ئەنجومەنی پیران و لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەم ئەنجومەنە کە خاوەنی ئەزموونێکی دوورودرێژن لە بواری کاروباری دەرەوە، هەروەها کۆمەڵێك راوێژکاری بواری سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی نەتەوەی لە تیمەکەی ئۆبامادا هەبوون کە خەلفیەتێکی باشیان هەیە بۆ ئەم کارە، بەو پێیە من گەشبینم کە ئەو کابینەیەی ئۆباما پێکی دەهێنێت کەسانێکی خاوەن ئەزموون و شارەزایی دەبن.

*** دیموکراتەکان خاوەنی پلانی "B"ین کە بریتیە لە "دابەشکردنی نەرم"ی عێراق کە پێشبینی دەکرێت راستەوخۆ دوای دەست بە کاربونیان جێبەجێی بکەن، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی ئەم پلانە؟ ئایا پێشبینی دەکرێت لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا بچەسپێت؟**

- من پێم وایە حاڵی حازر عێراق بەرەو گرتنەبەری سیستمی فیدراڵیزم هەنگاو دەنێت و ئەگەر هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرین هەست بەمە دەکەین. ئەوەی پەیوەندی بە پلانەکەی بایدنەوە هەبێت ئەوا من بە دووری دەزانم کە ئەم دەرئەنجامە لە عێراقدا بیتەدی کە عێراق بۆ سێ بەش دابەش بێت و تەنها پەیوەندیەکی زۆر کەم لە نێوان ئەو بەشانەدا هەبێت و من پێشبینی ناکەم ئەم پلانە بەم شێوەیە جێبەجێ بکرێت، هەرچەندە لە کۆتاییدا بڕیاردان لەسەر ئەم مەسەلەیە بۆ خودی عێراقیەکان خۆیان دەگەڕێتەوە.

*** سەرۆك وەزیران عێراق داوای بەهێزکردنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دەکات کە ئەمە پێچەوانەی سیستمی فیدراڵییە، ئایا ئەمە هیچ گرفتێك بۆ ئیدارەکەی ئۆباما دروست ناکات؟**

- سەرەڕای باروودۆخەکە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاشەکشە بە هێزەکانی دەکات و وەك هێزێکی دەرەکی ئەمەریکا تەنها لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا مامەڵەیەکی رەسمی دەکات، راستە ئەمەریکا گفتوگۆ و پەیوەندی لەگەڵ گروپەکانی دیکەدا دەکات، بەڵام کاری رەسمی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا و ئەمەریکا ناتوانێت تێڕوانین و هەڵوێستی خۆی بەسەر عێراقدا بسەپێنێت و دەبێت عێراقیەکان ئەم مەسەلەیە چارەسەربکەن.

*** ئایا پێشبینی دەکەیت رێککەوتنامە ئەمنیەکە لە نێوان عێراق و ئەمەریکادا ئیمزا بکرێت، یاخود ئیمزاکردنی رێکەوتن بۆ ئیدارەی ئۆباما دوا دەخرێت؟**

- دەبێت ئەو رێککەوتنە پێش کۆتایی ئەم ساڵە ئیمزابکرێت لەبەر ئەوەی مۆڵەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بوونی هێزە فرەرگەزەکان لە عێراقدا کۆتایی دێت. حکومەتی عێراق و حکومەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەی شەش مانگە لە گفتوگۆی بەردەوامدان بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێك لەم رووەوە من پێم وایە بیروبۆچوونەکانی هەردوولا لێك نزیکە و دەبێت چاوەڕوانی پەرلەمانی عێراقی بکەین بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەم رێککەوتنە دەربڕێت، هەرچەندە هەندێ لایەنی وەك رەوتی سەدر بەرهەڵستی ئیمزاکردنی ئەم رێککەوتنە دەکەن. بەڵام ئەگەر ئەم رێککەوتنە ئیمزا نەکرێت ئەوا دەبێت عێراق داوای لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ ئەوەی شەرعیەت بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بدات لە عێراقدا و ئەمەش کاتێکی زیاتر دەدات بە عێراقی و ئەمەریکیەکان بۆ ئەوەی گفتوگۆی زیاتر لەسەر ئەم رێککەوتنە بکەن، هەرچەندە من لەو باوەڕەدانیم کە گۆڕانی گەورە بەسەر ئەم رێککەوتنەدا بهێنرێت.

*** باراك ئۆباما پێی وایە پرۆسەکە لە ئەفغانستاندا شکستی هێناوە بۆیە هەوڵی زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکا دەدات لەو وڵاتەدا، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هۆکاری کشاندنەوەی هێزەکان لە عێراقدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەست هاتووە، پرسیارەکە ئەوەیە لە چ خاڵێکدا ئۆباما پێیوایە سەرکەوتن بەدی هاتووە لە عێراقدا؟**

- من نازانم سەرکەوتن چیە لە عێراقدا لەبەر ئەوەی ئیدارەی سەرۆك بۆش پێناسەی ئەم سەرکەوتنەی نەکردووە، دوای ئەوە مەسەلەکە پەیوەست نییە بە سەرکەوتنەوە بەڵکو پەیوەستە بە کشاندنەوەی هێزەکان لە عێراقدا بە شێوەیەکی کە عێراق سەقامگیربێت و بتوانێت ئاسایشی خۆی دابین بکات.

*** ئایا پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا چۆن دەبینیت لە دوای ئەوەی ئۆباما کاروباری سەرۆکایەتی دەگرێتەدەست؟**

- هەرێمێکی گرنگە و پێگەیەکی ستراتیجی هەیە و هەوڵی پەرەپێدانی سەرچاوەی نەوت و گاز دەدات و ئەمەش شتێکی ئیجابییە و دەبێت هان بدرێت و کۆمپانیاکانی ئەمەریکا و ولاتانی دیکە بەشداری دەکەن. ئەوەی گومانی تێدانییە ئەوەیە کە ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە پەیوەندییەکی گەرم و گوڕی لەگەڵ کوردستاندا هەبێت، بەڵام ئەمە دەبێتە لە سیاقی ئەو پەیوەندیانەدا بێت کە ئەمەریکا لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراقدا هەیەتی.

*** ئایا سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما کاریگەری لەسەر عێراق چی دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە کاریگەری دەبێت لە ماوەدای نزیکدا لەبەر ئەوەی هێزە جەنگاوەرەکانی ئەمەریکا لە عێراق پاشەکشە پێدەکات، ئەمە جیاوازە لە هەڵوێستەکەی مەککین کە سیاسەتێکی جیاوازی دەگرتەبەرە ئەگەر بە سەرۆك هەڵبژێردرایە. من پێم وایە دەبێت رەوتی ئاوادانکردنەوەی خێرابکرێت، عێراق سەرچاوە و دارایی پێویستی هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە و دەبێت بایەخ بەم بوارە بدرێت.

**من پێم وایە حاڵی حازر عێراق بەرەو گرتنەبەری سیستمی فیدراڵیزم هەنگاو دەنێت ئەوەی پەیوەندی بە پلانەکەی بایدنەوە هەبێت ئەوا من بە دووری دەزانم کە ئەم دەرئەنجامە لە عێراقدا بیتەدی کە عێراق بۆ سێ بەش دابەش بێت**

**ئەگەر ئەم رێککەوتنە ئیمزا نەکرێت ئەوا دەبێت عێراق داوای لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ ئەوەی شەرعیەت بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بدات لە عێراقدا**

مایکل کۆلینس دون:

# نابێت لە ئاڵوگۆڕی ئیدارەی ئەمەریکا پێشبینی گۆڕانکاری شۆڕشگێری لە شەو و ڕۆژێکدا بکەن



**پرۆفیسۆر مایکل دون ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی جۆرج تاون و تۆژەر و تایبەتمەندیشە لە ئەنجوومەنی سیاسەتی ڕۆژهەلاتی ناوەراست لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر ناوچەکە، هەروەها پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کاروباری ئاساش و بەگری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و یەکێکە لەو تۆژەرە ناسراوانەی کە لەسەر باردۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق لەسەر ئاستی سیاسەتی ئەمەریکا بۆ چونەکانی بایەخی پێدەدرێت، بۆ هەڵسەنگاندن و پێشبینی سەبارەت بە سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی بارك ئۆباما سەبارەت بە عێراق و هەرێمی کوردستان پرۆفیسۆر دۆن بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**•••**

**ئۆباما لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان پشتی بە کەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزا بەست و پێشبینی دەکرێت لە دامەزراندنی کابینەکەیدا درێژە بەم ئاڕاستەیە بدات**

**•••**

***ناوەندەکانی توێژینەوە شانازی بە خۆیان دەکەن بە دەربڕینی ووردی مەزندەکانییان، ئێوە لەسەنتەرێکی گرنی وەك ئەنجوومەنی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کاردەکەن، ئایا پێشبینی چی لە ئۆباما دەکەن ؟**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ئەوا ئۆباما لە گرتنەبەری ڕەفتار و سیاسەتی یەکلایەنە دوردەکەوێتەوە و هەوڵی بەشداری پێکردنی هێزەکانی دیکەی جیهان دەدات، تەنانەت ئەو وڵاتانەی دۆستی ئەمەریکاش نین. هەروەها بە شێوەیەکی بەرچاو سیاسەتەکانی جۆرج بۆش دەگۆڕێت و هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کەم دەکاتەوە و بوونی سەربازی ئەمەریکا لە ئەفغانستاندا زیاد دەکات. هەروەها ئۆباما لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان پشتی بە کەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزا بەست و پێشبینی دەکرێت لە دامەزراندنی کابینەکەیدا درێژە بەم ئاڕاستەیە بدات، بۆ نموونە جێگری ئۆباما جۆزێف بایدن خاوەنی ئەزمونێکی دوردرێژە لە سیاسەتی دەرەوەدا و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەیە لە ئەنجومەنی پیراندا، هەروەها کۆمەڵە راوێژکارێکی باڵای هەیە کە کەسانی خاوەن ئەزموونی سیاسی و سەربازی و دیبلۆماسین کە لە پێکهێنانی کابینەکەیدا پشتیان پێ دەبەستێت.

***بەڵام بارك ئۆباما لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی کشاندنەوەی هێزەکانی بە گەلی ئەمەریکادا، ئایا پێشبینی دەکەیت ڕاستەوخۆ دوای دەست بەکاربونی هەڵبستێت بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی؟**

- ئۆباما ئەوەی خستۆتەڕوو کە هەڵدەستێت بە ڕاوێژکردن لەگەڵ شارەزا سیاسی و سەربازییەکاندا لەم ڕووەوە لە سەر کات و ڕێ و شوێنەکانی کشاندنەوەی ئەو هێزانە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کشانەوەیەکی خێرا و پێشوەختە مایەی کارەساتە بۆ عێراق و بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەبەر ئەوە من ناتوانم مەزەندەی ئەوە بکەم کە دەقا و دەق لە چ کاتێکدا ئەو هێزانە پاشەکشەدەکەن، چونکە واقیعەکە لەوە ئاڵۆزترە کە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەی بۆ دەکرا.

***مەزندە دەکرێت ئیدارەی ئۆباما بایەخ بەسەرخستنی فیدرالیزم لە عێراقدا، ئایا پێت وایە ئەم پێشبینیە ڕاستە ؟**

- من نازانم هەوڵیستی دیاری کراوی ئۆباما چیە دەربارەی فیدراڵیزم لە عێراقدا، بەڵام گفتوگۆ ناوخۆییەکانی عێراق کاریگەریان بەسەر هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دەبێت، ئەوەی ئاشکرایە دەبێت مامەڵە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا بکەین کاتێك هەوڵی کەمکردنەوەی ئاستی هێزەکانمان دەدەین لەو وڵاتەدا، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت هەوڵی سەقامگیرکردنی عێراق بدەین لە ڕێی چەسپاندنی سیستەمێکی نامەرکەزیەوە بە تایبەتی لە باکووردا.

هەروەها هەندێ لە دیموکراتەکان لە نێویاندا بایدن باسی دابەشکردنی عێراقیان کردووە لە ڕابردوودا، بەڵام نابێت پێشبینی ئەوە بکەین زۆرێك لە بانگەشەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەبنە سیاسەتێکی جێبەجێکراو. کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە پێش بایەخدان بە بونیادی دەستوری عێراقەوەدێت و دەبێت ئەم مەسەلەیە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان جێبهێڵین بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەن.

***باراك ئۆباما پێی وایە پرۆسەکە لە ئەفغانستاندا شکستی هێناوە بۆیە هەوڵی زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکا دەدات لەو وڵاتەدا، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هۆکاری کشاندنەوەی هێزەکان لە عێراقدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەست هاتووە، پرسیارەکە ئەوەیە لە چ خاڵێکدا ئۆباما پێی سەرکەوتن بەدی هاتووە لە عێراقدا؟**

- ئۆباما بەرهەڵستی ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکانی کرد، بەڵام دوای ئەوەی وەك سەرۆك دەست بە کار دەبێت دەبێت هەڵسەنگاندنێك بۆ بارودۆخەکە بکات و ڕاوێژ لەگەڵ فەرماندە سەربازیە ئەمەریکی و عێراقیەکاندا بکات، لەبەر ئەوەی لەمەودوا زانیاری و ڕاپۆرتی هەواڵگری بۆ دێت لەسەر هەقیقەتی بارودۆخەکە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئۆباما کەسێکی ژیرە، ئەوا پێش ئەوەی هەر بڕیارێك بدات کە قابیلی هەڵوەشاندنەوە نەبێت هەڵسەنگاندنێکی تەواو دەکات.

***ئایا پێشبینی دەکەیت ئیمزا کردنی ڕێککەوتنامە ئەمنیەکە لە نێوان عێراق و ئەمەریکادا بۆ ئیدارەی ئۆباما دوا دەخرێت؟**

- کێشەکە ئەوەیە کە مۆڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆتای ئەم ساڵدا تەواو دەبێت و ئۆباماش تاوەکو ٢٠ی مانگی کانونی دووەمی ساڵی داهاتوو دەست بە کارنابێت، من پێم وایە ڕێککەوتن لەگەڵ ئیدارەی داهاتوودا ئاسانتر دەبێت وەك لەگەڵ ئیدارەکەی سەرۆك بۆشدا و حکومەتی عێراقیش ئەو حسابەی کردووە کە دەتوانن ڕێککەوتنێکی باشتر لەگەڵ ئۆبامادا بهێننەدی نەك جۆرج بۆش.

*** دوا وتەت بۆ گۆڤارەکەمان؟**

من دەمەوێت ئەوەتان بە بیربهێنمەوە کە نابێت لە ئاڵوگۆڕی ئیدارەی ئەمەریکا پێشبینی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی بکەن لە شەو و ڕۆژێکدا، ڕاستە ئۆباما بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بە ڕەوتێکی خێرا هێزەکان دەکشێنێتەوە لە عێراقدا، بەڵام من دڵنیام بە وردی لەم مەسەلەیە دەکۆڵێتەوە پێش ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات. ئەمە دەبێتە تاقیکردنەوەیەك بۆ ئۆباما، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.



ئۆباما لەگەڵ بریندارێکی شەڕی عێراقدا

**گفتوگۆ ناوخۆییەکانی عێراق کاریگەریان بەسەر هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دەبێت**

**لەبەر ئەوەی ئۆباما کەسێکی ژیرە، ئەوا پێش ئەوەی هەر بڕیارێک بدات کە قابیلی هەڵوەشاندنەوە نەبێت هەڵسەنگاندنێکی تەواو دەکات**

## بەدواداچوونی گوڵان لەسەر تەنگژەی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا

# وەزارەتی خوێندنی باڵا پلانی نەبووە




ئایا هیچ پلاندانانێک بەبێ ئامار دەکرێ؟! پێناچێت وەزارەت هیچ ئامارێکیان لەبەر دەستدا بووبێت بۆ وەرگرتنی قوتابیان

●●●
ئەگەر(٥٠٠٠) پێنج هەزار قوتابی روو لە کۆلیژە ئەهلییەکان بکەن، کە کەمترین نرخی ساڵانە (٣٠٠٠) دۆلار بێت ئەوا کۆی گشتی دەگاتە (١٥٠٠٠٠٠٠) پانزە ملیۆن دۆلار، هەر ئەمەشە گومان و پرسیار دەهێنێتە ئاراوە
●●●

●●●
دەکرا هەموو قوتابییەکان وەرگیرابان، بەتایبەتی کۆلیژەکانی ئەندازیاری و زانست و یاسا.
بۆ دەبێت نزمترین کۆنمرەی وەگرتن لە پزیشکی ئەنبار ٩٢٪ نمرە بێت، کەچی کۆلیژی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان ٦٨٥ نمرە واتە (٩٨٪) بێت
●●●

●●●
وادیارە وەزارەتی خوێندنی باڵا پلانی نەبووە؟ ئەگەر هەشیبێت، ئەوا دیارە بەدەستی ئەنقەست قوتابیەکان وەرنەگیراون تا هانی کۆلیژە ئەهلییەکان بدرێت!!
●●●

**لە کاتێکدا دە هەزار قوتابی لە چاوەڕوانی وەرگرتندان، کەچی بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردووە**

**با ئەندامانی پەرلەمان و هەموو پەیوەندیدارێک لە حکومەت و دەسەڵات و پارتەکان و میللەتیش بزانن ئەگەر وەزارەت خشتە (فئە)ی نمرەکان و کورسییەکانی خوێندن لەبەر دەستی ئێوەی بەڕێز دابنابوایە دەتانزانی کە تەنیا یەک (نمرە) چەند قوتابی لەگەڵ خۆی رادەکێشێت، ئینجا دەتانزانی قوتابییە زیرەکەکانی هەرێم لە چاو حکومەتی فیدراڵ چەند غەدریان لێکراوە**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا ئامارێکی ورد و تۆکمەی لەلا نەبووە، کە بوون و نەبوونی شوێن و پسپۆڕ بە هاوکێشە و ژمارە دیاری بکات، ئەگەر ئەم داتا و ئامارانە لەبەردەست بوونایە، ئەوا بەهاوکێشەیەکی زۆر سادە و ئاسان دەکرا بە تۆکمەیی توانستی وەرگرتنی قوتابیان دیاری بکرێت، ئەوکات وەزارەتیش دەیزانی چەند پسپۆڕ یان چەند بینایەی هۆڵی پێویستە**

دوای ئــەوەی لە ژمارەی ڕابردووی گوڵاندا بەدواداچوونێکی تێروتەسەلمان لەسەر کێشــەی وەرنەگرتنی ١٠ هەزار قوتابی بڵاوکردەوە و بە دەســتهاوێژ و بەڵگەی پێویســت سەلماندمان کە وەزارەتی خوێندنی بــاڵا لەتوانایدا هەبوو ٣٦٩٠٠ قوتابی وەربگرێت، هاوزەمانیش دوای ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو ٢٠٠٨/١١/١٢ پەرلەمانی کوردســتان لە دانیشتنێکدا بانگهێشتی هەردوو وەزیری خوێندنی باڵا و وەزیری پەروەردەی کرد و لە هەمان ڕۆژیش ئێوارە تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی لە بەرنامــەی Divcun دیمانەیەکی زیندووی لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا سازکرد. بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانە لــە هەموو بۆنە و دانیشــتن و لێدوانەکانــدا کەس خۆی لە کرۆکی کێشــەکە نەداوە، بەڵکو هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان وایان لەقەڵەمداوە کە، کێشەکە تەنیا مانەوەی ئەو "١٠ هەزار" قوتابییەیە. پەیوەســت بەم مژارە، گوڵان ئــەم قەیرانە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە:

١- نەشــارەزایی بەشداربووان لە سیســتەمی وەرگیران و ئەو فاکتەرانەی کە چارەنووســی قوتابی لــەم قۆناخەدا دیاری دەکات، چونکە ئەم سیســتەمە کارامەیی و شارەزایی دەوێت، هەموو کەســێکیش ئەو بوارەی بۆ نەڕەخســاوە کە شارەزایی پەیدا بکات، نــەك هەر ئەوانەی لــە دەرەوەی زانکۆ بووینە، بەڵکو بگرە ئەوانەی کە چەندین ســاڵ کاریشــیان لە زانکۆ کردبێت شارەزا نین لە پرۆسەی چۆنیەتی دابەشکردن لە زانکۆ، هەروەك لەپرۆســەی چۆنیەتی دابەشکردنی ناوەندی قوتابیان بەسەر کۆلیژ و بەشەکانیشدا نەشارەزایی بەدی دەکرێت، چونکە دابەشــکردنی ناوەندی چەند فاکتەر و بەرنامەیەکی تۆکمەی کۆمپیوتەری دەوێت.

٢- وەزارەتــی خوێندنی باڵا ئامارێکــی ورد و تۆکمەی لەلا نەبووە، کە بوون و نەبوونی شوێن و پسپۆڕ بە هاوکێشە و ژمارە دیاری بکات، چونکە ئــەم کارە کاری بەڕێوەبەرایەتی پلان و نەخشــەدانانە ئامادەی بکات، ئەم هاوکێشەیەش پێویستی بەم ئامارانەی خوارەوە هەیە:

١- ژمارەی سەرجەم هۆڵەکانی خوێندن.
٢- ژمارەی تاقیگەکان.
٣- فراوانــی هۆڵ و تاقیگەکان کە هەر یەکە چەند قوتابی لە خۆدەگرێت.
٤- ژمارەی ئەو کاتژمێرانەی کە دەتواندرێت دەوام لەم هۆڵانە بکرێت.
٥- ژمارەی هۆبەکانی قۆناخەکان جگە لە قۆناخی یەکەم.
٦- ژمارەی سەرجەم قوتابیان جگە لەو قوتابیانەی وەگیراون.
٧- کۆی ژمارەی وانە تیۆریەکان.
٨- کۆی ژمارەی وانە پراکتیکییەکان.
٩- ژمارەی مامۆســتایان، کە ئەم ئامــارەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:
أ- ژمارەی پرۆفیسۆرەکان لەگەڵ نیسابیان.
ب- ژمارەی پرۆفیسۆرە یاریدەدەرەکان.
ج- ژمارەی پلە (مامۆستا).
د- ژمارەی (مامۆستای یاریدەدەر).
ه- ژمارەی یاریدەری توێژەر.
و- ژمارەی (مدرس) لە پەیمانگاکان.
١٠- توانستی هۆڵەکان بۆ گوتنەوەی وانە تیورییەکان.
١١- توانستی تاقیەگەکان بۆ کاتژمێری کار.
١٢- ژمارەی وانەکانــی هەموو هۆبەکانی هەموو قۆناخەکان جگە لە قۆناخی یەکەم.
١٣ - کــۆی ئەو وانانــەی هەموو مامۆســتایان دەیڵێنەوە و توانستی گوتنەوەی وانە.
١٤- کۆی وانەکانی قۆناخی یەکەم.
١٥-کــۆی محازەراتی ئیزافییــە بودجــەی تەرخانکراو بۆ محازەرات.

بێگومان ئەگەر ئەم داتا و ئامارانە لەبەردەســت بوونایە، ئەوا بەهاوکێشەیەکی زۆر سادە و ئاسان دەکرا بە تۆکمەیی توانستی وەرگرتنی قوتابیان دیاری بکرێت، ئەوکات وەزارەتیش دەیزانی چەند پسپۆڕ یان چەند بینایەی هۆڵی پێویستە، بەڵام بەداخەوە وەزیری خوێندنی باڵا تائێستا ئاماژەی بە هیچ یەکێك لەمانە نــەداوە و لەزۆربەی دیدار و ئاخاوتنەکانیدا لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بیانووی ئەوەی دەهێنێتەوە کە، وەزارەتەکەی نەیتوانیوە ئەو قوتابیانە لەبەر کەمی پســپۆڕ و نەبوونی شوێن وەربگرێت، یان بەپێی پلانی زانکۆ و پەیمانگاکان کاری کردووە.

ئامــاژە نەکردنی وەزیری خوێندنی بــاڵا بەو ئامارانە گومان پەیدا دەکات و پرســیار دەهێنێتە ئاراوە، کــە وادیارە وەزارەتی خوێندنــی باڵا پلانــی نەبووە؟ ئەگەر هەشــیبێت، ئەوا دیارە بەدەســتی ئەنقەســت قوتابیەکان وەرنەگیراون تا هانی کۆلیژە ئەهلییەکان بدرێت!!

ئەگەر نا دەکــرا هەموو قوتابییــەکان وەرگیرابان، بەتایبەتی کۆلیژەکانــی ئەندازیاری و زانســتی و یاســا، ئەوکات گەر قوتابی هەبووایە بەم شــوێنانە رازی بووبــان، ڕوویان دەکردە کۆلیژی پزیشــکی و ئەندازیاری زانکۆ ئەهلییەکان و فشــار لەسەر کۆلیژی ئەندازیاری و زانست کەم دەبۆوە. بەڵام وادیارە لە ڕێگەی وەرنەگرتنی ئەم قوتابیانە مەبەست ئەوەبووە قوتابییە نمرە بەرزەکان کە ئەوانەی لە شــوێنی مەبەســت وەرنەگیراون بەناچــاری ڕوو لە کۆلیژە ئەهلییەکان بکەن، بێگومان ئەمەش لە ڕووی بازرگانییــەوە داهاتێکی زۆر بۆ ئەم کۆلیژانە پەیدا دەکات، هــەر بۆنموونە ئەگەر(٥٠٠٠) پێنــج هەزار قوتابی ڕوو لە کۆلیژە ئەهلییەکان بکەن، کە کەمترین نرخی ســاڵانە (٣٠٠٠) دۆلار بێت ئەوا کۆی گشتی دەگاتە (١٥٠٠٠٠٠٠) پانــزە ملیۆن دۆلار، هەر ئەمەشــە گومان پەیدا دەکات و دوو پرســیار دەهێنە ئاراوە، ئەمیش: یــان دەبێت ئەم کۆلیژانە هی (مەسئولین) بێت، یان (Commission) وەگیرابێت، دەنا بۆ دەبێت نزمترین کۆنمرەی وەگرتن لە پزیشــکی ئەنبار ٩٢٪ نمرە بێت، کەچی کۆلیژی پزیشــکی لە هەرێمی کوردســتان ٦٨٥ نمرە واتە (٩٨٪) بێت، نزمترین کۆنمرەی کۆلیژی زانست

نمره بێت، کە زنجیرەیەکەی (١٣)هەمینە لە لیستی کەمترین کۆنمرەی پێشبڕکێی کۆلێژ و پەیمانگاکان.

لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە، وەزیری خوێندنی باڵا بیانووی وەرنەگرتنی قوتابیان و راوەستانی نزمترین کۆنمرەی وەرگرتنی لەم رێژە بەرزە بۆ نەبوونی مامۆستا و پسپۆر دەباتەوە، بەڵام ئەگەر وەزیری خوێندنی باڵا ئامارێکی توکمەی لابا و نەخشە و پلانی لەسەر ئەم ئامارە بکردبایە و ئامارەکەشی ئاشکرا بکردبا، قەت خۆی لە قەرەی ئەوە نەدەدا کە مامۆستا و پسپۆری نییە.

راستە ئاماری بوونی "مامۆستا" و "هۆڵ" و "هۆبە" لە بەردەستانییە، بەڵام رێبەرەکانی دەرچوون لای خەڵک هەیە، هەر بۆنموونە با رێبەری دەرچوانی خولی (٢٧)ی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێری ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ بکەینە بنەما، بزانین نەبوونی مامۆستا و پسپۆر بیانوویەکی بێ بنەما نییە، هەر بۆنموونە بەپێی ئەو رێبەرە ژمارەی مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەددین (١٣٦٤) مامۆستایە و لەوانە (٣٣) پرۆ فیسۆرە، کە کۆی نیسابیان دەگاتە ٢٦٤وانە لە هەفتەیەکدا. ژمارەی پرۆ فیسۆری یاریدەدەر پێکدێت لە (١٧٧)، کە کۆی نیسابیان (١٧٧٠)وانەیە لەهەفتەیەکدا. ژمارەی مامۆستایان(٣٦٢) مامۆستایە، کە کۆی نیسابیان دەکاتە(٤٣٤٤) وانە و لە هەفتەیەکدا ژمارەی مامۆستایانی یاریدەدەر (٧٨٤)مامۆستای یاریدەدەرە، کە کۆی نیسابیان (١٠٩٧٦) وانەیە لە هەفتەیەک کە کۆی گشتی نیساب دەکاتە (١٧٣٥٤)لە هەفتەیەکدا، گەر ئەم ژمارەیە دابەش بکەن بەسەر هەر هۆبەیەکی خوێندن کە ژمارەی وانەکانیان لە (٢٠)وانە لە هەفتەیەکدا تێپەڕناکات دەکاتە(٨٦٨)هۆبەی خوێندن، وا دابنێین هەر هۆبەیەکیش(٥٠) قوتابی تێدایە ژمارەی قوتابیان ئێستاکە دەبێت ٤٣٤٠٠ قوتابی بێت لە بەیانیان و ئەو کۆلێژانەی ئێوارانیان هەیە: کۆلێژی یاسا و ئابووری و ئەدەبیات و زمان، کە کۆی مامۆستایانی هەر چوار کۆلێژەکە (٣٣٦) مامۆستا و کۆی نیسابیشیان دەگاتە(٤٦٩٣)وانە لە هەفتەیەکدا، کە بە (محازەرات) دەگوترێتەوە. گەر ئەم ژمارەش دابەشی (٢٠) وانە بکەین ئەوا ژمارەی هۆبەکان دەکاتە (٢٣٥)هۆبە.

بێگومان هیچ هۆبەیەکی ئێواران لە (٦٠-٧٠) قوتابی کەمتر نییە کە دەبێت کۆلێژەکانی ئێواران لە نێوان (١٤١٠٠-١٦٤٥٠) قوتابی بێت.

خۆ دەبێت وەزیری خوێندنی باڵا ژمارەی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین بزانێت، چونکە بەرێزیان بە میلاک خۆی مامۆستای ئەو زانکۆیەیە، پرسیار ئەوەیە کە دوای وەرگرتن، ئایا راستە ژمارەی قوتابیانی بەیانیانی زانکۆی سەلاحەددین (٤٣٤٠٠) قوتابی بێت و ئێوارانیش (١٤١٠٠) قوتابی بێت کە کۆی گشتی دەکاتە(٥٧٥٠٠) پەنجا و حەوت هەزار و پێنج سەد قوتابی، لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا هیچ محازەرات و کاتژمێری ئیزافی لە وەزارەتەکەی سەرف ناکرێت، گەر محازەراتی خوێندنی باڵا و باسی دەرچوون لێ بەلاوە بنێین خۆ بوار هەیە هەر مامۆستایەک نیوەی نیسابی خۆی ( محازەرات) بڵێتەوە و لەمەش دڵنیاین کە لە نیوەی نیسابی زیاتر سەرف دەکرێت. با وا دابنێین مامۆستایان بە نیساب و محازەرات دەگاتە نیساب و نیو، ئەگەر حیسابی بکەین وانەکان دەکاتە (٢٦٠٣١) وانە، گەر ئەوەندە بێت کەواتە دەبێت ( ١٣٠٢) هۆبەی خوێندنی هەبێت و هەر هۆبەیەکیش(٥٠) قوتابی بێت ئەوا کۆی قوتابییانی زانکۆی سەلاحەددین بە تەنها لە بەیانیان، نەک ئێواران بگاتە(٦٣١٢٠) قوتابی، بێگومان ئەو ژمارانە زانکۆی پزیشکی هەولێر و پەیمانگاکان ناگرێتەوە، چونکە رێبەری زانکۆی پزیشکی و پەیمانگاکان لە بەردەست نییە. بۆ زیاتر دڵنیابوون سەیری رێبەری دەرچووان و ئەو ئامارەی ئامادەکراوە بکەن تا راستییەکان دەرکەوێت، کە بیانوی کەمی پسپۆر و مامۆستا بیانوویەکی بێ بنەمایە.

یان واز لەمانە بهێنن، بەڵام ئەمەی جێگای سەرنج و پرسیارە، هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە مەبەستیان نەبووە چارەسەری کێشەی هەموو دەرچووانی ئەمساڵ بکەن، نەک هەر ئەوەندە کە وەرنەگیراون، چونکە کێشەکە هەر ئەمە نییە کە ٩٩٩٣ قوتابی وەرنەگیراون بەڵکو کێشەکە ئەوەیە دوای ئەو هەموو شەونخوونیە قوتابییەکان بۆ بەدەستهێنانی نمرەی بەرز و لەو شوێنەی مەبەستیانە وەربگیرێن، وەرنەگیراون یان ئەو جیاوازییەی لە نزمترین کۆنمرەی گشتی و پارێزگا کە لە نێوان هەولێر و سلێمانی لەلایەک و دهۆک لەلایەکدا هەیە و پێویستی بە چارەسەرکردن و لێپرسینەوەیە، هەر بۆیە خۆیان لە قەرەی ئەم کێشانە نەدەدا و، بەڵکو جەختیان لەسەر ئەو بینە و بەردەیە دەکردەوە کە چۆن شوێن بۆ ئەو قوتابییانە بکەنەوە کە ناویان دەرنەچووە، لەمەش جیددی نەبوون، ئەگەر جیددی بووان، کورد گوتەنی بە دوو قسە و دوو سەعات کار هەموو کێشەکان چارەسەر دەبوون، ئەمیش ئەوەیە کە لەم ٣٦٩ بەشە هەربەشەی (٢٧) قوتابی زیاد وەربگیرێت و تەواوی کاری (RUN) کردنیش کە چارەسەری کێشەی هەموو قوتابیانی دەرچووی دەکرد و کێشەی جیاوازی نزمترین کۆنمرەکانیشی چارەسەر دەکرد، لەبەرئەوەی (RUN) لە کۆمپیوتەر دوو کاتژمێر زیاتر ناخایەنێت، چونکە فۆرم و هەڵبژاردەی هەر ٣١٣٩٢ قوتابی داخڵی کۆمپیوتەر کراوە، گەر (RUN) دووبارە بکرێتەوە وا بزانم کێشەی ٩٩,٧٥٪ قوتابیان چارەسەر دەبوو، هەر قوتابییەکیش مافی خۆی وەردەگرت، ئینجا قوتابیان سەربەست دەبوون، لەوەی روو لە کۆلێژە ئەهلییەکان بکەن، نەک بەم پلانە ئیفلیج و پڕ لە خەوش و ناتەواوییەی ئێستا کە وەزارەت قوتابی هەژاریش ناچار بکات روو لە کۆلێژە ئەهلییەکان بکەن، سەرکەوتنی کۆلێژە ئەهلییەکان لە هاوکێشەکەدا مسۆگەر بێت و تەنیا خوا دەزانێت چی لە پشت ئەم پلانەدا هەیە، نەک هەر ئەمە بە پرسیارێکی دی بکەین: ئەگەر ئامانج هاندان و سەرکەوتنی کۆلێژە ئەهلییەکان نەبێت، بۆچی وەزارەت داوای لە کۆلێژە ئەهلییەکان نەدەکرد کە دەبێت ئەوان پێش وەزارەت وەرگرتنی قوتابیانی کۆلێژەکانی خۆیان رابگەیەنن و تا لە

**وەزیری خوێندنی باڵا بیانووی وەرنەگرتنی قوتابیان و راوەستانی نزمترین کۆنمرەی وەرگرتنی لەم رێژە بەرزە بۆ نەبوونی مامۆستا و پسپۆر دەباتەوە، بەڵام ئەگەر بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ئامارێکی توکمەی لابا و نەخشە و پلانی لەسەر ئەم ئامارە بکردبایە و ئامارەکەشی ئاشکرا بکردبا، قەت خۆی لە قەرەی ئەوە نەدەدا کە مامۆستا و پسپۆری نییە**

**دوای ئەو هەموو شەونخوونیە قوتابییەکان بۆ بەدەستهێنانی نمرەی بەرز و لەو شوێنەی مەبەستیانە وەربگیرێن، وەرنەگیراون، بۆیە ئەو جیاوازییەی لە نزمترین کۆنمرەی گشتی و پارێزگا کە لە نێوان هەولێر و سلێمانی لەلایەک و دهۆک لەلایەکدا هەیە و پێویستی بە چارەسەرکردن و لێپرسینەوەیە**

پرۆسەی وەرگرتنی ناوەندی ناوی ئەو قوتابیانە دەربهێنن، رابگەیەنن و (RUN) بکەن، گەر وابووایە ئەو کاتە نزمترین کۆنمرەی پزیشکی لە ٦٨٥ نمرە و کۆلیژی ئەندازیاریش لە ٦٤٨ نمرە و کۆلیژی زانست ٥٩٣ نمرە رانەدەوەستا، بەڵکو رێژەکە نزم نەدەبووەوە و کەسیش پێی نەدەگوتن بۆ لە کۆلیژە پزیشکییەکانی نێو حکومەتی هەرێم ٦٤٠ نمرە بێت و کەچی هی هەرێم ٦٨٥ نمرە بێت.

با ئەندامانی پەرلەمان و هەموو پەیوەندیدارێك لە حکومەت و دەسەڵات و پارتەکان و میللەتیش بزانن ئەگەر وەزارەت خشتە (فئە)ی نمرەکان و کورسییەکانی خوێندن لەبەر دەستی ئێوەی بەرێز دابنابووایە دەتانزانی کە تەنیا یەك (نمرە) چەند قوتابی لەگەڵ خۆی رادەکێشێت، ئینجا دەتانزانی قوتابییە زیرەکەکانی هەرێم لە چاو حکومەتی فیدراڵ چەند غەدریان لێکراوە.

با بە نموونە بۆ هەر نمرەیەك (٢٧) قوتابی دابنێین، ئینجا با ببێن جیاوازیەکی نزمترین کۆنمرەی پزیشکی هەولێر و نزمترین کۆ نمرەی پزیشکی ئەنبار وەرگرین، دەبینین جیاوازییەکە:

٦٨٥- ٦٤٤= ٤١ نمرەیە

٢٧X٤١ = ١١٠٧ قوتابی

واتە ١١٠٧ قوتابی لە هەر زنجیرەیەك لە چاو قوتابییانی حکومەتی فیدراڵ لە کوردستان غەدریان لێکراوە.

لە کۆتاییدا ماوە بڵێین، لە کاتێکدا دە هەزار قوتابی لە چاوەڕوانی وەرگرتندان، کەچی بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردووە.

لە کاتێکدا گوڵان ویستی پەیوەندی بە بەڕێوەبەری پلان و نەخشەدانان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بکات بۆ ئامارێك، بەڵام پێیان راگەیاندین کە جەنابی وەزیر و تەواوی ئەنجوومەنی وەزارەت لەگەڵ ئەنجوومەنی زانکۆکان و دەستەی پەیمانگاکان چوونەتە دهۆك. ئایا دەبێت چ نەخشێکیان دانابێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وەرنەگرتنی ئەو ١٠ هەزار قوتابییە؟!!

## خشتەی میلاك،هۆبە، وانەی نیساب و نیو نیساب و ژمارەی قوتابی بەیانیان لە کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەددین بەپێی ڕێبەری دەرچووانی خولی (٢٧) ٢٠٠٧-٢٠٠٨

| ژ | کۆلیژ | پرۆفیسۆر | ژمارەی پ.ی | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی مامۆستای یاریدەدەر | کۆ | ژمارەی دانە بەپێی نیساب | ژمارە وانە بەپێی نیساب نیو | ژمارەی وانە بەپێی نیساب X٥٠قوتابی | ژمارەی وانە بەپێی نیساب و ئەو X٥٠قوتابی | ژمارەی قوتابیان بەپێی نیساب | ژمارەی قوتابیان بەپێی نیساب و نیو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زانست | ٦ | ٢٩ | ٥١ | ١٢٥ | ٢١١ | ٢٧٠٠ | ٣٩٥٠ | ١٣٥ | ١٩٣ | ٦٧٥٠ | ١٠٦٥٠ |
| ٢ | ئەندازیاری | ١ | ١٩ | ٤٥ | ٦٠ | ١٢٥ | ١٥٧٨ | ٢٣٦٧ | ٧٩ | ١١٨ | ٣٩٥٠ | ٥٩٠٠ |
| ٣ | ئەدەبیات | ٤ | ١١ | ٢٥ | ٥٠ | ٩٠ | ١١٤٢ | ١٧١٣ | ٥٧ | ٨٦ | ١١٤٠ | ١٧٢٠ |
| ٤ | زمان | ١ | ١٧ | ٢٨ | ٤٢ | ٨٨ | ١١٠٢ | ١٦٥٣ | ٥٥ | ٨٣ | ٢٧٥٠ | ٤١٥٠ |
| ٥ | کارگێری و ئابووری | _ | ٨ | ٢٣ | ٧٨ | ١٠٩ | ١٤٤٨ | ٢١٩٢ | ٧٤ | ١٠٩ | ٣٧٠٠ | ٥٤٥٠ |
| ٦ | پەروەردەی زانستەکان | ٣ | ٢٤ | ٤٠ | ٤٩ | ١١٦ | ١٤٣٠ | ٢١٤٥ | ٧١ | ١٠٧ | ٣٥٥٠ | ٥٣٥٠ |
| ٧ | پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٣ | ٩ | ٢١ | ٢٧ | ٦٠ | ٧٤٤ | ١١١٦ | ٣٧ | ٥٦ | ١٨٥٠ | ٢٨٠٠ |
| ٨ | یاساو رامیاری | ٢ | ١٠ | ٢٣ | ٤٤ | ٧٩ | ١٠١١ | ١٥١٢ | ٥١ | ٧٦ | ٢٥٥٠ | ٣٨٠٠ |
| ٩ | کوشتوکاڵ | ٢ | ٢٠ | ٢٨ | ٨٢ | ١٣٢ | ١٦٧٠ | ٢٥٥٠ | ٨٣ | ١٢٨ | ٤١٥٠ | ٦٤٠٠ |
| ١٠ | پەروەردەی وەرزشی | ٤ | ٢ | ١٨ | ٢٤ | ٤٨ | ٦٠٤ | ٩٠٦ | ٣٠ | ٤٥ | ١٥٠٠ | ٢٢٥٠ |
| ١١ | پەروەدەی بنیات | _ | ١٢ | ١١ | ٣٧ | ٦٠ | ٧٧٠ | ١١٥٥ | ٢٩ | ٥٨ | ١٤٥٠ | ٢٩٠٠ |
| ١٢ | بنەماکانی زاستە ئیسلامیەکان | _ | ٥ | ٦ | ٣٥ | ٤٦ | ٦١٢ | ٩١٨ | ٣١ | ٤٦ | ١٥٥٠ | ٢٣٠٠ |
| ١٣ | هونەرە جوانەکان | ٥ | ٢ | ١٢ | ١٦ | ٣٥ | ٤٢٨ | ٦٤٢ | ٢١ | ٣٢ | ١٠٥٠ | ١٦٠٠ |
| ١٤ | ك سۆران | ٢ | ٩ | ٣١ | ١١٥ | ١٥٧ | ٢٠٨٨ | ٣١٣٢ | ١٠٥ | ١٥٧ | ٥٢٥٠ | ٧٨٥٠ |
| ١٥ | کۆ | ٣٣ | ١٧٧ | ٣٦٢ | ٧٨٤ | ١٣٦٤ | | | | | | |
| ١٦ | کۆی نیساب | ٢٦٤ | ١٧٧٠ | ٤٣٤٤ | ١٠٩٧٦ | | ١٧٣٥٤ | ١٠١ | ٨٦٨ | =٥٠X | ٤٣٤٠٠ | |
| ١٧ | کۆی نیساب و نیو | ٣٩٦ | ٢٦٥٥ | ٦٥١٦ | ١٦٤٦٤ | | | ٢٦٠٣١ | | ١٣٠٢ | =٥٠X | ٦٥١٠٠ |
| ١٨ | کۆی گشتی | ٦٤٢ | ٤٤٢٥ | ١٠٨٦٠ | ٢٧٤٤٠ | | | | | | | |